# ئەزموونی عەشق

هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

کوردستان 2004

پێڕست:

پێشەکییەك

سەرەتا

بەشی یەکەم: قسەکردن لەسەر چل و پێنچ لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە

ترس لە باسی خۆشەویستی

چەمك یان چەمکەکانی خۆشەویستی

هەندێ سەرنجی دی لەسەر بەشەکانی دیکەی کتێبەکە

سەرچاوەکانی خۆشەویستی

لە خۆشەویستییەوە بۆ پەیوەندی

لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی

درککردنی خود

خۆشەویستی لە نێوان ئارەزوو و هەستکردندا

ڕۆژی خۆشەویستی

بەشی دووەم: خۆشەویستی لە بەیتە کوردییەکاندا

1. خۆشەویستی لە بەیتی مەم و زیندا.
2. خۆشەویستی لە بەیتی لاس و غەزالدا.
3. خۆشەویستی لە بەیتی برایمۆکدا.
4. خۆشەویستی لە بەیتی ناسر و ماڵ ماڵدا.

بەشی سێیەم: درۆی قەیرەیی و ڕەهەندەکانی

بەشی چوارەم: لە دەفتەرەکانی خۆشەویستیدا

نامەکانی هەتاو.

نامەکانی تریفە.

**پێشەکییەك**

بە بیرم دێ هێشتا منداڵ بووم و لە دانیشتنێکی ماڵی برا گەورەکەم باسی وشەی (خرپن) کرا کە ناوی کۆمەڵە شیعرێکی جەلال مەلا حەسەن بوو.، پرسیاریان لە ناوی خرپن ئەکرد.. گووتیان ئەوەی عاشق بێت مانای ناوەکە ئەزانێت.. منیش بێ ئەوەی بە دیقەت ئاگام لە باسەکە بێت و بیر لەقسەکەی براکەم (دکتۆر زیاد) بکەمەوە، گووتم ( ئەدی لۆ ئەمن نزانم..؟! ) وەك ئەوەی بڵێی منیش عاشقم..؟! بێ ئەوەی مەبەستم بێت مانای دەستەواژەکەم وایلێهات.. هەر هەموو ئەندامانی کۆڕەکە کردیانە پێکەنین و تەشقەڵە پێکردنم .. گوایە من عاشقم..؟!

بێ ئەوەی بزانم عەشق چیە و ڕەهەندەکانی چین، ئەو هەستەیان دامێ کە شەرمە من عاشق بم،بە عاشقبوونی من جێگەی گاڵتە و پێکەنینە، لە هەمان کاتیشدا تێگەیشتم کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شیعر و عەشقدا هەیە.

ڕۆژان چوون و ڕۆژان هاتن و منیش گەورە بووم و ئەو ڕووداوەش هەمیشە لە یادەوریمدا زیندوو بوو زۆرجاریش برای خۆشەویستم کاك زیاد تا ئێستاش بە بیرم دێنێتەوە و پێم پێئەکەنێ..؟!

لێ من گەورە بووم و هەم عاشق بووم و هەم دەستم بە نووسینی شیعر کرد و شیعریش بووە بەشێکی گەورەی ژیان و چیرۆکی خۆشەویستی و نامەکانم.

یەکەم کچ خۆشمویست و موسارەحەشم نەکرد، تا ئێستاش بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو کچە لای من گەورەیە و خۆشەویستە.

دووەمیان ئەزموونێك بوو ئەبوایە لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا بیبینم و بیکەم خۆشەویستییەکی سارد و سڕ کە هەر لەسەرەتادا زۆر کەمو کوڕی هەبوو، زۆربەی کەموکوڕییەکانیش لە منەوە بوون ، بەوەی تارادەیەك مرۆڤێکی تۆزێك بیر تەسك و نەکراوە بووم و خۆم زۆر پێ شەریف بوو و پێشم وابوو خۆشەویستی ئەبێت ( عوزری ) یان پاکیزەیی بێت.

سێیەمیان ئەزمونێك بوو هەژاندمی لەو ئەزموونەدا توانیم لەگەل هەندرێنی برادەر و عاشقدا لەگەل زیادە فەندی و سامان و ڕاوێژ و ئازای برادەردا و لەگەل ڕووداوەکانی ئەم عەشقە لە ئاشکرابوون و تورەبوونی ئەو کەسانەی تا ئێستاش خۆشمئەوێن و ڕێزیان ئەگرم ،لە جیابوونەوە و یەکدی نەدیتنەوە، لە کۆتایی هاتن و .... لەگەل هەموو خۆشی و نەخۆشییەکانی ئەو چیرۆکە، بە چەمکی عەشق و خۆشەویستیدا شۆڕببمەوە و خۆشەویستی ببێتە هەوێنی دانیشتنی دەیەها شەو و ڕۆژ و نووسینی چەندین بابەتیش.

لێ ئەزموونی چوارەمم ئەوەیان زۆر تایبەت و بەرفرەه و قووڵ بوو، پێم وایە ئەوەیان عەشقێکە بەردەوام، دوای دوو ساڵ لە نووسینی سەدان نامە بۆ یەکدی و دواییش ماڵ ٚ و مناڵ دروستکردن و پێنچ ساڵ تەمەن پێکەوەبوون و تا ئێستاش بەردەوام لەو عەشقە .. کە ڕەنگە لەناو ئەو کتێبەدا هەندێکی باسکرابێت، ئەو قسانەی لەو کتێبەدا تۆمارم کردوون زادەی ئەزموونەکانی خۆم و برادەرەکانمن کە هەمیشە لە عەشق و بێ عەشقیدا بە مەسەلەی عەشق خەریك بووینە، وەك لە چیرۆکەکەی منداڵیشم را دیارە کە دکتۆر زیاد عەشق و مەعریفەی پێکەوە بەستەوە بەوەی ئەوەی عاشق

بێت ئەتوانیت بزانێت خرپن مانای چیە؟! ئیدی منیش تێگەیشتم خرپن چیە و دواین شتیش لەسەر عەشق پێمزانبێت ئەو نووسینانەیە لە ناو ئەو کتێبەدا جێیان بۆتەوە وتەعبیر لەو مەعریفەیەی من ئەکەن کە لە ئەزموونەکاندا بەرهەمهاتووە. بەو هیوایەی ئەو کتێبەش ڕێزێك بێت بۆ بەرزترین و جوانترین هەستی مرۆڤەکان، نووسینێك بێت تۆزێك حورمەت و کەرامەت بە عەشق و عاشقان بداتەوە، دواییش کتێبێك بێت چێژ بداتە خوێنەرانی، بەو مەبەستە ئەو کتێبە نووسرا.

هۆشەنگ

## سەرەتا

لە رۆژی 2004/11/5 تریفە خان کە ئەکاتە خۆشەویست و هاوسەرم کتابێکی بە دیاری پێشکەش کردم، پێش ئەوەی کتابەکەم بداتێ گووتی ئەمرۆ دیارییەکم بۆ هێناوی ، بزانم، ئەزانی چیە..؟ من هەستم کرد ئەو کتابە بێت ، کە ئەوبوو ( لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی )ی مام رێبوار سیوەیلی.

دیارە پێش ئەو کتابە مام رێبوار سیوەیلی خۆی وەك چیرۆکێکی خۆشی من زۆر جار لەگەل تریفە و برادەرانی دیکەدا باسکراوە و قسەی لەبارەوە کراوە.. بە تایبەتیش بەر لە ماوەیەکی کەم ، مەبەستم ماوەی نووسینی ئەم نووسینەیە، کە نەتەوە و حەکایەتی ئەوم ئەخوێندەوە و دواییش نامەیەکم بۆ نووسی و ئەویش کتێبی هاوکاتی و هاوشوناسی بە دیاری بۆ ناردم.

هەر چۆنێك بێت ، دیارییەکەی تریفە خانم وەرگرت و یەکسەر کەوتمە خوێندنەوەی ، بۆچی یەکسەر رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە یەکەم ،کتابەکە هی مام رێبوار بوو و دووەمیش، لەسەر خۆشەویستی بوو و سێیەمیش، دیاری تریفەی خۆشەویست بوو، لەبەر ئەم هۆیانە دەستم بە خوێندنەوەی کرد ، لێ نەمزانی لەگەل خوێندنەوەیدا ئاوەها زوو وام لێئەکات یەکسەریش دەست بە تۆمارکردن و نووسینی سەرنجەکانم بکەم.. خۆی هەموو نووسینێکم لەسەر هەر کتاب و بابەتێك دوای خوێندنەوەی تەواوی بابەتەکە هاتووە .. وەلێ ئەمجارەیان یەکسەر دوای خوێندنەوەی چل و پێنج لاپەڕە لە کتابەکەی کەوتمە نووسینی سەرنجەکانم و لەژێر ناوی قسەکردن لەسەر چل و پێنج لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە دەستم پێکرد.. دوای ئەوەش لەگەل خوێندنەوەی بەشەکانی دیکە سەرنجەکانی دیکەم تۆمار کردن..

دواییش تێگەیشتم کە باسکردن لە چیرۆکەکانی مەم و زین و شیرن و فەرهاد پێویستییان بەوە هەیە زیاتر لەسەریان راوەستم و بەلگەکانی خۆم لە بارەی هەر قسە کردنێکم لەسەر ئەوانە پێشکەش بکەم .. دواییش باسەکە منی گەیاندە سەر مەسەلەی بەناو ( قەیرەیی ) و پێویستی کرد لەسەری راوەستم و چەند سەرنجێك تۆمار بکەم، دوا بەشیش لەم کتێبە چەند لاپەڕەیەکی ئەو نووسینانەن کە لە لایەن بەندەوە بۆ دووکەس نووسراون .. هیوادارم تەنیا و تەنیا وەك ئەزموونی من بخوێندرێننەوە و هەولێ نەدرێت کەس بە ئەزموونی خۆی بچوێنێت یان هەولێ بدا کۆپی ئەو نامانە بکات بۆ کەسانی دی چونکە لە باری زۆر تایبەت و بۆ کەسی تایبەت نووسراون ، تکایە خۆشەویستان بزانن خۆشەویستی ئەزموونی تایبەتی دووکەسە لە بارودۆخی تایبەتی خۆیاندا ، نامە و شیعر و نووسینەکانی ئەو دووکەسە تایبەتە کەلەو بارە تایبەتەی ئەواندا لە دایك ئەبن ، تایبەتە بەو ئەزموونەی ئەوان و پێویستە وا بخوێندرێنەوە،

بەو ئومێدەی توانیبێتم شتێکی نوێم پێشکەش کردبێت خۆشحالێ ئەبم کە ئەمخوێنییەوە .. ئەی گەورە خۆت .. خوێنەر،

## بەشی یەکەم

## 1

## قسەکردن لەسەر چل و پێنچ لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە

ئێستا لای من کات یازدە و سی و پێنج دەقەی شەوی چوار لەسەر پێنجی مانگی یازدەی دووهەزار و چوارە، پێش نزیکەی چل و پێنچ دەقە چوار وتاری کورتم بۆ تریفە خان ئەخوێندنەوە، کە هەر چوار بابەتەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان باسیان لە گۆڕینەوەی هەستەکان و سۆزدارییەکانی نێوان مرۆڤەکان ئەکرد بە تایبەتیش هاوسەران،

کارەبا نیە و لەبەر شۆقی لالەیەکی کز و بۆنی نەوتدا ،کتێبەکەی مام ڕێبوارم دەستپێکرد، هەستم کرد ئەبێت لە سەرەتاوە قەڵەمم پێبێت و هەندێ کاغەزی سپیم لەبەر دەست بن بۆ ئەوەی قسەکانی مام ڕێبوار بە هەند وەربگرم و هەوڵیش بدەم لەگەڵیدا بکەومە گفتوگۆ و قسە گۆڕینەوە، چونکە ئەمەش بۆ من .. یەعنی نووسینەکانی مام ڕێبوار هەمیشە خەسڵەتییانە قسە بڵێن و قسەش دروست بکەن، واتە خوێندنەوەی مام ڕێبوار وەك گوێگرتن نیە لە موحازەرەی مامۆستایەك تا کو فێرە شتت بکات، یان قسەکانی هی کەسێك نین ناچارت بکات تەنیا گوێی لێبگری، یان با بڵێم پەیوەندی من وەك خوێنەر بە مام ڕێبوار وەك نووسەر پەیوەندییەکە وەك خۆشەویستی، دوو کەس هەردووکیان نێرەر و وەرگرن، یان عاشق و مەعشوقن لەگەڵ یەکدا کە وزەی ئەوە ئەدەنە یەکدی هەردووك قسە بۆ یەك بکەن و قسەش لەگەڵ یەکدی بێننەدەر و شت بدۆزنەوە بۆ وتن، ئیدی من باوەڕێکم هەیە ، قسەکردن زۆر جار تەنیا لە زانین و ناسینی شتەکان و چەمکەکانەوە نایەت کە بەهۆی خوێندنەوە و سەرچاوەکانەوە بەدەست بێت، زۆر جار رەنگە ئەمە لای کەسانێکی زۆر کەمیش بێت، لێ زۆر جار قسە لەوێوە دێت کە تۆ ( هەست ) ئەکەیت لەبەرامبەر چەمکێکدا وەستاوی ئەتوانی قسەی لە بارەوە بکەیت ، مەرج نیە قسەکانت پێناسەی چەمکەکە بکەن، یان بە تەواوی بیدرەوشێننەوە یان ئاشکرای بکەن ، نەخێر زیاتر قسەکان تەعبیرن لەو هەست و لەو تێگەیشتنەی خۆت کە تۆ وەك تاکە کەسێك خۆت ئەزموونت کردوە و قسەکانیش دێن هەستی ئەو ئەزموونە ، یان عەقڵی ئەو ئەزموونە ،یان خەیاڵی ئەو ئەزموونە ئەکات، یان ئەتوانم بڵێم قسەکان دێن باسی سۆزەکانی تاکەکە ئەکات لە ئەزموونەکەدا، یان بیرکردنەوەی تاکەکە لە ئەزموونەکەدا، یان جەستەی تاکەکە لە ئەزموونەکەدا یان هەر سێ بەشی تاکەکە لە ئەزموونەکەدا،

هەر چۆنێك بێت ، پەیوەندی من و مام ڕێبوار، گۆڕینەوەی قسەیە، گۆڕینەوەی هەست و سۆز و خەیاڵ و بیر و جەستەشە، پەڕینەوەیەکیشە بۆ گەیشتن بە یەکدی و شکاندنی دووری فیزیکی نێوانمانە و دانیشتنە لەسەر یەك مێز و دووکورسی بەرامبەر یەك، ئەو لەبەر دەستەکانی مندایە و منیش لە ناو بیر و وشە و رۆحی ئەودا،

لێرەشدا رەنگە موناقەشەکە دەست پێبکات و کە دوای خوێندنەوەی چل و پێنچ لاپەڕە لەو کتابە جوانەی ، ئەبوایە قەڵەم بگرم و زمانم هەڵبێنم،

## ترس لە باسی خۆشەویستی

ڕەنگـە مـام ڕێبـوار بـە درێـژایی ئـەو چـل و پێـنچ لاپەڕەیـە زیـاتر خـەمی ئەوەیـەتی کـە بـاس لـە نووسینەکەی خۆی بکات و پێناسەیەکی بۆ خوێنەران بداتێ، تاکو خوێنەر بە جیاوازی جۆرەکانییەوە و بـە جیـاوازی خواسـتەکانییان.. بـەجیاواز کتێبەکـە بخوێننـەوە و مـەرجیش نیـە هـەموو خوێنـەرەکان کتێبەکە لە بەشی یەکەمەوە بخوێننەوە ، بەڵکو ئەکرێت لە دوابەشدا دەست پێبکەن،

لێرەدا ئەو پرسیارە دروست ئەبێت،ئەم خەمە یان ئەو ترسە بۆچ..؟!

لەبەر خودی کتێبەکەیە کە خۆشەویستی بابەتییەتی..؟ یان لەبەر شێوەی خوێندنەوەی ئەم چەمکە کە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی خۆشەویستییە..؟

ئایا جیاوازی لە نێوان خوێندنەوەکان بۆ خۆشەویستی ئەم ترسە دروست ئەکەن..؟ یان هـەر هـەموو خوێندنەوەکانی خۆشەویستی هەڵگری ئەم ترسەن؟

ئـەم ترسـە ، ترسـی چـەمکێکە کـە تـا ئێـستا هەمیـشە بـە ریـسواترین و نـابووتترین و زەلـیلترین و خەمگینترین چەمك پێشبەر کراوە و تەنانەت لە زۆر نووسین و شعر و دەقی نووسراو و ئەدەبیـدا _ کـە مام ڕێبـوار خـۆی لێ بـە دوور گرتـوون و باسیان ناکات _ بۆتـە کۆمیـدیا و .. تراژیـدیترین هـزر و ڕەفتـار بەرامبەر بەم چەمکەدا بەرهەمهاتووە..

دیـارە سەرچاوەی ترسەکە تـەنیا پەیوەنـدی بـە گیـانی مەسئولدارانەی مـام ڕێبـوار نیـە بەرامبـەر بـە نووسـین و سۆزداریـشی نیـە لەگـەل منـی خوێنـەردا، بـەڵکو خۆشەویـستی وەك چـەمکێك ڕەنگـە بـە هـەر شـێوەیەك لـە شـێوەکان بخوێندرێتـەوە ، پێویـستی بـەوە هـەبێت ڕێنمـایی بدەیتـە خوێنـەر کـە چـۆن خوێندنەوەکـەت کـردووە و ئـەویش چـۆنی بخوێنێتـەوە و چـۆن ئـەکرێت لـە بارەیـەوە قـسان بکـەین و دوایـیش بـە ئـەنجامگیری و بـێ ئـەنجامگیریی کـارێکی ئـەوتۆ نەکـەین کـە لـە جیـاتی ناسـینێك ، ڕۆشنکردنەوەیەك، زیاتر سەر لەیەکدی بشێوینین و لـە مەسـەلەیەکی ئـاوا حەساسدا ، وا نەکـەین کـارێ بکـەین دوای خوێندنـەوەکان چەمکەکان تێکـەڵ بکـەین و سـەرو بنـی بابەتەکـەمان لێ ون بێـت و کۆمـەڵێ هەستی سلبی لای یەك بە جێبێڵین؟!

هەمیشە ترسێك لە خۆشەویستی و حەزلێکردن و عەشقدا هەبووە، هەمیشەش تـا ئێـستا هەیـە، کـێ ئەو ترسەی چاندووە؟ کێ ئاویداوە و تا ئێستاش ئاو ئەدرێ و هەر نما ئەکات؟

ڕەنگـە زیـاد لەسـەر چـاوەیەك ئاوڕشـێنی باخـەکانی ترسـی خۆشەویـستی و عەشـق و حـەزلێکردن ئەکەن، زیاد لە دەستێك و جەستەیەك و هزرێك لە پشت ئەو ڕسکانە بەردەوامەی ئەو ترسەن،

ئــەوە دەســتی ئەدەبیاتێکــە کــە ســاڵانێکە ئەنووســرێت و بــە خوێندنەوەیــەکی عەســکەریانە و شەڕانییانەوە خۆشەویستی و عەشقمان بۆ پێناسـە ئـەکات، ئـەوە چـاوی ڕۆشـنبیرییەکە یـان چاوەکـانی ڕۆشنبیریەکن کە خۆشەویستی پڕئەکەن لە زنجیر و قەید و ریسوایی و بێزاری و شەرمەزاری،

ئـەوە ئایەتـەکانی دینێکن کـە عەشـق تیایـدا ئەبێتـە وەهمێـك و عاشـق و مەعـشوقیش بـێ شـکل و شەمایلێکی مرۆڤدۆست و ژیاندۆست و عەشقدۆست و خۆشەویستیدۆست و هەبووندۆست،

ئەوە کۆمەڵگایەکە کە ڕۆشنبیری و کەلتورە دینییەکەی ، سرووتەکانی، بەو شێوەیە ڕێك ئەخـەن کـە بڵێیـت: خۆشەویـستی، گـەورەترین درۆیـە، قـسەی پـڕو پووچـە، گەمـەی منداڵانـە، خۆشەویـستانیش هەمیشە بۆ ئەوە باشن، ڕەنگیان زەرد بێت و بێ بەرهەم بن و بێ ژیان بن و هیچوپووچ و خاین و غەدار و تووڕەهات بن،

کۆمەڵێکە ئەگەر تۆ نامەیەکی پڕ لەقسەی جوانی خۆشەویستی و میهرەبانی عەشق و تەڕترین و نازدارترین وشەکانی حەز بۆ کچەکەی من یان خوشکەکەی من بنووسی، ئەوە ئەبێت یەکەمجار حەیای منت بردبێت و ئەگەر برادەریشم بیت ئەوە خیانەتت لێکردووم و غەدرت دەرهەق ئەنجامم داوم و ناپیاوەتیت لەگەل نواندووم، دوایش خوشکەکەم یان کچەکەم بێناموس و بێشەرمە و ئەویش خەنجەری لێوەشاندووم و شەڕەفی لەکەدار کردووم و شایانی ئەوەیە لە ناوی ببەم، دواتریش رەنگە ئەو کچەم یان ئەو خوشکەم، لە شەرمەزاری خۆیدا ،عەشقدۆستییەکەی، هەبووندۆستییەکەی بە مەرگێکی نابووتەوە ، بە ئاگربەردانێکەوە لە حەمام ، یان لە ژووری نووستنەکەیدا بگۆڕێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی لە تەماشا و دیتنە ترسناکەکانی مندا خەلاس کات ، بۆ ئەوەی منی باوك و برا ، شەڕەف و ناموسم پاك بێتەوە لەو پیسییەی خۆشەویستی وعەشقی خوشکەکەم یان کچەکەم لەگەل کوڕیك دروستی کرد،

بەلاّم خۆ ئەگەر تۆ نامەیەکی پڕ جوێنت بۆ خوشکەکەم یان کچەکەم نووسی ئەوا رەنگە هەر بە خەیاڵیشمدا نەیەت و هەست بە ئیهانە و شەرمەزاریش نەکەم.

یەعنی تۆ بۆت هەیە رقت لە خوشك و کچەکەم ببێتەوە ،با منیش بزانم کە تۆ هەوەستت پێنایێ و ناتەوێ چاوت بە چارەی بکەوێ، هیچ سۆزی ئیجابی لای تۆوە نەجولاّندووە و عەقڵیشت نەیبڕیوە و خۆشتناوێ، بەو شتانە من توڕە نابم ، لێ ئەگەر خۆشتویست و بە حەسرەتی دیتنێکی بیت تا تۆزێك دلّت ئاو بخواتەوە  ئەوە بزانە توڕەت کردووم، خۆ ئەگەر بزانم ئەتەوێ پەیوەندی لەگەل بکەیت و بیدوێنی و عیلاقەیەك دروست کەن، هەست و سۆز و عەقل بگۆڕنەوە، ئەوا کوفرێکی گەورە دەرهەق بە من ئەکەیت.

تۆ ئازاد نیت حەز لە خوشکی من یان کچی من بکەیت، ئازاد نیت داوای عیلاقە و سۆز گۆڕینەوە و دلّ گۆڕینەوەی لەگەل بکەیت، ئەویش بەهەمان شێوە نابێت حەزت لێبکات و سۆزداریت لەگەل بکات.

ئەتوانێت رقی لە تۆ ببێتەوە و لای منیش رقەکەی ئاشکرا بکات و پڕ بە دەمیشییەوە جوێنت پێ بدات و قسەی خراپت پێ بلّێت و بەهای مرۆڤانەت لە لا نەهێلّێت، ئەتوانێت تەهدیدت بکات و حەزی ئەوە پەیدا بکات لە ناو بچیت، نەمێنیت و ون بیت،

لێ ناکرێت بەقەد سەرە دەرزییەکیش دوو قسەی جوانت بۆ بنووسێت و بەدزیشەوە بۆت بنێرێت ، ناکرێت خەونت پێوە ببینێت، لە باوەشت بگرێت و قسەت لەگەلّ بکات و هەستەکانی خۆشەویستی و سۆزدارییەکی گەرم و گوڕ ئاشکرا کات.

بەکورتی ئێمە لە کۆمەلّگەیەکداین ، دەرفەتی رق لێبوونەوە و قین دەرخستنی هەیە و دەرگەکانی پەیوەندییە توند و تیژەکان و دوور لە گۆڕینەوەی هەست و بەها مرۆڤایەتییەکان لەسەر گازەری پشتن و تەنانەت رەنگە ئافەرینی ئەو خوشك و کچانەشم بکرێت کە (پیاوانە) ( بە تفێك یان قسەی رەق ) وەلاّمی ئەو کوڕانە ئەدەنەوە کە ئەیانەوێت خۆشەویستییان لەگەل بگۆڕنەوە، بە دلّرەقی وەلاّمی ئەو وشە و شیعرە تەڕانە ئەدەنەوە کە باس لە جوانی و بەهای ئینسانانەی ئەوان ئەکەن.

ئیدی لەبەرامبەر خۆشەویستیدا کۆمەڵێك هەیە بەردەوام ئەندامەکانی ئەترسێنێ و پێیان ئەڵێت خۆشەویستی لە ناو ماڵەکەتدا مەچێنە، خۆشەویستی یەعنی حەیا چوون و ناموس بەهەدەردان، نەکەی کەس هەڵتخەڵەتێنێ و بە دوو قسان وەدووی عەشق و حەز حەزۆکانێ بکەوی؟ کچێ نەکەی، دوایی بەخت رەش و چارەڕەش ئەبی، حەیاشت ئەچێ و رەنگە بشکوژرێی.

بەو کەسانەش ئەڵێت کە دێنە ماڵی من و هەموویان برادەری منن ، نەکەی حەز لە خوشکی من بکەیت و عیلاقەی لەگەل ببەستیت ، نەکەی نامەی خۆشەویستی بۆ بنووسیت و دوایی ئەو نامانە بگرم ئەوا دەلیلی خیانەت و غەدرتان ئاشکرا ئەبێت.

بەڵێ ئەو نامەیەی کە ئەڵێت،/ *ئەی جوانترین کچی ئەم دونیایە، ئەی میهرەبانترین شۆخی ئەم وڵاتە، ئەی هەناسەی رۆحی من و سەودای سەر و خەیاڵی من ، ئەی هەتاوەکەم لەم وێرانەی دونیایەدا، تۆ وزەی ژیانێکم پێ ئەبەخشیت کە پڕیکەم لە گول و باخچە و نەمامەکانی عەشق و ئەڤین، تۆ ئەو خەونانەم لە لا ئەچێنیٚ کە دونیا بکەم بە گوڵزارێک لە رەنگی چاوەکانت،خۆزگەی ئەوە بخوازم ، ئەم جیهانە لە بخوری بۆنی پرچ و پەرچەمی تۆوە غەرق بێت و وەک باڵاشت هەموو شتەکان بۆ سەرەوەو و بەرزایی هەڵکشێن، /*

ئیدی ئەم وشانە ئەکرێت ببنە دەلیلی غەدر و بێوەفایی و خیانەتی تۆی برادەر لەمنی برادەر، ئیدی لێرەوە ئەی برادەر گیان بزانە من و تۆ چەند نامۆین بە یەکدی و بە خۆشەویستی و بە برادەرایەتی و بە دونیا و بە مرۆڤ ؟ چەند نەشارەزاین لە پەیوەندی و لە ناسینی بەهای خۆمان و خوشکانمان و سۆزەکانی یەکدی، چەند خەشیمین کە لە سەرەتاییترین پنتی ژیان و هەبوونمان ناگەین و ، چەند بیٚ شانس و بەدبەختین کە لەم نامانەی خۆشەویستیدا جوانی و بەهای خۆمان و مرۆڤانی تێدا نابینینەوە.

ئیدی مام رێبوار چۆن نەترسێت، کە ئەزانێت بە زمانێك ئەنووسێت تاکەکانی بەو زمانە قسان ئەکەن ، خاوەن کەلتورێکن خۆشەویستی بە پیسی ئەبینێت، خاوەن ئەدەبیاتێکن ، شاعیرانێکن ، نووسەرانێکن ، کە خۆشەویستیان بردۆتە ئاسمان و لەدڵ و دەماغ و جەستە و خەیاڵ و هەستەکانی مرۆڤدا رەشکردۆتەوە.

تۆ قسە بۆ کەسانێك ئەکەیت، کەلتورێك پێیان ئەڵێت، تۆ قەت عاشق نابیت ئەگەر عاشقیش بیت ، ریسوایت و مەحکومیت بە شەرمەزاری،

ئیدی تێبگە مرۆڤ، تۆ خودا نیت تاببیە عاشق و مەعشوق، ئەو زاتە نەجیبەش نیت شایانی ئەو سۆزداری و وزەی ژیانە بیت.

ئیدی قوربان چۆن ناترسێیت و چۆن ئێمەش ناترسێین کە ئەو قسانەت لەگەل ئەکەین، ئێمە مرۆڤین و خودانین، هەر قسەیەکمان بۆی هەیە، بمانکا بە قەشمەر، بمبورە لەو قسەیەم بەلاّم ئیدی بەشێکی گەورەی ئەدەبیات و عەقڵییەتی کۆمەڵگەمان شایەدی قسەکەمە!

هەر چۆنێك بێت

خوێنەر گیان ،مام رێبوار هەقییەتی کە لەوە بترسێت باسەکەی بەشێوەیەکی دیکە بخوێندرێتەوە ، دوور لەو خوێندنەوەیەی ئەو، ئەگەرچی ئەو بە هیچ شێوەیەك خوێندنەوەکەی بۆ ئەوە نەکردووە تاکو بیسەپێنیٚ و زۆریش تەئکید لەوە ئەکاتەوە و تەنانەت بۆ پاڵپشتی ئەم نەسەپاندنی خوێندنەکەی ئەوە ئاشکرا ئەکات کە هەم باسکردنی خۆشەویستی بەوەی ژیانی تاکەکاسانەیە و لە زانستی کۆمەڵناسیدا کایەیەکی تازەیە، هەم تەئکیدیش ئەکاتەوە بنەمای بابەتی خوێندنەوەکەی سۆزدارییە و مومکین نیە وەها دەستی تێوەربدرێت تا خوێندنەوەی سەپاوی لیٚ بەرهەمبهێنرێت و زیاتریش لەمە مام رێبوار پەنا ئەباتە بەر قسەیەکی ( نەنسی چودورو ) بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە خوێندنەوەکەی ئەو بۆ خۆشەویستی ، خوێندنەوەیەکە بۆ پەیوەندی دوو تاکە کەس بەیەکەوە.

## چەمك یان چەمكەكانی خۆشەویستی

دوای ئەوە مام ڕێبوار باس لە سێ ( چەمك ) ئەكات، كە ئەوانیش ( حەز لێكردن ، خۆشەویستی ، عەشق ) دواییش لە لاپەڕە 33 دا نەخشەیەك ئەخاتە پێشچاو بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی قسەكانی لەسەر ئەم سێ چەمكە و دواییش هەر بە قسەكردنەوە لە ڕوونكردنەوەی ئەم چەمكانە بەردەوام ئەبێت.

لەگەل خوێندنەوەی كتێبەكەدا تا ئێرە، ڕەنگە چەند پرسیارێك لە لای منەوە دروست بووبن، یەكەم پرسیار ئەوەیە، ئایا خۆشەویستی تەنیا یەك جۆری هەیە یان چەند جۆرێكی هەیە؟ واتە ئەكرێت خۆشەویستیش پۆلینكەین و دابەشی كەینە سەر چەند ناوونیشانێك ؟ یان خۆشەویستیش وەك مردن تەنیا یەك جۆرە ؟ مردن ، هەر مردنە جا بەهەر شێوەیەك ڕووبدات , ئایا خۆشەویستیش وایە ؟ خۆشەویستی خۆشەویستیە ؟ جا چۆن لەدایك ببێت و ڕووبدات و چۆنیش بكرێت و لە كوێ و كەییش بكرێت؟ دواییش ئەگەر بە گریمانەش بێت بڵێین ڕەنگە خۆشەویستی چەند جۆرێكە، ئایا ئەكرێت یەكسەر بڕوا بە پۆلینكردنەكە بكەین و باوەڕ بەو خشتانە بێنین كە ناوی جۆرەكانی خۆشەویستی تێدا نووسرابێت؟ بۆ نموونە بڵێیت خۆشەویستی ڕۆمانتیكی ، خۆشەویستی ئەفلاتۆنی ، خۆشەویستی پاك، یان پاكیزەیی، خۆشەویستی لەگەل سێكس، خۆشەویستی لە دووری ، خۆشەویستی لە یەكەم دیتندا،خۆشەویستی لە ئازاردا،؟ یان هەر ناوێكی دیكەش كە ڕەنگە بە خوێندنەوە و پەیداكردنی زانیاری مێژوویی و كۆمەڵایەتی بتوانین بیدۆزینەوە و وەك جۆرێكی خۆشەویستی وەسفی بكەین،؟ دوای ئەوەش ڕەنگە بێینە سەر باسی هەندێ جۆری دیكە لە خۆشەویستی وەك ،خۆشەویستی دایك و خۆشەویستی نیشتمان و خۆشەویستی خاك و ئاو و دار و باری وڵات و خۆشەویستی باوك و منداڵ و كەسانی دیكەش؟دواییش خۆشەویستی خواو بەهەشت و پێغەمبەر و فریشتەكان؟

پرسیاری دووەم ،كە ڕەنگە ئەویشیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرسیاری یەكەمەوە هەبێت ، ئەوەیە، ئایا حەزلێكردن و خۆشەویستی و عەشق ، ئەمانە سێ چەمكی جیاوازن وەك ئەوەی مام ڕێبوار دەستنیشانی كردوون ؟ یان ئەكرێت گومان لەو تێزە بكەین و بڵێین ئایا ئەمانە هەر هەموویان سێ ئاستی جیاوازی یەك چەمك نین كە ئەویش عەشقە یان خۆشەویستییە یان حەزلێكردنە؟!

لێرەدا پێویست ئەكات ئێمەش بڵێین، مانا قاموسییەكانی وشەكان ناتوانن نە قەناعەتمان پێ بكەن بەو مانا قاموسیانەی كە هەڵیانگرتووە و نەئەتوانن ڕێشمان لێبگرن لە كاركردن لەسەر ئەو مانایانەی خەڵك و جڤاك بەو ناوانەیان بەخشیون و بوونەتە خاوەن بەهای جیا لە مانا فەرهەنگییەكان، هەروەها لە هەمانكاتدا ئەكرێت لە ناو خوێندنەوەكاندا _ئەگەر ئیمكان هەبێت _ بە دووی ناوی نوێش بگەڕێین ئەگەر بزانین بەم ناوە نوێیانەوە ئەتوانین خوێندنەوەیەكی باشتر پێشكەش بكەین،

( قوربانەكانی من)، ئێستاكە من لێرەدا بە ئاسانی ئەمتوانی بڵێم : ( خۆشەویستانم ) ، لێ ڕەنگە ئاسان نەبێت بڵێم ، حەزلێكەرانم ، یان عاشقەكانم، ئیدی بەكارهێنانی ئەم ناوانە چ بەمانا فەرهەنگییەكەی و چ بەمانا كۆمەڵایەتییەكەی هەردەم ئەشێت كۆمەڵێ كێشە و ئاریشەمان بۆ بنێتەوە،

دوای ئەوەش ڕەنگە لە كاتێكدا كە من موخاتەبەی ئێوە ئەكەم ئەو مافە بە خۆم ئەدەم كە چۆن و بە چ ناوێك بانگتان بكەم بە گوێرەی ئەو هەستەی من بۆ ئێوەم هەیە، بەڵام ناكرێت تا هەستی ئێوە نەزانم

پێشبینی ئەوە بکەم کا ئێوە بە چ ناوێك بانگم ئەکەن،ئیدی ئەگەر من قوربانی ئێوەم ئەوە رەنگ نیە ئێوە قوربانی من بن، ئەگەر ئێوە خۆشەویستی منن ئەوە مەرج نیە من خۆشەویستی ئێوە بم،

لێ ئایا مەسەلەکە لێرەدا تەنیا پەیوەندی بەمەسەلەی زمان لە فەرهەنگ و زمان لە کۆمەڵدا هەیە ، یان زیاتر لەمە مەسەلەکە پەیوەندییەکی گەورەتر و قوڵتر و پتەوتری بە کرۆك و جەوهەری سۆز و هەستی ئێمەوە هەیە؟! رەنگە هەردووکیان بن ، لێ مەسەلەکانی هەست و سۆزداریش بە ئاسانی ناخوێندرێنەوە و باس ناکرێن و پێناسە ناکرێن، هەتا ئەگەر ئەو باس و خوێندنەوە و پێناسانە بۆ سەلماندن و سەپاندنیش نەبن، هەر دەستکردن بە قسە کردن لەمبارەیەوە خۆی لە خۆیدا سەرەتای کێشەیەکی گەورەیە، چونکە نە زمان هاوکاریت ئەکات و نە هەستەکانیش یارمەتیت ئەدەن تا شەرحی خۆت بکەیت، هەست ئەکەیت بۆ هەمیشە پێویستیت بە وشەی دیکە و رامانی زیاتر و تەئەممولی قوڵترە، هەمیشە هەست ئەکەیت ، شتێك هەیە پێویستی بە قسە لەسەر کردنە، بەڵام نەزانیت و بێ ئەقڵیت و نزانیت چ بڵێیت، یان هەر چ نەبێت ناتوانیت هەموو شتەکان بڵێیت یان زۆرترین شت بڵێیت ؟! ئەم چ نەگووتن و کەم گووتنەش ئاریشەیەکی دیکەی گەورەیە لەبەردەم فزولی مرۆڤدا بۆ خوێندنەوەی چەمکەکان و هەست و سۆزەکانی خۆی.

ئەمەوێت بگەڕێمەوە سەر ئەوەی ، ئەگەر خۆشەویستی وەك مردن نەبێت ، واتە تەنیا خۆشەویستی و بەس، یەك جۆری هەیە کە ئەویش خۆشەویستییە، جا رەنگە شکل و شێوەی جیاوازی هەبێت بەڵام لەجەوهەردا یەك چەمکە و یەك جەوهەر و یەك شتە، ئەوەی ئەگۆڕێت شێوەی لە دایکبوون و سەرهەڵدانییەتی لەگەل کەسایەتی دوو عاشق و مەعشوقەکە لەگەل یەکدی، بێ ئەوەی لە جۆردا جیاواز بن، تەنیا لە شێوازدا جیاوازن،باشە ئەگەر گووتمان با وەك مردن نەبێت و خۆشەویستیش زۆر جۆری هەیە، ئایا جیاوازی خۆشەویستی لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت ؟ لە جیاوازی کەسەکانەوە، واتە ئەو کەسانەی خۆشەویستی ئەکەن جیاوازن بەو مانایەی کە بە هزر و هەست و سۆز و کردار و رەفتارەوە جیاوازن ؟ هەروەها هەتا ئەکرێت بە شکل و شەمایلیشەوە جیاواز بن ؟ یان بە زمان و دین و کەلتوور و رۆشنبیرییەوە جیاواز بن؟ یان بە جۆری کارکردن و ئاستی وشیاری و خوێندن و باوەڕنامە و ئیمکانیاتی مادییەوە جودا بن؟ یان جۆرەکانی خۆشەویستی لە جیاوازی سەردەم و بارو دۆخی ئەو سەردەمانەوە سەرچاوە ئەگرێت؟ بۆ سەردەمیش ئەکرێت لە رووی پێشکەوتن و پاشکەوتن و شەڕ و ئارامی و باشی و خراپی بارە ئابووری و رۆشنبیرییەکان ،هتد...، جیاوازبن ، هەر چۆنێکیش بێت سەردەمەکان بە جیاوازی زۆرو زەبەندی خۆیانەوە هەمیشە خاوەن مرۆڤی جودا و جیاوازن ، بەو مانایەی بۆ نموونە بڵێین لەسەردەمی شەڕدا ، خۆ لەو سەردەمەشدا مرۆڤەکان هەمیشە لە یەکدییەوە جیاوازن ، هەیە شەڕ ئەکات و هەیە نایکات ، ئەوانەی کە نایکەن رەنگە هەر یەکەی هۆی جیاوازی خۆی هەبێت، ئەوانەی ئەشیکەن رەنگە هەر یەکەی بە ئامانجێکی جیا ئەیکات؟یەعنی لەسەردەمێکدا کە سەرتاپای شەڕە، وەلێ سەرتاپای مرۆڤەکانیشی خاوەن جیاوازی خۆیانن ، باشە لەو سەردەمەدا کە مرۆڤە جیاوازەکان خۆشەویستی ئەکەن، یان با بڵێم لە سەردەمە جیاوازەکاندا ،مرۆڤە جیاوازەکان خۆشەویستی ئەکەن ،ئایا کامەی بکەینە پێوەری خۆشەویستییەکان ، سەردەمەکە کە سەردەمێکی جیاوازە ؟یان جیاوازی مرۆڤەکان بکەینە پێوەری خۆشەویستی و بە جیاوازی مرۆڤەکان خۆشەویستی پۆلین بکەین؟ ئیدی خۆشەویستی بەرەیمرۆڤە شەڕکەرەکان بکەینە جۆرێك و خۆشەویستی بەرەی مرۆڤە شەڕنەکەرەکانیش بکەینە جۆرێکی دیکە؟ دوایش شەڕکەرەکان بە گوێرەی ئامانجییان لە

**شەڕەكەدا دابەشكەینە سەر چەند جۆری جیاوازتر ، و بەرەی شەڕنەكەرەكانیش بەگوێرەی جیاوازی هۆیەكانی شەڕنەكردنییان بە جیا دابەشیان كەین؟ خۆ ئەگەر بێت و جیاوازی مرۆڤەكان بكەینە پێوەر جا چ ئەوەی شەڕ بكات و چ ئەوەی شەڕنەكات ،چ ئەوەی زیرەك بێت و چ ئەوەی تەنبەڵ ، چ ئەوەی قەڵەو بێت و چ ئەوەی لاواز،چ ئەوەی هونەرمەند بێت و چ ئەوەی نەخوێندەوار، بێجگە لەمانەش دیسانەوە گەورەترین كێشە ئەوەیە مرۆڤەكان هێندە جیاوازن كە ناكرێت دوومرۆڤ لەسەر رووی ئەم زەوییەدا بدۆزینەوە بڵێین ئەمانە وەك یەكن، لێرەدا چەمكی جیاوازی مرۆڤەكان،بەو مانایەیە لە نێوان هەر دوو مرۆڤدا جیاوازی هەیە و هەبووە وئەبێت، لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ، ئێمە كە مرۆڤی وێكچوومان نیە و كۆمەڵە مرۆڤێكی وێكچوومان نیە و كۆمەڵە عاشقێكی چوون یەكیشمان نیە، سەرباری عەقدی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش، لێ كە مرۆڤی هاوبەشمان نەبێت بە بێ جیاوازی لە بیركردنەوە ، لە بینین و لە هەڵسانگاندن و لە خوێندنەوە و لە تێفكرین، ئیدی چۆن ئەكرێت خۆشەویستی دابەشكەینە سەر چەند جۆرێك بە گوێرەی جیاوازی كەسەكان و ،كەسەكان لە سەردەمەكاندا؟ دواییش چۆن ئەكرێت خوێندنەوەیەكی كۆمەڵایەتی یان كۆمەڵیی بۆ خۆشەویستی بە گوێرەی جیاوازی مرۆڤەكان و سەردەمەكاندا بكەین و ناوی دیاریكراویش بۆ جۆرەكانی دابنێین؟ ئەمە لە لایەك،**

**لە لایەكی دیكەشەوە چۆن ئەكرێت بێین و سێ زاراوەی ( حەز لێكردن و خۆشەویستی و عەشق ) ئەگەر دوور لە مانا فەرهەنگییەكانیش بێت بەكاریان بێنین بۆ هەست و سۆزی كەسانێك كە گومانمان نیە ئەوان لە یەكدییەوە جودان؟ ئیدی چۆن ئەكرێت پێناسەی حەزلێكردن لای من و لای تۆ و لای ئەو وەك یەك بێت؟ دواییش چۆن ئەكرێت حەزلێكردنی من و تۆ و ئەو وەك یەك بێت؟ كە وەك یەك نەبن جیاواز بن، چۆن ناكرێت ئەوەی لای من حەزلێكردنە ، لای تۆ خۆشەویستی نەبێت و لای ئەویش عەشق نەبێت.؟**

**ئەوەی لای من عەشقە و هیچ پەیوەندی نە بەمانا فەرهەنگی وشەی عەشقەوە هەیە كە ( موختارول سەحاح ) باسی ئەكات و نە پەیوەندی بە خوداوە هەیە ، بەڵكو پەیوەندییەكە تەواو دووكەسی، مومارەسەیەكی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و ئۆرگانی و ئەكتیڤی دووكەسە لەگەل یەكدی،**

***لێرەوە رەنگە من عەشق بەمشێوەیە بخوێنمەوە، عەشق خۆی پەیوەندی نێوان دووكەسە ، نێرو مێ ، كەهەر یەكەیان بە عەقڵ و سۆز و جەستەوە ، ئاوێتەی یەكدی ئەبن و ، پێكەوە تاقانەیەك بەرهەمئەهێنن،* لەگەل تەئكید كردنەوەم لەسەر ئەوەی ئەم پێناسەیەش بۆ سەلماندن و سەپاندن نیە ، لێرەوە ئەكرێت بڵێم خۆشەویستیش هەمان پێناسەیە ، واتە عەشق و خۆشەویستی دوو ناون بۆ یەك چەمك،**

**هەروەها ئەشتوانم بڵێم، رەنگە خۆشەویستی زیاتر بۆ ئەوە شیاو بێت كە باس لە عەقڵ و سۆز و جەستەی زیاد لە دوو كەس بكرێت، یان كۆمەڵە كەسانێك كە بەیەكەوە عەقڵ و سۆز و جەستە ئەگۆڕنەوە، بەلاّم ئاوێتەی یەكدی نابن، ئەمە تەنیا بۆ نموونە و روونكردنەوەی خوێندنەوەكەم بوو،**

**مەبەستی سەرەكیم لە باسەكە ئەوەبوو بڵێم ، عەشق بەو پێناسەیەی سەرەوە، كە بە سوود وەرگرتن لە خاتوو ( مەدام دی لاڤاییێت ) وەرمگرت ، ئەو كە ئەڵێت ( *خۆشەویستی بریتییە لەمانە : هەندێك لە عەقڵ، هەندێك لە سۆزی دڵ، هەندێك لە جەستە* ) دوای ئەوەش *هاوڕێی ئەزیزم ( هەندرێن ) گووتی* ، ( *عەشق ئاوە* ) ،*بەو مانایەی چۆن ئاو لە هەر دوو رەگەزی ئۆكسجین و هایدرۆجین پێكدێت و كە ئاوێتەی***

*یەکدیش بوون H2O ئاو ، دروست ئەکەن، ئیدی ئاوەکە لە ئاوێتە بوونی هەردوو رەگەزەکە پێکهاتووە ،. بەڵام شتێکی نوێی خەڵقکردوە، هەروەك لە تێکەڵکردنی هەردوو رەنگی شین و زەرد کە ئاوێتە ئەبن رەنگی سەوز دروست ئەکەن،* ئیدی خۆشەویستی دوای عەقڵ و سۆز و جەستەی دووکەس ئاوێتەی یەکدی ئەبن ، ئەبنە مرۆڤێکی نوێی دیکە وەك ئاو و وەك رەنگی سەوز، ئەکرێت ئەگەر لە بەرامبەر وشەی حەزلێکردن دڵرەق نەبین ئەویش بە هەمان شێوە لە جیاتی عەشق یان خۆشەویستی بەکاری بێنین،

مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە، *عەشق بەو پێناسەیە، یان خۆشەویستی یان حەزلێکردن بەو پێناسەیە، ئاوێتەبوونی جیهانبینی دووکەس و خەلقکردنی جیهانبینییەکی نوێیە* ، ئەمە وەك ئەسڵێك بۆ ئەو چەمکە، بەڵام کە لە ئەدەبیاتدا ، بەتایبەتی کلاسیك و سۆفیزم و عیرفانی ئیسلامیدا ئەبینین عەشق رەهەندی نامرۆڤانە وەرئەگرێت و لە ئاوێتەبوونی دووکەسەوە ئەبێتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا، یان مرۆڤ و رەمزێکی خودا، ئیدی لێرەوە جارێکی دی ئەو تێگەیشتنە لە عەشق بە بارگاوی بوون بەو نەفەسە سۆفیزمییە یان ئیلاهییە، جارێکی دی ئەپەڕێتەوە ناو کایەی ئەدەب، ئەدەبێك کە ئەتوانین بە ئاسانی ئەوەی تێدا کەشف بکەین، کە سەرچاوەکانی عەشقی لە هزری میتافیزیکی ، لە غەیبەوە ، لە دینەوە وەرئەگرێت و ئەینووسێتەوە،، بەو مانایەی ،مانا دینییەکەی عەشق ، لە ئەدەبدا ئەنووسرێتەوە، واتە لێرەدا ئێمە کە قەسیدەیەك یان تێکستێکی عاشقانەی ، عاریفانە، ئەخوێنینەوە تێئەگەین کە تێگەیشتنێکی دینی بۆ عەشق لە قەسیدەکەدا هەیە، ئیدی ئەو تێگەیشتنە کە لە جەوهەردا تێگەیشتنێکی دینییە و باس لە پەیوەندی عەقڵی و سۆزداری و جەستەیی دوومرۆڤ ناکات کە ئاوێتەی یەکدی بوونە، بەڵکو باس لە پەیوەندی مرۆڤ و خوای خۆی ئەکات، لێرەدا تێگەیشتن لە عەشق بە شێوە ئنسانییەکەی جیاوازی زۆری هەیە ، لەویٚ عەشق ئەبێتە ئامانجی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە کەمال، بەڵام لەویادا عەشق هیچ ئامانجی نیە و ئاوێتە بوونەکە خۆی مومارەسەی ژیانێکە کە هیچ ئامانج و ئەنجامی گەرەك نیە، لەویٚ عەشق مومارەسە ناکرێت، بەڵکو هەوڵیکە لەگەڕان لە خودا، بەڵام لەوەی دی عەشق ئەبێتە ژیان و مومارەسەیەکی مرۆڤەکان بەیەکەوە، رەهەندەکانی عەشق لای ئنسانەکان رەهەندی ژیانێکن کە بە ئەقڵ و سۆز وجەستەوە تیایدا پێکەوە دێن و ئەچن و هەڵئەستن و ئەنوون و هەستەکانیان ئەگۆڕنەوە و بەربەستێك و دووریەکیان لە نێواندا نیە، بەڵکو بوونەتە کەسێکی تەواو و پێویستیان بە گەڕان و سوڕان نەماوە لەیەکدی، هەموو رەهەندەکانی ئەو عەشقە دیار و بەرچاو و بەرجەستە و بەردەستن، بە پێچەوانەی عەشق بە تێگەیشتنە دینییەکەی کە رەهەندێکی میتافیزیکیانە وەرئەگرێت،

ئیدی لێرەوە من ئەڵێم ، کردارێك لە دیندا، پڕ رەهەندی میتافیزیکی و غەیبانی ئەکرێت و پێی ئەگووترێت عەشق، دوایش لەسەر دەستی ئەدیبان و نووسەراندا ئەو عەشقە بەو رەهەندە میتافیزیکییەوە دێتەوە ناو ئەدەبیات و ژیانی ئنسانەکانمان، یان ناو کۆمەڵگەوە، ئیدی بە بیٚ ئاگاییشەوە لەم سەین و بەینە، عەشق بەرەهەندە میتافیزیکییەکانی ئەناسرێتەوە و ئەبێتە بابەتێکی غەریب و نامۆ بە مرۆڤەکان، کاتێکیش ئەمانەوێت پەیوەندی سۆزدارییانەی مرۆڤەکان بۆ یەك بخوێنینەوە ، ئەبینین نە مانا فەرهەنگییەکەی عەشق و نەمانا کۆمەڵایەتییەکەی کە سەرچاوەکەی لە دینەوە هاتووە، ناتوانن ببنە کەرەستەیەك بۆ خوێندنەوەکە، و مانایەکی دیکەی تەواو جیاواز وەرئەگرێت و ئیدی بە کەڵکی ئەوە نایەت پەیوەندییەکانی مرۆڤی لەبارە کۆمەڵایەتییەکەوە پیٚ شەرح بکرێت،

لێرەدا کە وشەی عەشق ناتوانێت بە هانامانەوە بێت و پێیەوە تەعبیر لە قسەکانمان بکەین ، ئەوا ئەبێت تەئەممول لە ناو و وشەی دیکەدا بکەین،

لێرەدا مام رێبوار خۆشەویستی کردووە بەو ناوەی کە ئەکرێت وەك چەمکێکی جودا لە عەشق و حەزلێکردن پێناسە بکرێت و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی دوو کەسی پێ بخوێندرێتەوە.

بەڵام با بپرسین باشە ئەی وشەکانی ( دڵداری ، ئەویندارى،مەحەبەت، ئەوین ، هۆگربوون، ڤیان ،،یار، حەبیبە ، دۆست، ، ئولفەت، ئاشنا، ) ئەم ناوانە چ لێبکەین؟ وەك چەمکێکی جیا لە حەزلێکردن و خۆشەویستی و عەشق وەریانگرین و پێناسەی تایبەتییان بۆ بکەین؟

یان ئەکرێت لە جیاتی ئەوان بەکاریان بێنین دوور لە مانا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە باوەکان؟

دوای ئەوانەش ئەگەر بۆ حەزلێکردن ، حەزلێکراو و حەزلێکەرمان هەبێت ، بۆ خۆشەویستیش ، خۆشەویست و خۆشویستراو دابتاشین و .، بۆ عەشقیش عاشق و مەعشوق، ئەی چی لە وشەکانی یار و دۆست و گراو و ئەویندار و ئاڤان بکەین؟ چونکە هەر یەك لەم وشانەش مانای فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە و ئەتوانن لە پاڵ وشەکانی خۆشەویست و عاشق و حەزلێکراودا. بوەستن و تەعبیریان پێبکرێت،

ئیدی لێرەوە با بپەڕمەوە سەر ئەوەش کە عەشق وەك وشەیەکی عەرەبی کە بێ وەرگێڕان لە کوردیشدا بەکاری ئەهێنین ،لێرەدا جێی قسەکردنە کە وشەکانی زمانانی دیکە ، چ بە وەرگێڕدراوی ،چ وەکخۆی کاتێ لە زمانێك بۆ زمانێکی دی بەکار دێ، زۆرجار وەك مانای خۆی لە زمانە ئەسڵییەکەدا بەکار نایەتەوە، بەڵکو گۆڕانی بەسەر دادێت، یەعنی ئەگەر عەشق لە زمانی عەرەبی بەو مانایە بێت کە باسکرا، مەرج نیە لە زمانی کوردیدا کە عەشق بەکاردێت هەمان مانای زمانی عەرەبی بەرهەم بهێنێتەوە، نەخێر ئەکرێت رەهەندی دیکەی نوێتر وەربگرێت کە لەگەڵ جیاوازی سۆزەکان و پەیوەندی تاکەکانی کورد بەیەکەوە ، جیاواز بێت لەگەڵ خاوەنەکانی وشەی عەشق، دوای ئەوەش ناوەکانی زمانی کوردیش بە گوێرەی سەردەم و کاتەکان ، گۆڕانیان بەسەردا دێت و ئەکرێت بە جیاوازی ماوەکان مانای جیاوازیش لە ناوەکان بەرهەم بێن،

لێرەدا ئەکرێت بڵێین، حەزلێکردن و خۆشەویستی و عەشق بەشێوەی جیاوازتر لە خشتەکەی مام رێبواردا پۆلین بکرێن و دوای ئەوەش بە شێوازی دیکە روون بکرێنەوە.

لێرەدا ئەپرسم ، بۆ ئەبێت حەز لێکردن هەموو جارێك یان لای هەموو کەسێك تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت بێت و لەگەڵ زەمەندا خەفە ببێت ؟ ئایا ناکرێت من بەردەوام حەزم بۆ نموونە لە ژنەکەم بێت؟!

ئایا ئەگەر بڵێم :

- من حەز لە ژنەکەم ئەکەم ،
- یان ژنەکەمم خۆشئەوێت،
- یان عاشقی ژنەکەمم،

ئایا لەم دەستەواژانەدا هەست ئەکەین کە مەبەستمان تەنیا وەختێکی کەموکورتی دیاریکراوە؟

لەبڕگەی حەز لە ژنەکەم ئەکەمدا .ئایا هەستێك بەوە ئەکەین کە مەدلولێکی زەمەنی لەو دالانەدا هەیە؟ لە بڕگەی ، ژنەکەمم خۆشئەوێت ، ئاماژەیەکی تێدایە کە مەبەستمان ماوەیەکی درێژ خایەنە و بەردەوامە و نابڕێتەوە؟

و ئایا لە بڕگەی عاشقی ژنەکەمم، هەست ئەکەین کە مەبەستمە بڵێم ژنەکەم ڕەمزی خوایە بۆیە عاشقی ئەوم؟

بێگومان هیچ ئاماژەیەکی زمانەوانی یان فەرهەنگی یان کۆمەڵایەتی ناتوانن هەستێکی وا لەو دەستەواژانە هەڵکرێنن، بۆیە پێموایە پۆلینکردنی هەستەکان بەو ناوانە کۆمەڵێ کێشە و بێشە و پرسیار و گومان هەڵئەگرن و ناتوانن بە پێناسەکان رازیمان بکەن،

ئیدی مام ڕێبوار من بەردەوام حەزم لە ژنەکەی خۆمە،

هەمیشە خۆشم ئەوێت و

هەموو گاڤێکیش عاشقی ئەوم،

ئەویش بەردەوام منی خۆشئەوێت و هەمیشە عاشقمە و بەردەوام حەزم لێئەکات.

هەروەها ئەشتوانم بڵێم، من بەردەوام حەز لە کچی دیکە ئەکەم و ،هەمیشە خۆشەویستی کچانم مەبەستە و، هەموو گاڤێکیش عاشقی کچانم، دیسان لێرەشدا ئەوە بەدیئەکەین کە من بەردەوام لە حەزلێکردن و خۆشەویستی و عەشق دام،

هەروەها ئەشکرێت بگووترێت ئەو حەزت لێئەکات و خۆشی ئەوییێت و عاشقت بووە، یان ئەوان حەز لە یەکدی ئەکەن و یەکدییان خۆشئەوێت و عاشقن،

وەك چۆن ئەکرێت زۆر جار ئەم ناوانە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شتەکانیش بەکاربێن ، بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە جۆرەها ئامراز و کەلوپەل و شتومەك، هەروەها ئەشکرێت مرۆڤ حەز لە گوڵێکیشس بکات و خۆشیشی بوێت و عاشقیشی ببێت. جیاوازییەکە ئەوەیە ناتوانن حەز و خۆشەویستی و عەشقەکە بگۆڕنەوە، چونکە وەك لە شوێنی دیکە گووتمان کردارەکە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤە،نەوەك مرۆڤ و شتی دیکە، بەڵام ئەم باسە لەوە سەرچاوەی گرت ، کە زمان ،ناوەکان ، زمانی جیا ، مانای زۆر و جیاواز چۆن هەمیشە ئەتوانن پرسیاری نوێتر و گومانی بەردەوام لە هەست و سۆز و عەقڵ و هزرماندا بچێنن،

دیسانەوە لە بەرامبەر حەزلێکردن ،حەزلێنەکردن هەیە، لەبەرامبەر خۆشەویستی ،رق هەیە، لێ لەبەرامبەر عەشقدا وشەیەکی وا بەرەواژی نیە تا ڕێك مانای پێچەوانەی عەشق بدات، ئەمەشیان جێگەی لەسەر وەستانە و قابیلی ئەوەیە کە وشەی عەشق لە رووی زمانییەوە ، وە ك گونجاوتر و شیاوتر لە حەزلێکردن و خۆشەویستی بۆ ئەو بارە بە کاربێت کە ئەمانەوێت سۆزداری دوو تاکەکەسی پێ بخوێنینەوە،

دیسان لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێ کێشەی دیکە هەن کە دیسان زمان خەڵقییان ئەکات، لەوانە بۆ نموونە ( عشقی سۆفیانە ، هونەری عشق ، عشق و عرفان، حەقیقەتی عشق ، عشقی راستەقینە، ) کۆمەڵێ ناوی دیکەش کە لە پەراوێز و ناوی سەرچاوەکانی کە مام ڕێبوار بەکاریهێناون ئەبینینەوە، لێرەوە ئەگەر باس لەوە بکەین، ( عەشق هونەرە ) ئایا ئەم دەستەواژەیە چیمان لە لا بەجێئەهێڵێت؟ ئەگەرعەشق هونەر بێت ، ئەبێت پێش ئەوەی بێینە سەر باسی عەشق ، شتێکمان لە بارەی هونەرەوە بیستبێت و شتێکی لێبزانین، چونکە کە ئەڵێین هونەری عەشق ، یەعنی عەشق هونەرە، و پێویست ئەکات عەشق وەك هونەر بخوێنینەوە، یەعنی چی ؟ ئایا ئەکرێت چۆن مۆسیقا ئەخوێنینەوە ئاواش عەشق ناس بکەین؟ یان وەك خوێندنەوەی هەر هونەرێکی دیکە ، عەشقیش بخوێنینەوە؟ گەر عەشق

هونەر بێت ، ئەبێت وەك هونەرەكان خاوەنی كۆمەڵێ یاسا و ڕێسای تایبەت بە هونەر بێت،و عاشقیش بەهرەمەند بێت،

ڕەنگە مرۆڤ ئەگەر بەهرەی هونەرێكی هەبوو و بە ڕاهێنان و مەشقیشەوە زیاتر فێر ببێت و ببێتە هونەرمەند، بەڵام ئایا ئەبێت مرۆڤ بەهرەی عەشقی هەبێت تا فێری ببێت ؟ گریمان ئێمە هەموومان بەهرەی عەشقمان هەیە ، بەڵام كە هەمووومان عاشق نین ، كێ فێرە عەشقمان ئەكات و مەشقمان ئەداتێ؟ دوای ئەوەش بەڕاست ئەكرێت ئێمەی مرۆڤ یەكدی فێرە عەشق بكەین و لە یەكدییەوە فێرە عەشق بین؟! ئەگەر وابوایە ئەوە چۆن مرۆڤ خولی مۆسیقا و كۆمپیوتەر و دوورمان و زمان و سەرتاشین ئەكاتەوە ، ئەبوایە خولی عەشقیشی بكردایەتەوە و لە كۆتایی خولەكاندا لە پاڵ كۆمەڵێ مۆزیكا ژەن و زمانزان و كۆمپیوتەر زان و خەیات و سەرتاشدا كۆمەڵێ عاشقیشی پێگەیاندبا و دروستكردبا؟!لێ تۆ بڵێی ئەگەر هەزاران خولی عەشقیش بكرێتەوە بكرێت یەك عاشق دروستكەن؟

بەم پرسیارانە زیاتر مەبەستم ئەوەیە ، زیاتر لەسەر ناوەكان ڕاوەستین و پرسیار گەلێك بوروژێنین كە هەندێجار نەوەك تەنیا كۆمەڵناسی ، بەڵكو نەدینیش نەفەلسەفەش نە سیاسەتیش نەبواری دیكەش ناتوانن هەندێ چەمكی مرۆڤایەتیمان بێ گومان و بێ پرسیاری دیكە بخوێننەوە.

لە لایەكی دیكەشدا ئەو پرسیارەش ئەكەین ئایا تەنیا خۆشەویستی شاعیران و نووسەران بارگاوییە بە ڕەهەندی غەیبانی و پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە؟ یان با بڵێین تەنیا ئەدەب بارگاوی بووە بە غەیبانییەتی عەشقی مرۆڤ بۆ خودا یان هێماكانی خودا.؟ئەمە لە لایەك ،. لە لایەكی دیكەشدا ، یەعنی ئایا ئێمە خاوەن ئەدەبێكین لە باسی عەشقدا تەنیا ئیلاهییانە باسی كردووە و ڕەهەندە مرۆڤایەتییەكانی باس نەكردوون؟ هەروەها لەلای سێهەمدا بێجگە لە ئەدەب كەسی دی غەیبیانی و سۆفیانە باسیان لە چەمكی عەشق نەكردووە؟

من ئەزانم شاعیرمان هەیە بە شێوەیەكی زۆر مرۆڤانە باس لە عەشق ئەكات،تەنانەت ڕەنگە شاعیر هەیە مرۆڤی گەیاندۆتە ڕادەی خودا لە گەورەیی و بەخشینی بەها پێی، بەو مانایە نا كە عەشقەكە بە غەیبانی بارگاوی بكات ، یان مرۆڤ بكاتە ڕەمزی خودا، بەڵكو وەك مرۆڤێكی گەورە و بەدەسەلات و بە توانا و پڕ لە وزەی عەشق و ژیان، شاعیرمان هەیە بەو جۆرە ئەگەر كەمیش بێت،بەڵێ كەمن ، بەڵام هەن عەشق بۆ مرۆڤ ئەگەڕێننەوە،یەعنی لە خودادا مرۆڤ ئەبینێتەوە،

ئەشزانم زۆر نووسەری دی زۆر جار كچی بێ دەسەڵاتی كوردییان كردۆتە خواوەند و لە جیاتی ئەوەی عەشقەكەیان بە گەورەیی و پڕ بەهای مرۆڤایەتییانە نیشان بدەن، نووسینەكانییان پڕبوون لە غەیبانییەت و هەتا خورافاتیش، بێ ئەوەی چ بۆ عاشقی مرۆڤ بهێڵنەوە عەشقیان كردۆتە پارچەیەك لە غەیب و عاشقیش هەمیشە چاوی لە ئاسمان بێت و كەس نەبینێت تەنانەت مەعشوقەش لە نێو وەسفەكانی خواوەند و ڕەمزەكانیدا بزر ئەبێت،یەعنی لە مرۆڤیشدا خودا ئەبیننەوە،

هەروەها دوور لە شاعیران و نووسەران، زۆر لە مرۆڤە ئاساییەكان ئەوانەی خۆشەویستی ئەكەن ، تێگەیشتنەكەیان پڕیەتی لە ڕەهەندی غەیبانی و دینی بۆ خۆشەویستی و عەشق، بە شێوەیەك كە زۆر جار زیاتر لە شاعیران و نووسەرانی خۆشەویستییە بارگاوییەكان بە ڕەهەندی غەیبانی ، هەڵگری ئەو تێگەیشتنانەن، ئەوە نیە عاشق و خۆشەویستەكانمان ، داماوانە ئەو شعر و گۆرانیانە بۆ یەكدی ئەنووسنەوە كە پڕن لە حوزن و خەم و خوێن و تێگەیشتنە دینییەكان و غەیبانییەكان بۆ خۆشەویستی؟

تەنانـەت مـن لێـرەدا جورئـەتی ئـەوە ئەکـەم بڵـێم زۆربـەی زۆری ئـەو پەیوەندییانـە نـە حـەز لێکـردنن و نەخۆشەویستین و نەعەشقن؟!

ئەو پەیوەندییانە ، کە لە بێ ئازادیدا لە دایك ئەبن و ، تەنانـەت هـەر بـەر لـە لـەدایکبوون و دروسـت بوونیان مەحکومن بە کۆمەڵێ کۆتی کۆمەڵایەتی و کێشەی دەروونـی و قانون و عـورف و غەیبانییـەت و نەناسینی هەست و سۆزەکان، رەنگە سۆزەکان هەڵبچن، گەرم ببن ، بزافێك لـە لای مـرۆڤ دروسـت بکـەن ، مەراقی بکەن، لێ نە ئەبنە حەز و نە ئەبنە خۆشەویستی و نە عەشق،

لە لایەکی دیکەشدا، نموونەی هەرە دیار و بەرز و گەشاوەی چیرۆکە خۆشەویستییەکانی ئێمە، یـان مەم و زینە یان خەج و سیامەندە یان شیرین و فەرهادە ، یان هەر دووناوێکی دیکە کە بوونەتـە سمبـولی خۆشەویـستی و عەشـق و حـەزلێکردن لـە نـاو ئێمـەدا، کـە دیـسانەوە ئەمانـە لـە لایـەن نووسـەرانەوە نووسـراون ، لێ لـە لایـەن خـەڵکانی نەنووسەریـشەوە زیـاتر باوەڕیـان بـە عەشـقبوون و چارەنووسـی ئـەم ناوانەوە هەیە، کە دیسانەوە من ئەڵێم لێرە ئەبێت جورئەتی ئەوە بکەم بڵێم دەقەکانی ئەم ناوانـە ، دەقـی عەشـق و خۆشەویـستی نـین، ئـەو دەقـە پیرۆزانـە نـین ، کـە لـە یادەوەریمانـدا ببنـە رەمـزی گـەرمترین و جـوانترین و ئینـسانیترین سـۆز و عـەقڵ و جەسـتە و خـەیاڵ و جیهـانبینی دوو مـرۆڤ، و تێکـەڵ بـوون و ئاوێتەبوونیان بە یەکدا،

ئیـــدی لێـــرەوە ئـــەبێت تێبگـــەم ، خوێندنـــەوەی دەروونـــی خۆشەویـــستی ، کۆمەڵناســـییانەی خۆشەویـــستی ، ئەدەبییانـــەی خۆشەویـــستی ، هـــەتا سیاســـییانەی خۆشەویـــستی و ئابووریانـــەی خۆشەویستی، کارێکە قورس و ترسناك و پڕ گومان،

کەلتورێکی گەورەی فکری و ئەدەبیمان لەسەر کۆبۆتەوە بە ناوی خۆشەویستییەوە باس لە زۆر شت ئـەکات و بـاس لـە خۆشەویـستی و خۆشەویـستان ناکـات، بـە نـاوی عەشـقەوە ئـەدوێت و لـە مرۆڤـەوە دوورمان ئەخاتەوە، باسی حەزەکان ئەکات و هەستی تاوان و گوناهمان تیا ئەچێنێت؟!

نووسـینێکمان هەیـە پێمـان ئـەڵێت، عەشـق جەنگـە، عاشـقەکانیش جـەنگاوەر ، عەشـق شـەڕە و عاشقانیش شـەڕکەر و خوێنڕێژ، گوتارێك کـە بـۆی هەیـە ترپـی تـەڕایی ژیاندۆستیمان تێدا نەهێڵێت و بەرەو خۆکوشتن و مەرگدۆستیمان پاڵـدات، گوتارێك لـە جیاتی ئـەوەی سۆزەکانمان گـەرمتر و پـڕ ژیـان کات ، ساردی ئەکاتەوە عەدەمی تیا پەروەردە ئەکات، عەشقەکانی ئێمە چ هـی نووسـەران و شـاعیران، چ هـی گۆرانیبێـژ و هونەرمەندان، چ هـی خـەڵکی ئاسـایی ، زۆربـەی زۆریـان، بـێ ئومێـدی و بـێ هیـوایی و توڕەهاتی ژیان و جوڵـەی ئـەو هەسـتانەمان نیشان ئـەدەن، کـە وامـان لێئـەکەن ، بترسـین ، شـەرم بکـەین، هەست بە تاوان و گوناه و خەتا بکەین، ئیدی بە کورتی کۆمەڵی ئێمە کە خاوەنی میراتێکە ،ئەگـەر رۆژی دەجار بمرێت ، ئـەوە هـەر دەجار لـە بـێ عەشـقیدا ئـەمرێت، لـە بێـزاری لـە خۆشەویـستیدا ئـەمرێت، بـێ عەشـق ، بـێ خۆشەویـستی ، بـێ حـەزلێکردن ، بـێ گۆڕینـەوەی ئـەو سـۆزانە لەگـەل تـاکێکی بـێ وێنـە و نیوەکەی خۆی سەر ئەنێتەوە،

سەر ئەنێتەوە و رەنگە ئـەو پرسیارەش لای ئـەو و ئێمـەش بـێ وەڵام بمێنـێ کـە ئـەڵێ بۆچـی لـە بـێ عەشقیدا ئەمرین؟ بۆچی ناتوانین عەشـق بکـەین؟ ئـەی عەشـق تـۆ چیـت؟ کـە قـسەی شـاعیران و ئـەدیبان نەبیت؟ تۆ چیت کە گۆرانی و مۆسیقای نەتەوەیەك نەبیت؟

تۆ چیت کە رەمزێ نەبیت بۆ خودا و ، بۆ حەقیقەت،

ئەی عەشق تۆ چیت؟

ئەبێت بڵێن پێویستە لە عاشقان خۆیانەوە ببیستین ، کە عەشق چیە؟ لەوانەوە شتێ بزانین ، ئەگەر ئەوان بزانن هەستەکانییان چین، ئیدی وەك مام ڕێبواریش ئەڵێت ( با ئەو قسانە ببنە هاندەر بۆ ئەوەی هەر یەکەمان بە شێوەیەکی راشکاوانەتر ببینە گێڕەرەوەی ئەو ئەزموونە تایبەتییەی خۆمان و گوتاری تایبەت بە خۆمان لەسەر خۆشەویستی بەرهەم بهێنین )

ئیدی لەگەل ئەو گومانەی لە پەیوەندییەکانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵی خۆمدا هەمە، هەندەی لەو پەیوەندییانەی لە نزیك منەوە روویانداوە و لە نزیکەوە لەگەلیاندا ژیاوم، لەگەل ئەو قسانەی من و برادەرانم لەسەر عەشق و خۆشەویستی ، لەگەل ئەو بابەتانەی لەسەر عەشق و خۆشەویستی نووسیومن و بڵاوم کردوونەتەوە، لەگەل ئەو 45 لاپەڕەی مام ڕێبواردا، لەگەل هەموو شتەکان رەنگە بڵێم ، خۆشەویستی یان عەشق یان ئەویندری یان دڵداری یان دۆستداری و یان گیانداری ، هەستداری و سۆزداری و ئەقڵداری جەستەداری و خەیاڵداری یان هەر هەموویان لەناو یەك وشەی کە هێشتا پەیدانەبووە، کۆبکەمەوە، تا ئەم شتانە لە خۆیدا هەڵگرێت ، ئەڵێم رەنگە سەرباری مەترسی و گومان و پرسیارە بێ وەڵامەکانی عەشقیش، لێ رەنگە گەورەیی ئەو پەیوەندییەش لەوەوە بێت کە وەك سحرێك وایە و هێشتا بە خوێندنەوە و قسە لەسەر کردنی نەزانراوە و روون نەبۆتەوە و بەتاڵ نەبووە،! سحریش تا ئاشکرانەبوونی سحرە، نهێنیش تا ئاشکرا نەبوونی نهێنییە، رەنگە ئەو پەیوەندیەش تا عەشق نەبێت و تا خۆشەویستی نەبێت و تا حەز لێکردن نەبێت. و نەچێتە ناو قاوغی هەر ناوێك و پێناسەیەك ، هەستێك بێت گەورە و پڕ وزە و پڕ ژیان بێت،

ئەمەشیان دیسان هەر رەنگە و جێگەی گومانە و فزولی مرۆڤیش راناوەستێ و ئەیەوێت سەر لە هەموو شتەکان دەرکات،

ئیدی با هەر هەمووماں، لە هەر هەموومان بپرسین ئەو هەستە چیە؟ وەك مام ڕێبواریش جورئەت بکەین و قسان لەبارەی ئەم چەمکە ، یان ئەم چەمکانە بکەین.،

* * * * * *

## 2

### هەندێ سەرنجی دی لەسەر بەشەکانی دیکەی کتێبەکە

لەبەشی دووەمی خوێندنەوەکەی مام ڕێبواردا، وەك مام ڕێبوار خۆی ئەڵێت ، ( بایەخمداوە بەو هەوڵدانە ئەکادیمیانەی لە بواری کۆمەڵناسیدا توێژینەوەیان لەسەر پەیوەندییە هەستەوەرییەکان و خۆشەویستیان لە چوارچێوەیەکی تیۆری و زانستیانەدا خستۆتە روو،)ل 46

لێرەدا من لەسەر دوو وشەی ( پەیوەندی هەستەوەری ) و ( خۆشەویستی ) رائەوەستم،

ئایا ئەم دوو ناوە دوو چەمکی جیاوازن؟ ئایا خۆشەویستی ، جۆرێکە لە پەیوەندییە هەستەوەرییەکان، یان جیایە لەو پەیوەندییانە؟ باشە ، پێش ئەو پرسیارانەش پەیوەندییە هەستەوەرییەکان چین؟ رەنگە لێرەشەوە دیسان بکەوینەوە ناو ئاریشەکانی چەمکەکان، کە باس لە پەیوەندی ئەکەین، بەمانای (عیلاقە ) ئەوا وشەی عیلاقە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر تەعبیر لە عیلاقەی خۆشەویستی نێوان دووکەس، کچ و کوڕێك ئەکات، هەستەوەرییەکان ، رەنگە لێرەدا بپرسین

جا چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان تاكەكاندا هەستەوەری نەبێت؟ دوای ئەوەش پەیوەندی هەستەوەری و سۆزداری ، جیاوازییان چیە؟ ئایا یەك شتن ، یان دیسان ئەوانیش هەر ناوێكە و كۆمەڵێ ئیشكالاتی زمانەوانی و فەرهەنگی و خوێندنەوەیان هەیە؟

سەرچاوەی سۆزەكان ، هەستەكانن، لە ڕێی هەستەكانەوە لە دیتن و بۆنكردن و تامكردن و دەستلێدان و بیستنەوە ئەتوانین سۆز بەرامبەر بە مرۆڤ و كەلوپەلی و دەوروبەرمان پەیدا بكەین، سۆزیش وەك بەشێك لە خۆشەویستی یان عەشقدا ،كە ئامادەگی هەیە، واتە ئامادەگی هەستەكان و هەستەوەری مرۆڤ لەو كردارەدا،

بۆ وشەی هەست ( ئیحساس ) یان ( عاتیفە ) بە واتەی سۆز ،ئەگەر بتوانین وا بلێین، ئەكرێت هەردووكیان بەكار بێنین بەهەمان بەرهەمی تێگەیشتنەوە لە كردەی خۆشەویستیدا،

هەر لەو لاپەڕەیەدا جارێكی دیكە رووبەرووی وشەی ( ژیانی هەستەوەری و پەیوەندییە سۆزگەرایەكاندا ) ئەبینەوە، دوای ئەوەش لە جێی دیكەدا ( پەیوەندییە سۆزدارییەكان، سۆز گۆڕینەوە، )

لێرەدا من نامەوێت باس لەو باسە بكەم كەلەم بەشەدا هاتووە، بەڵكو ئەمەوێت زیاتر لەسەر ئەو سەرنجانەم بوەستم كە لە لام دروست بوون لە كاتی خوێندنەوەی ئەم بەشەدا، چونكە هەر قسەكردنێكم لەسەر باسەكە ، ئەوە ئەبێتە قسەكانی مام ڕێبوار و ئەویش بە درێژی لەوێدا باسیكردوون و روونی كردوونەتەوە، پێویستیان بە قسەی من نیە ، كە هەر لە ئەساسیشدا من قسەم لەسەریان نیە تا بیاننوسم،

من هەندێ سەرنجم هەن لێرەدا باشە دەریانبڕم،

ئەوەی بەلای منەوە جێگەی رامانە، ئەوەیە لەم بەشەدا ئەگەر بتوانم بڵێم ، ئەوە باس لە مێژوی یان دیرۆكی خۆشەویستی ئەكرێت؟! كە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ من پرسیارێكی زەحمەتە كە بڵێم ، خۆشەویستی كەی دەستی پێكردووە؟ هەر لەسەرەتای ژیانی بەشەردا هەبووە، یان وەك لە لاپەڕە 49 دا هاتووە ( سەردەمانێك ، واتە بەر لە سەر هەڵدانی خۆشەویستی رۆمانسیانە لە رەوتی مێژوی سەدەی هەڤدەیەمدا، مرۆڤ هەستەكانی خۆی كە سەرچاوەكەیان ئازار و تلانەوە بوو، لە ژیانی هاوسەردارییەتی بە دوور دەگرت) لەم چەند وشەیەدا ئەكرێت هەندێ سەرە قەڵەم و پرسیار بنووسینەوە،لەوانە:

- دیرۆكی خۆشەویستی.
- ئایا پێش سەدەی هەڤدەیەم و پێش خۆشەویستی رۆمانسی ، خۆشەویستی نەبووە؟

یان هەبووە و جۆری دیكە بووە،ناوی ئەو جۆرە خۆشەویستیانە چی بوون ئەگەر هەبووبن؟

- پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرداریەتی چیە؟
- ئازار و تلانەوە وەك تاكە سەرچاوەی هەستەكانی مرۆڤ.
- هاوسەرداریەتی و سێكس.
- خۆشەویستی و سێكس.
- سروشتی هاوسەر داریەتی.
- سروشتی خۆشەویستی.
- سۆز و خۆشەویستی.

**ئایا ئەکرێت خۆشەویستی ڕۆمانسییانە بە سەرەتای دروستبوونی خۆشەویستی بزانین؟ هەرچەندە ئەم باسە لە سیاقی باسکردن لە ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لە خۆرئاوادا دێت و باسی ئەوێیە، ڵێ ئەی سەبارەت بە شوێنەکانی دیکە؟**

**هەر چۆنێك بێت ، با پرسیارێکی دیکەش بکەم خۆشەویستی ڕۆمانسی ، ئایا بەراستی جۆرێکی خۆشەویستییە و تەعبیر لە حاڵەتی عەشق ئەکات؟ یان ڕاشکاوانەتر ، ئایا خۆشەویستی ڕۆمانسی خۆشەویستییە؟ یان زیاتر پەیوەندی خۆشەویستییەکی ناکامڵە؟**

**چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە ڕۆمانسییە گوایە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ عەقڵانییەتی هاوسەرداریەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندخوازانەوە، سەریهەڵداوە.**

**ڵێ با بپرسین لەم پرۆسەیەدا ،عەقڵ لە کوێدایە.؟ ئایا پەیوەندی ڕۆمانسی ، پەیوەندییەکە خاڵی لە عەقڵانییەت؟ جا چ عەقڵانیەتێکی بەرژەوەند خوازی فیودال بێت، یان عەقڵانییەتی بەرژەوەند خوازی ڕۆشنگەری بێت؟ ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە زۆر گرنگیدان بە باڵاخوازی و بە پیرۆزکردنی ئازارو تلانەوە و حەسرەتەکانی مرۆڤ لەم پەیوەندییەدا، یەکەم لە پای چی؟ دووەمیش پەیوەندی خۆشەویستی و عەشق بەم ئازار و تلانەوانە چیە؟ ئایا سەرچاوەی خۆشەویستی سۆزەکانی چێژ و خۆشی بەخشی ئیجابین، ( هەرچەندە ئازار و تلانەوەش چێژو خۆشی خۆیان هەیە ) ، بەڵام ئێمە کە لەمیانەی باسێکی خۆشەویستی ئەم پێشبەرییانە ئەکەین ئەبێت بزانین ، خۆشەویستی تەنیا هەست و سۆز نیە، ئەمە یەك، دووەمیش تەنیا هەستەکانی ئازار و تلانەوەنین، سێیەمیش ئەکرێت لێکدانەوەی دی بۆ ئەو پەیوەندییە بکرێت کە لە سەر ئەم بنەمای ئازار و تلانەوەیە دائەمەزرێت وەك پەیوەندییەك کە زیاتر خەمی تێرکردنی نەزعە ماسۆشییەکانی مرۆڤیەتی و تا مەسافەیەکی درێژیش لە خۆشەویستی و عەشق دوور ئەکەوێتەوە، ئەگەرچی دیسانیشەوە ئەبێت ئاگامان لەوەش هەبێت کە خۆشەویستی خۆیشی ڕەنگە تێرکردنی غەریزە ماسۆشی و سادییەکانی دووکەس بێت لەگەل یەکدیدا، لە ناو یەکدیدا و پێکەوە، بەڵام بە پیرۆزکردنی ئازار و تلانەوە ، بەو مانایەی پەیوەندی نێوان دوو کەس ئەکاتە خۆشەویستی و عەشق ، ئەوەیان جێگەی ڕامانی منە،**

**مرۆڤ بە تەنیا هەست نیە و بە تەنیا عەقڵیش نیە و بەتەنیا جەستەش نیە، بەڵکو هەرسێکییانە پێکەوە، لەگەل خەیاڵ و ئەندێشە و ڕوح و لایەنی گەورەی مەعنەوی،**

**هەروەها عەشقیش تەنیا عەقڵ و جەستە و سێکس و سۆز نیە، بەڵکو هەرسێکیانە پێکەوە و لەگەل دیسانەوە خەیاڵ و ئەندێشە و ڕۆح و مەعنەویات،**

**ڕەنگیشە مرۆڤ بتوانێت لەگەل زیاد لە کەسێك عەقڵ و سۆزو جەستە بگۆڕێتەوە، وەڵێ مرۆڤ ئەتوانێت لەگەل چەند کەسێك دوای ئەمانە ئاوێتە بێت.؟ ببێتە ئەو تاقانەیەی لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا باسمان کرد؟ لێرەوە من ئەتوانم خۆشەویستی و ( هاوسەرداریەتی ) لە یەکدی جیابکەمەوە و بڵێم دووکرداری تەواو لە یەکدییەوە جودان و زۆربەی جارانیش هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە نیە، هەندێ لەو جیاوازییانەی لە نێوان هاوسەرداریەتی و خۆشەویستیدا هەیە لە خوارەوە ئەنووسمەوە،**

- **هاوسەرداریەتی ئەکرێت بڕیاری یەکێك لە دووکەسەکە بێت ، یان بڕیاری هەر دووکەسەکە بێت یان هی دوومالٚ بێت یان هی دووعەشیرەت بێت،**
- **خۆشەویستی هیچ کاتێك بە بڕیار نیە و نە هی کەسێك و نەهی هەردوو کەسەکە.**

- هاوسەرداریەتی بە هەڵبژاردن و لێگرتنە لە سەر بنەمای جوانی ، دەوڵەمەندی، ئەخلاق ، باشی، هتد، لەو بەها کۆمەڵایەتییانە.
- خۆشەویستی بە هەڵبژاردن نیە و کەس ئەویدیکە ئیختیار ناکات لەسەر هیچ بنەمایەك.
- هاوسەرداریەتی خاوەن بنەمایەکی ئابووری بەرژەوەند خوازی دووکەسە یان دوو بنەماڵەیە.
- خۆشەویستی خاوەن بنەمای ئابووری نیە و پرۆژە نیە تا پێویستی بە بنەمای ئابووری بێت.
- هاوسەرداریەتی پێویستی بە ماڵ و خێزان و بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە.
- خۆشەویستی پێویستی بەو شتانە نیە.
- لە هاوسەرداریەتیدا کۆمەڵێ ئامانج دەستنیشان ئەکرێت وەك دروستکردنی منداڵ و دامەزراندنی دەزگەی ماڵ و دابەشکردنی کۆمەڵێ ئەرك و ئیلتیزامات لە نێوان ژن و مێرددا.
- خۆشەویستی بێ ئامانجە،
- هاوسەرداریەتی جۆرە پەیوەندییەکە کۆمەڵ و قانوون و پارە و پوول و کەسەکان پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان لەگەل هەیە.
- خۆشەویستی پەیوەندی بەوانەوە نیە،
- هاوسەرداریەتی ئەکرێت رۆژێ لە رۆژان کۆتایی پێ بهێندرێ بە بڕیاری کەسێکی یان لایەنێك .
- خۆشەویستی کە دەستی پێکرد، کۆتایی نایەت.
- هاوسەرداریەتی لەسەر زۆر بنەمای وەك ئابووری و خێزانی و سیاسی و عەشیرەتی دەیان بنەمای دیکەی دوور لە خۆشەویستی ئەنجام ئەدرێت.
- خۆشەویستی لەسەر هیچ کام لەو بنەمایانە دانامەزرێت.
- هاوسەرداریەتی بە تەنیا بە عەقڵ یان بە تەنیا بە جەستە یان بەتەنیا بە سۆز ئەنجام ئەدرێت.
- خۆشەویستی بێی یەك لەم بەشانە ناتەواو ئەبێت.
- هاوسەرداریەتی ئەکرێت لەگەل زیاد لە کەسێك ،تا چوار ژنیش پێکەوە لە یەك کاتدا، جگە لە حاڵەتەکانی مردن و تەڵاقدانیش،کە ئەکرێت هەموو کاتێك ژنی تەڵاقدرا و یان مردوو بەهی دیکە قەرەبوو بکرێتەوە، ئەمە تەبیعی تەنیا بۆ پیاو و لە کۆمەڵی ئێمەدا.
- لە خۆشەویستیدا تەنیالەگەل یەك کەس لە هەردوو لادا، ئەکرێت.
- لە هاوسەرداریەتیدا هەردوو لایەن ئەتوانن لایەنی دیکەیان خۆشنەوێت و حەزی لێنەکەن و عاشقی نەبن.
- لە خۆشەویستیدا هەردوو لایەن ئاوێتەی یەك ئەبن و عاشق و مەعشوقی یەکدین.
- لەهاوسەرداریەتیدا سێکس ئەشێت بێ خۆشەویستی و عشق ئەنجام بدرێت و وەك شتێك کە هیچ پەیوەندی بە کەسەکانەوە نەبێت ئەنجام بدرێت، یەعنی بۆ دووکەسەکە رەنگە

ئەگەر زەغتی دین و قانون و کۆمەڵ و عەیب و شەرمە نەبێت بتوانن لەگەل کەسی دیکەشدا ئەنجامی بدەن.

- لە خۆشەویستیدا سێکس بەشێکە لە جەستەی ئەویدی و بەشێکە لە خۆشەویستی و عەشق و ئاوێتەبوونەکە،ناکرێت کەسەکان بگۆڕێن ، ئەمەش نەوەک لەبەر ئەوەی خیانەتێکە ئەو دووکەسە لەگەل یەکدی ئەیکەن، نا بەڵکو پەیوەندی بە و وشیارییە هەیە کە عەشق خەڵقی ئەکات لەبەرامبەر جەستە و ئافرەت و پیاودا کە دیتنی مرۆڤێك تەنیا وەك جەستە، تەعبیر لە سیستمێکی هزری ئەکات کە دوورە لە سیستمی هزری خۆشەویستی.
- لە هاوسەرداریەتیدا خیانەت ئەکرێت.
- لە عەشقدا ناکرێت.
- لە هاوسەرداریەتیدا ئەگەر لێبوردن هەبێت ئەوا وەك تەنازولی لایەك بۆ لایەکی دیکە تەماشا ئەکرێت،
- لە خۆشەویستیدا لێبووردەیی وەك چەمکێکی وشیاری عاشق رەهەندی دیکە و مەدلوولاتی زۆر قوڵتر و فراوانتری هەیە، و بەشێکە لە بنەمای کردارەکە.
- لەهاوسەرداریەتیدا ئەکرێت بە چاوی زەرەرو قازانج تەماشای پەیوەندییەکە بکرێت.
- لە خۆشەویستیدا نە زەرەرو نەقازانج وەك بەها ئامادەییان نیە.
- لە هاوسەرداریەتیدا ئەکرێت وزەی ژیان و تامی دونیا و خۆشی لە ناو ببرێن.
- خۆشەویستی خۆی بەرەڵاکردنی وزەی ژیانە.
- هاوسەرداریەتی بێی ئافەرینکردن و شەرعیەتدانی دینی ناکرێت ئەنجام بدرێت.
- خۆشەویستی بێی ئەو شەرعییەتدانە لە دایك ئەبێت.
- دین ئەتوانێت رێ لە هاوسەرداریەتی بگرێت.
- دین ناتوانێت رێ لە خۆشەویستی بگرێت.
- شۆڕش ئەتوانێت رێ لە هاوسەرداریەتی بگرێت.
- شۆڕش ناتوانێت رێ لە خۆشەویستی بگرێت.
- هاوسەرداریەتی تەبا و دۆستە لە گەل کۆمەڵدا.
- خۆشەویستی دوژمنی کۆمەڵە.

ئەمەو خۆشەویستانم ئێوەش ئەتوانن بە دەیان جیاوازی دیکە بنووسن و باسیان بکەن.

## سەرچاوەکانی خۆشەویستی

وەك گووتم خۆشەویستی پێویستی بە خێزان و ماڵ و بنەمای ئابووری نیە، تا ئەو کاتە نەبێت کە بەردەوامی ئەو پەیوەندییە جێبەجێ ناکرێت لە کۆمەڵگایەکدا، کە یەکەم خۆشەویستی ناناسێت

**دووەمیش شەرعییەت بەو خۆشەویستییە نادات ، ئەگەر نەکرێتە قالبی هاوسەردارییەتی و پێکەوەنانی ماڵێکدا.**

**عاشقانیش لەم کۆمەڵگایانەدا وەك هەموو تاکەکانی دیکەی غەیرە عاشقیش ئازاد نین لە مومارەسەکردنی ئارەزوو و حەز و ویستەکانییان، ناتوانن مومارەسەی عەشق بە ئاشکرایی بکەن، یان ئەگەر بشکرێت مومارەسەی بەشێکی عەشقەکان ئەکرێت، هەر عەشقێکیش بە هەموو بەشەکانییەوە مومارەسە نەکرێت، ناکرێت بە عەشقێکی تەواو و کاملان ناوی بەرین، ئەزانم لێرەدا من کەسانی عاشقم هەن و عاشق و مەعشوقن، لیٚ کرداری عەشقەکەیان تەواو نیە و ناکرێت بڵێین ئەوانە عەشقێکی تەواو ئەکەن.**

**لە کۆمەڵی ئێمەدا ، خۆشەویستی بە شێوەیەکی ناکامل دروست ئەبێت و رووئەدات، بەڵام دوایی ئەبینین، بەردەوامی پەیوەندییەکە بەو شێوەیە ناکرێت کە عاشقان خۆیان مەبەستییانە و ئەیانەوێت بە ئازادی ئەو مومارەسەیە بکەن.، دواییش کێشەی ئاشکرابوون و قسە و قسەڵۆك چاوی خەڵکی و ترس لە زمانی عالەم، وا ئەکات پەیوەندییەکە نەگاتە ئاستی کامل بوون، بەوەی هەردوو کەسەکە عەقڵ و سۆز و جەستە بە بەردەوامی لەگەل یەك بگۆڕنەوە و بگەنە پلەی ئاوێتە بوون،**

**لێرەدا ، ئەگەر دوو تاکەکە گەیشتنە رادەی هاوسەردارییەتی و پێکەوەنانی خێزانێك و ماڵداری کردن، لێرەشدا کۆمەڵیٚ کێشەی دیکەی رۆژانە و ژیانیانەی ئابوری و کۆمەڵایەتی دێنە پێشەوە کە بەردەوام کاریگەری سلبی لەسەر پەیوەندییەکان ئەبێت، بێگومان مەبەستم تەنیا خراپی باری ئابووری نیە، بەڵکو لە باشترین باری ئابوریشدا دیسان هەمان کێشەکان رووئەدەن و هەمان رەهەندی باری خراپ ئاشکرا ئەکەن،**

**چونکە لە بنەمادا پەیوەندی خۆشەویستی کە لەسەر بنەمای ئابوری ئاوا ناکرێت و عیلاقەی پێیەوە نیە، بە باش و بە خراپەوە، ئەوا خۆشەویستی خۆی وەك چەمکێکی تایبەتی نێوان هەردووکەس کە بە ئەقڵ و سۆز و جەستەوە لەگەل یەکدی مومارەسەی ئەو ژیانە ئەکەن بیٚ ئەوەی بنەمایەکی ئابووری یان رۆشنبیری یان هەر بنەمایەکی دیکە دەستی لەو هەڵبژاردنە، لەو مومارەسەیەدا هەبێت، ئاوا ئەم بنەمایانە جارێکی دی دوای دروستکردنی ماڵ و دامەزراندنی سیستەمێك بۆ ژیان و گوزەرانی ئەو دووکەسە، لە ناو ماڵێکدا،کۆمەڵیٚ دەلالاتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و رۆشنبیری پەخش ئەکاتەوە، ئیدی لێرەدا کۆمەڵیٚ پەیوەندی ئەکەوێتە نێوان ئەو دووکەسەوە، کە ئەڵێین دووکەس، مەبەستم ئەوەیە ئەو دووکەسە کەلەبەر باری کۆمەڵدا نەتوانراوە عەشقەکەیان کامل بکەن وکاتێك لەگەل یەك لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئازاد ئەبن کە بەیەکەوە بژین ( واتە هەمووکاتێك یەکدی ببینن و فکر بگۆڕنەوە و سۆز بگۆڕنەوە و سێکس بکەن و بیٚ ئەوەی قسەو قسەڵۆك هەبن و کۆمەڵیش شەرعییەت بەو کارانەیان ئەدات ) کاتێك ئەو شەرعییەتە دروست ئەبێت لە پاڵیشیدا کۆمەڵیٚ ئەرکی دیکەی خێزانی و ئابووری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دروست ئەبن کە دیسانەوە بەشێکی زۆری ئازادییەکانی تاك زەوت ئەکرێن و ناتوانرێن مومارەسە بکرێن،**

**یەعنی خۆشەویستی کردارێکە بەر لە دامەزراندنی دەزگەی خێزان لەبەر نەبوونی ئازادی تاکەکەس لە کۆمەڵدا و هەبوونی کۆمەڵیٚ قەیدی کۆمەڵایەتی و دینی و ئەخلاقی و رۆشنبیری ،هتد،کامل و تەواو نابێت، دوای دامەزراندنی خێزانیش کۆمەڵیٚ قەیدی دیکەی ئابوری و کۆمەڵایەتی دیکە سەر هەڵئەدەن،**

له هەر دوو باردا عەشق نابێتە کردارێکی تەواو و کامل، مرۆڤەکانیش ناگەن بە عەشق و نابنە عاشقی تەواو و کامل،

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشیٚ، ئایا عەشق کە هەبێت واتە عەشقێکی تەواو وکامل و هەرسیٚ پنتە سەرەکییەکەی عەقلٚ و سۆز و جەستە ئامادەن و دوو کەسەکەش ئاوێتە بوون، یان ئەکرێت عەشقێك هەبێت یەك یان دوو جەمسەری تێدا نەبێت و ئەویدیکەی هەبێت و دوو کەسەکەش ئاوێتە نەبووبن بە تەواوی؟ واتە ئەگەر تێکەڵیش بووبن لیٚ نەیانتوانیوە رەنگێکی نویٚ خەڵق کەن، لەم حاڵەتەدا ئایا ئەمە عەشقێکی ناکاملە یان ئەسڵەن ناتوانین بەو پەیوەندییە بڵێین عەشق و تەنیا لە مەجالی پەیوەندییەکی هەستەوەری یان سۆزداری بیٚ عەقڵداری و جەستەداری ئەمێنێتەوە؟

لێرەدا ئەتوانین ئەو پرسیارە دووبارە بکەینەوە کە عەشق تەنیا یەك جۆرە؟ یان زۆر جۆری هەن؟ لیٚ لێرەدا بەو مانایە نا، باس لە پۆلینی عەشق بکەین بەوەی بە رۆمانسی سەریهەڵداوە و بە مۆدێرن گەیشتووە و لەو ناوەشدا عەشقی ئەفلاتۆنی و ئاگرینی و پاکیزەیی و هتد، هەن.

بەڵکو مەبەستمە بڵێم ئەکرێت بپرسین عەشق هەیە سۆز و جەستەیە ، هەشە عەقلٚ و سۆزە، هەشە عەقلٚ و سۆزو جەستەیە، هەشە هەر سێکییانە بە ئاوێتەبوونەوە، هەیە تەنیا عەقڵە.، هەیە تەنیا جەستەیە، هەیە زیاتر سۆز و روحە، هەیە سۆز و روح و ئەندێشەیە، لیٚ لێرەدا لە هەر هەموو بارەکاندا نە ئازار و نەتلانەوە سەرچاوەی سەرەکی ئەو عەشقانە نین، بەڵکو سەرچاوەکەیان عەقلٚ یان سۆز یان جەستە ئەبێت،

### ئەگەر سەرچاوەکە عەقلٚ بێت:

ئەوا بە مانای تێگەیشتن و ناسین و گەڕان و کەشفکردن و پەیوەندیکردنێکی هوشیارانەی عاقڵمەندانەی دوور لە بەرژەوەندخوازی مادی و بتوانێت بەرامبەر بناسێت و ئاوێتەی بێت، دیاریشە لێرەدا مەبستم ئەوەنیە بڵێم هەردووکیان یەك بیرو بۆچوونیان سەبارەت بە چەمکەکانی ژیان و دونیا هەبێت و هەردووکیان وەك یەك شت لێکبدەنەوە و باوەڕیان پێبێت، تەنانەت رەنگە جیاوازی لە نێوان هەردووکیان لەسەر خودی چەمکی عەشقیش هەبێت و لەزۆر رووەوە لە یەکدییەوە دژی باوەڕی یەکدیش بن، وەك ئەوەی یەکیان زۆر بە دین بێت و باوەڕی بە لێکدانەوەی دینی هەبێت بۆ دونیا و چەمکەکان، ئەوەی دیش بە پێچەوانەوە باوەڕی دیکەی هەبێت، رەنگە هەر دووکیان لە تەفاسیلی ژیاندا زۆر جیاواز و لە یەکدییەوە دووریش بن، وەلیٚ هەردووکیان لەسەر کۆمەڵیٚ بنەماوە کۆکن و یەك هەڵوێستن ، هەر بۆ نمونە هەردووکیان باوەڕیان بە ئازادی تاك هەبێت، بە دیموکراتی لەماڵدا ، بەقسە و گفتوگۆکردن لە جیاتی شەڕ، بە رێزگرتنی بەرامبەر، بەگەورەیی مرۆڤ،هتد، ئیدی مەبەست لە عەقلٚ ئەمەیە کا ئەو دوو تاکە چەندین پنتی هاوبەشیان هەیە کە لە سەر ئەو پنتە هاوبەشانە چارەنووسی هاوبەش دروست ئەکەن.

### ئەگەریش سەرچاوەی عەشقەکە سۆز بوو:

ئەوا سۆزیش بە مانای گۆڕینەوەی هەستەکان لەگەلٚ یەکدی، کە دیسانەوەش ئەڵێم رەنگە سۆزەکان وەك یەك گەرم و گوڕ یان ساردو سڕ نەبن، رەنگە جیاواز بن و لێکەوە دوور بن، چونکە گومانی تێدا نیە سۆزی هیچ کەسێك رێك وەك سۆزی کەسێکی دیکە نیە، هەرگیز دووکەس وەك یەك

**سۆز وەرناگرن و نادەن، هەمیشە بە جیاوازی مرۆڤەکان سۆزەکانیش جیاوازن، لێ لە کردەی عەشقدا ئەو دووکەسە سۆز ئەدەنە یەکدی و لە یەکدییەوە وەرئەگرن، ئەتوانن سۆزەکانیان لەناو یەکدیدا فەنا بکەن و بەردەوام لە پرۆسەی فەنابوون و نەفیکردنی سۆزەکانی یەکدییەوە بن،**

**ئەگەریش سەرچاوەی عەشقەکە جەستە بوو:**

**بەمانای حەزە سێکسی و ئەو حەزانەی جەستە و لەش بۆ مرۆڤی دروست ئەکەن، ئیدی رەنگە جەستە تەنیا سەرچاوەی ورووژانی وزەی سێکسی نەبێت بۆ مرۆۆ یان بۆ عاشقەکان، رەنگە جوانترین خەیاڵ و سحراویترین چێژی سێکسی و شەهوەت و جوانی لە جەستەکانیان وەربگرن، جەستە تەنیا ئەو پنتانە نین کە جێی بایەخی مرۆڤن لە سێکسدا، بەڵکو پرچ و برژانگ و چاوو ددان و گەردەن و هتد، جێگەی بایەخن لە کردەی عەشقدا، و هەر شوینێك لە جەستە خاڵی نیە لە جوانی و پەخشکردنی جۆرەها ئاماژە و ئیشاراتی ژیاندۆستی و عەشقاوی و پڕ بەهای مرۆڤانە، هەر بۆ نموونە زەردەخەنەی سەر دوولێوی سووری یان پەمبە رەنگە ئیحای جوانترین هەست بە مرۆۆ ببەخشێت پێکەنینێك رەنگە ببێتە هەوێنی بەسەربردنی خۆشترین شەو لە دیار ئەو پێکەنین و تریقانەوەیە،**

**با ئەوەش بڵێم ، سێکس یان جەستە لە عەشقدا پنتێکی هەرە حەساسی مرۆۆ و کرداری عەشقە، چونکە فکر و سۆز ئەکرێت لەگەل زۆر کەس و شتدا دامەزرێت، مرۆۆ ئەتوانێت سۆز بداتە گوڵێك ،کەنارییەك ،کۆترێك، پشیلەیەك، لێ جەستە جیاوازە، مرۆۆ عاشقی جەستەی کەسێکی دیکە ئەبێت، کوڕ هی کچ و کچیش هی کوڕ، واتە لە رەگەزێکەوە بۆ رەگەزێکی دیکەی جیاواز، وەك خۆی نا،**

**بێگومان دیارە ئەزانم هەیە حەزی لە هەمان جەستەی وەك خۆی ئەکات ، یان هەیە هەتا سێکس لەگەل زیاد لە کچێك ئەکات یان هەتا سێکس لەگەل شتی دیکە ئەکات، لێ لێرەدا رەنگە باشیش نەبێت بڵێم سێکس ، چونکە رەنگە ئەم پەیوەندییانە ، وەك کوڕێك لەگەل کوڕێك یان مێ لەگەل مێ ، یان مرۆۆ و شتێك یان ئاژەڵێك، یان هەتا هەموو پەیوەندییەکانی نێر و مێش ناکرێت پێیان بڵێین سێکس یان جنس، رەنگە بۆ هەموو حاڵەتێك لەوانەی سەرەوە تەفسیری دیکە وناوی دیکە هەبن بتوانین باشتر بیانناسین،هەروا بەئاسانی بەو کردارانەوە ناکرێت بڵێین پەیوەندی سێکسی، یان هەرچ نەبێت پەیوەندی سێکسی ئاسایی ،ئاسایی : بەمانای تەعبیرکردن لە رۆحی عاشق بکات لە سێکسدا، کە ئەویش ئەوەیە تەواو بارگاوییە بە جەستەی یەك کەس ، یەك تاقە کەس، لەلای هەردوو تاکەکاندا، بارگاوییە بە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەو کەسە، سێکس لێرەدا تەنیا جەستە نیە، بەڵکو چەند دەستلێدان و مژین و سوڕی ئاسایی سێکسە وەك جەستە، هەندەش نەشوەی روح و چێژی هەستەکان و درککردنی عەقڵیشە بە گەورەیی مرۆۆ کە ئەتوانێت ئەو هەموو خۆشی و جوانی و مرۆڤایەتییە بڕژێنێتە ناو جەستە و دڵ و روحی مرۆڤدا،**

**ئیدی لێرەدا خوێنەری بەڕێز چەند لەگەل ئەوەیت کە عەشق کردەیەکە پێویستی بە هەرسێ تەوەری عەقڵ و سۆز و جەستە هەیە و چەندیش لەگەل ئەوەیت کە ئەکرێت و ئەشێت عەشق هەندێجار بە هۆکاری زۆرەوە تەنیا بتوانێت بگاتە دوو تەوەر یان یەك و هەندێجاریش هەرسێ تەوەرەکە.**

**لێ خوێنەری خۆشەویست تۆ بڵێیت مرۆۆ بتوانێت بە تەنیا بە عەقڵ بۆ نموونە ئاوێتەی کەسێکی دی ببێت و ئەو کەسەش ئاوێتەی ئەو بێت، یان تەنیا بە سۆز یان تەنیا بە جەستە ، ئەو ئاوێتەبوونە رووبدات؟!**

ئـەی ئەگـەر روونـەدات؟ پەیوەندییەکـە ئەگاتـە ئاسـتی عەشـق و خۆشەویـستی؟ یـان دیـسان ئـەو پرسیارە بکەینەوە یان ئەگاتە ئاستی عەشق ، بەڵام عەشقێکی کامل نا؟!

تـا ئێـرە خۆشەویـستان ئـەوەی گـوتراوە، هیـچی بـۆ سـەلماندن و سـەپاندن نیـە بەقـەد ئـەوەی بـۆ دروستکردنی پرسیاری زیاتر و بەردەوامن سەبارەت بە خۆشەویستی،

لێ بالێرەدا ئەوەش بڵێم ، خۆشەویستی ئەگەر وەڵامێك بێت ، ئەوا پێموایە وەڵامـە بـۆ خواستـەکانی عەقڵ و سۆز و جەستە و رۆح و خەیاڵی مرۆڤ، ئەگەر گەڕانێك بێت مومکین نیـە گـەڕان نـەبێت لـە عـەقڵ و سۆز و جەستە و رۆح و خەیاڵی مرۆڤ،

ئەگەر سەفەر بێت ، ئەوە سەفەرێکە بەرەو قوڵترین و گـەرمترین پنتـەکانی عـەقڵ و سـۆز و جەسـتەی مـرۆڤ، لێ نـە هـەرمرۆڤێك، مرۆڤێك لەرەگـەزی دیکـە و کەسـێکی بـێ وێنـە و نایـاب، کەسـێك کـە لەکـەس ناچێت و لـە منیش ناچێت و هـەوڵ ئـەدەم لـەناو ئـەودا خـۆم فەناکـەم و ئـەو لـەناو خۆمـدا فەناکـەم ، بـە هەردووکمانەوە ببینە تاقانایەك،

* * * * * *

## لە خۆشەویستییەوە بۆ پەیوەندی

## لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی

رەنگە لێرەدا باش بێت بێم ئەوەش باس بکەم کە هەندێجار وا رێك ئەکەوێ کە کەسێك چ کچ چ کوڕ ، هەست ئەکات کەسێکی خۆشئەوێت و ئەزانێت ئەو بە عەقڵ و سۆز و جەستەوە روو لەو کەسە ئـەکات، لێ ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی دیکە هەمان هەست و سۆز و رووکردنەی نەبێت ، لەو کاتەدا ئایا ئەکرێت بە هەستی ئەو کەسە بۆ کەسی دووەم بڵێین خۆشەویستی یان عەشق ؟ و بەهەستی کەسی دووەم بۆ یەکەم بڵێین خۆشەویستی نیە؟ یەعنی ئەکرێت پەیوەندی کەسی یەکـەم بـە کەسـی دووەم خۆشەویـستی بێـت ، لێ پەیوەنـدی کەسـی دووەم بەیەکـەم خۆشەویـستی نـەبێت؟ ئایـا ئـەکرێت پەیوەندییـەکی لـەم بابەتـەوە هەبێت؟

رەنگـە ئـەوە بمانباتـە سـەر ئـەوەی سـەرەتا پرسـیار بکـەین کەسـی یەکـەم پـێش ئـەوەی بـاش کەسـی دووەم بناسێت توانیویەتی بە عەقڵ و سۆز و جەستـەوە تێکـەڵی بێـت؟ ئایـا ئـەکرێت ئێمـە پـێش ئـەوەی قسە لەگەل کەسێك بکـەین لـە رووی هزرییـەوە تێکـەڵ بەیـەك بین و یەکدی بناسین؟ ئایا ئەشکرێت بـێ گۆڕینەوەی سۆز لەگەل یەکدی بتوانین سۆزی یەکدی قبـوڵ بکـەین و هەسـتی یەکـدی بناسـین؟ ئەگـەر لـە رووی جەستەییـشەوە تـەماسمان نـەبووبێت ئـەکرێت شـارەزای جەسـتەی یەکـدی بـبین و بـە ئاسـانی لەیەکەم بەریەککەوتندا تێکەڵ و ئاوێتەی یەك بین؟

ئەمـەوێت ئـەو پرسیارە بکەم،کە زۆربـەی چیرۆکەکانی خۆشەویـستی لـە لای گـەنجانی ئێمـەدا بـەوە دەست پێناکات کە کەسی یەکەم و دووەم باش یەکدییان ناسیبێت و شارەزای عەقل و سۆز و جەسـتەی

یەکدی بووبن، ڕەنگە زیاتر لە ڕووی جەستەییەوە بە حوکمی ئەوەی بە هەستی بینین تەماشا ئەکرێت و کەسەکان ناسنامەی جوانی بدەنە جەستەکە و قبوڵی بکەن و ئاسۆییەکی گەش و ڕۆشنی تێدا ببینەوە بۆ پەیوەندی کردن بە خاوەنی جەستەکەوە، لێ لە لایەنی هزری و سۆزدارییەوە شارەزای یەکدی نین و ناشتوانن تێکەڵی یەکدی بن،

ئەکرێت ناسینی جەستە بە تەنیا بەس بێت بۆ سەرەتای دامەزراندنی پەیوەندی خۆشەویستی؟ و دوای ناسینی جەستە کەسەکان هزر و سۆز و ڕوحی یەکدیش بناسن و ببنە خودان عەشقێکی تەواو؟

یان نەخێر نابێت و ئەو پەیوەندییە نابێتە خۆشەویستی ئەگەر لە سەرەتادا هەر سێ بەشەکەی تێدا ئامادە نەبێت؟

چونکە مەرج نیە ناسینی جەستە ببێتە پردێك بۆ پەڕینەوە بۆ ناسینی هزر و سۆزەکانیش، ڕەنگە خۆشەویستییەکە تەنیا بۆ جەستە بێت و دوایش دوای ماوەیەکی کەم یان زۆر کۆتایی پێ بێت، لەم کاتەدا نابێت بڵێین پەیوەندییەکە خۆشەویستی بوو،

بەڵام خۆ ڕەنگیشە دوای ناسینی جەستە و دەستپێکردنی هزر و سۆز گوڕینەوە پردی نوێتر و بەهێزتر لە جەستە لە نێوان دووکەسەکە دروست بن و بگاتە ڕادەی عەشق ؟

ئەمەیان ڕەنگە بقەومێت بەڵام ڕەنگیشە نا، یەعنی سەرەتای پەیوەندییەکە خۆشەویستی نیە، بەڵام دوایی بۆی هەیە لەگەل گەشەکردنیدا ببێتە خۆشەویستی.

ئەگەر بەم واتایە بێت ئەو چیرۆکانەی سەرەتا لە خاڵێکەوە دەست پێئەکەن و مرۆڤ پێی وایە کەسەکەی خۆش ئەوێت بۆیە ئەچێت موسارەحەی ئەکات ئەوانە پەیوەندییەکن هێشتانەکە نەگەیشتوونەتە ڕادەی خۆشەویستی ، بەڵکو سەرەتای پەیوەندییەکن یان پردێکن ئەگەر بێتوو دووکەسەکە بتوانن بەشەکانی دیکە لەگەل یەك بگۆڕنەوە و تێکەڵ بن ئەوا ڕەنگە ببنە خۆشەویستی یەکدی، بەڵام ئەوەی سەرەتا ڕەنگە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی کراوەو ئازاد بین ئەوە بێ ئەوەی پەیوەندییەکە بکەینە چوارچێوەی خۆشەویستی و حەزلێکردنەوە ئەوە ڕەنگە ئەم پەیوەندییە زۆر بە ئاسایی لە نێوان تاکەکانی هەر گرووپێکدا ڕوودبدات بەوەی قسە لەگەل یەك بکەن و پەیوەندی برادەرانە یان وەك هەردوو خوێندکار بەیەکەوە یان کرێکار پێکەوە یان فەرمانبەر لە شوێنێك بە هۆی کارەوە پەیوەندی بەیەکەوە بکەن، ئەو پەیوەندییە سەرەتایە بۆ برادەرایەتی و یەکتر ناسینی زیاتری یەکدی و پردێکە بۆ پەڕینەوە بۆ پەیوەندییەکی جوانتر و بەهێزتر و قووڵتر کە دوور نیە ببێتە خۆشەویستی،

چونکە مەعلومیشە لای ئێمە دەرفەتی ئەوە زۆر کەمە کە تۆ بەهەر سێ بەشەوە تێکەڵاوی کەسێکی دیکە بیت و ئنجا داوای خۆشەویستی لێبکەی، بەڵکو کۆمەڵگەی ئێمەی ڕەنگە تەنیا دەرفەتی تەماشاکردن بدات نەوەك تێکەڵ بوون و یەکدی ناسین و پەیوەندی کردن، بۆیە زۆربەی خۆشەویستییەکان لە جیاتی ئەوەی دوای پەیوەندیکردن دروست بن، بە پێچەوانەوە لێرەدا پەیوەندییەکان دوای موسارەحەکردن و بەڵێنی خۆشەویستی دان بەیەکدی دروست ئەبن؟؟!! کە ئەمەش پێچەوانەی کردەی هەم خۆشەویستی و هەم پەیوەندیکردنە، بۆیە ئەوەی سەرەتا بە خۆشەویستی ناوی ئەبرێت ئەو تەنیا سەرەتای پەیوەندی دووکەسە، ئەوەی ئەبێتە پەیوەندیش ڕەنگە کردەی خۆشەویستییەکە بێت، یەعنی سەرەتا خۆشەویستی دەست پێئەکات ئینجا پەیوەندیکردن، لێرەدا خۆشەویستییەکە ڕادەی پەیوەندی دووکەسەکە نیە، بەڵکو پەیوەندییەکە ڕادەی خۆشەویستی

دووکەسەکەیە، ؟! ئەمەش دووره لەو تێگەیشتنەی ئێمە بۆ پەیوەندی و خۆشەویستی پێشبەری ئەکەین،

هەر رەنگە لەم سۆنگەیەشەوە بڵێم ئەمە سەرەکیترین هۆکارە بۆ ئەو کۆتاییەی کە کەسەکان لەو پەیوەندییە ئەیگەنێ و پێیان وایە شکستی چیرۆکی خۆشەویستییانە، بەڵام لە راستیدا ئەمە شکست و کۆتایی هاتنی چیرۆکی خۆشەویستییەك نیە کە ئەو دووکەسە بڕیاری جیابوونەوە و کۆتایی لەسەر ئەدەن ، بەڵکو تەنیا بڕینی ئەو پەیوەندییە لاوازەیە کە نەتوانراوە گەشەی پێبدرێت و بگاتە رادەی پەیوەندی خۆشەویستی، بە هیچ جۆرێك ئەوانە کۆتایی عەشق نین ، تەنیا و تەنیا کۆتایی پەیوەندییەکن کە هەر لە بنەمادا بە ناوێکی لە خۆی گەورەتر بارگاویکراوە، پەیوەندییەکە لەلای هەردووکەسەکەوە نەناسراوە و ناسنامەیەکی حەقیقی نەبووە، بۆیە ئەبێت دڵنەوایی ئەو گەنجانە بدەینەوە کە ئەوان پێیان وایە هەر یەکەیان خاوەنی دوو یان سێ یان زیاتری چیرۆکی خۆشەویستی و عەشقی شکست خواردوون، من پێیان ئەڵێم کوڕو کچە جاو جوانەکان هێشتانەکە نەبوونەتە خاوەنی چیرۆکی خۆشەویستی خۆتان، کە بوونە خاوەن ، دڵنیابن شکستی تێدا ناهێنن؟!

* * * * * *

## درككردنی خود

هەر لەم بەشەدا وتەیەکی فرۆم ئەخوێنینەوە کە ئەڵێت ( *خۆشەویستی تەنیا ئەوکاتە ئیمکانی هەیە کە دووکەس لە کانگای بوونی خۆیانەوە لەگەل یەکتردا گفتوگۆ بکەن. واتە هەر یەکەیان خۆی لە کانگای بوونی ئەویتردا دەرك و ئەزموون بكا* )

لێرەشدا ئەپرسین مرۆڤ چۆن و بە چ رێگەیەك ئەتوانێت خۆی لە کانگای بوونی ئەویتردا دەرك و ئەزموون بکات؟ کە دەڵێین ( خۆی ) ئەزموون بکات ، یەعنی چی؟

( خۆی ) چیە ؟ ئەگەر عەقڵ و جەستە و سۆز و روحی خودەکان نەبێت؟ بە چیش و لە چ کاتێکدا ئەو خودانە خۆیان لە کانگای یەکدی ئەبیننەوە، ئەگەر بە گۆڕینەوەی عەقڵ و سۆز و جەستە نەبێت؟

هەروەها پرسیارێکی دیکەش لەم پەرەگرافەدا دروست ئەبێت کە سەرەتا ئەڵێت (خۆشەویستی راستەقینە ) ئەم وشەی ( راستەقینە ) جۆرێکی دیاریکراوی خۆشەویستی دەستنیشان ئەکات و بە مەجازیشەوە پێمان ئەڵێت کە جۆرێکی دیکەی خۆشەویستیش هەیە کە رەنگە درۆ بێت و یان ساختە و یان قۆپیە بێت.؟؟! ئەگەر وابێت ئەوا تێئەگەین کە لە خۆشەویستی درۆزنانە و ساختەدا خودەکان ناتوانن خۆیان لە کانگای بوونی ئەویتردا دەرك و ئەزموون بکەن،

باشە لێرەدا ئایا ئەو پەیوەندییە هەر لە بنەڕەتدا خۆشەویستی نیە؟ یان خۆشەویستییە، بەڵام خۆشەویستییەکی درۆزنانەیە؟ باشیشە لێرەدا بڵێم ئەرستۆ ئەڵێت ( ئەو خۆشەویستییەی رۆژێ لە رۆژان کۆتایی پێهات ئەوا لە بنەمادا خۆشەویستی نەبووە،)

ئەگەر پەیوەندیش گەیشتە ئەو رادەیەی واقیعبوونی مرۆڤ بەیانکات کە لە کانگای بوون دایە وەك فرۆم باسیکرد، و ژیان و ئەڤینیش هەر لەوێن، ئیدی ئەم کانگای بوونە ئەبێت ئەو ئاوێتە بوونە دروستی کات کەوا لە مرۆڤەکان ئەکات وەها ئاوێتەی یەکدی بن تاوەکو رەنگی زەرد و شین کە

کەسکیان دروستکرد، ئەبێت ئەو دوو تاکە کەسەش لەو ئاوێتە بوونەدا لە خەڵقکردنی تاقانەیەکدا بگەنە ئەو کانگای بوونە، تا لەوێوە بەردەوام ئەو کانگا نوێیە بن پێکەوە، کە هەمیشە توخمێکی یان رەگەزێکی نوێن و هەمیشەش بەو نوێیەتییە بەرەو سەرووتر هەڵئەکشێن وەك لە نموونەی ئاویشدا روونمان کردەوە. خۆ ئەگەر ئاو شیبکەینەوە ئەوا ناتوانین دیسان هەمان هایدرۆجین و ئۆکسجینی جارانمان دەست کەوێتەوە، بەڵکو ئاومان هەیە ، ئەو رەگەزە نوێیەی لە ئاوێتەبوونی دوو رەگەزدا دروست بوو، بۆیەشە نەوەك تەنیا ئەو خۆشەویستییە تێکۆشانێکی هەمیشەییە و جوڵەیە و پێگەیشتن و هاوکارییە، بەڵکو زیاتر لەمە نەفیبونێکی بەردەوامی ئەو دوو رەگەزەیە لە رەگەزێکی بالاَتردا، نەفیبونی ئەو دوو تاکەکەسەیە لەناو کەسایەتییەکی بالاَتری نوێتری قوڵتری سۆزدارتری ناسکتری حەساستری وشیارتری زیرەکتر و جوانتر و سەوداییەکی هەمیشەییە لە هەموو ساتەکانی وجودیاندا، ئیدی نەفیبونی دوو وجودە بۆ وجودێکی رەهاتر و ئازادتر، بۆ خودێك کە سنوور لەگەل ئەویدیکەدا هەڵئەگرێت و تخوب لە نێوان ئەو و ئەویدیدا نامێنێت،

* * * * * *

## خۆشەویستی لە نێوان ئارەزوو و هەستکردندا

هەر لەم بەشەدا مام رێبوار خۆیشی پێژیٚ پێش ئەوەی بەشەکە بە کۆتا بێنیٚ باسی سیٚ بیرمەندی دیکە ئەکات کە یەکێك لەوانە ( فرانسوا فۆرکیە) یە لە ژێر ناوی وەهمی خۆشەویستیدا باس لە دوو تەوەری گرنگ ئەکات، یەکەمیان بە پەراوێزبوونی خۆشەویستییە لە ناو سەرمایەی مادیدا، دووەمیشیان کورتکردنەوەی مرۆڤە بۆ تەنیا عەقلٚ، بۆیەشە مرۆڤ خۆشەویستی بزرکردووە و ئەوەی ئەشکرێت لە وەهمی خۆشەویستی زیاتر نیە.

لێرەدا لە پالٚ ئەم دووتەوەرە گرنگەدا، لە پالٚ هەڵپەی مرۆڤەکان بۆ سەرمایەی مادی و دۆڕانی سەرمایەی رۆحی، یان مەعنەوی یان سۆزداری یان هەستەوەری ، یان عەشقدۆستی و ژیاندۆستی، دواییش ونکردنی چەند پارچەیەکی پڕ بایەخ و گرنگی مرۆڤ لەوانە دلٚ و سۆزی دلٚ، لەناو ئەم رەوشەی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، مرۆڤ بیری چووە کە مرۆڤ تەنیا عەقلٚ نیە، هەروەها لەبەر ئەم بیر چوونە و بزرکردنی پارچەکانی مرۆڤ ، مرۆڤ بە خۆشەویستی و عەشق نامۆ بووە و ، ئەم چەمکە بۆتە وەهمێك و مرۆڤ ناتوانێت بیناسێت و مومارەسەی بکات، لێرەشدا لەپالٚ ئەم رەوشەدا، شارەزای وشەیەکی دیکەی نویٚ ئەبین کە ئەویش وەهمی خۆشەویستییە، کە رەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان بتوانین بڵێین شێوەیەکی نویٚ یان جۆرێکیٚ نوێی خۆشەویستییە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا،

لێرەشدا پرسیارەکەی خۆمان دووبارە ئەکەینەوە ، خۆشەویستی ئەگەر حەقیقەت نەبێت، ئەکرێت وەهم بێت؟ شتێك هەیە بە ناوی وەهمی عەشق و عاشقە وەهمییەکان؟ چۆن ئەتوانین عشق بکەین و عاشق بین کە نازانین عەشق چیە؟ رەنگە کێشەی زانین هەندە گەورە نەبێت و رەنگە مرۆڤ عەشق بکات بیٚ ئەوەی پێشی بزانێت؟! بەو مانایەی رەنگە ئێمە ئاوێتەی کەسێکی دیکە بین عاشقی بووبین و عەشقی لەگەڵدا بکەین لە عەقل و سۆزی دلٚ و جەستە و روحدا، لیٚ نەتوانین پەی پیٚ ببەین و بیناسین و تەفسیری بکەین، ئەمەیان شیاوە و ئەلوێت، لیٚ ئەوەی شیاو نیە و نالوێت ئەوەیە لە کاتی زانینی

عەشقیشدا ، واتە ئەگەر مەعریفەشمان لەسەر عەشق هەبێت ، ئەوا مانای وا نیە کە ئێمە عاشقین و عەشق ئەکەین، لێرەدا ئەکرێت عاشقی عەشق بین ، بەو مانایەی ئێمە ئارەزووی عەشق بکەین نەوەك هەست بە عەشق بکەین، کە لێرەشدا لە نێوان ( ئارەزوو و هەستکردندا ) واتە ( رەغبە و شعورکردندا )جیاوازی زۆرە ( ئارەزووی خۆشەویستی ) و ( هەستکردن بە خۆشەویستی ) دوو چەمکی تەواو لە یەکدی جیان،

*لە یەکەمیاندا ئەکرێت خۆشەویستی بناسرێت و تەفسیر بکرێت و شەرح بکرێت ، لێوەك کردار ناکرێت، لە دووەمیاندا رەنگە نەناسرێت و تەفسیر نەکرێت و شەرح نەکرێت وەلێ بەکردار ئەکرێت،یان رەنگیشە بناسرێت و تەفسیر بکرێت و شەرح بکرێت و ممارەسەش بکرێت،*

ئەلێرەدا جیاوازی لە نێوان نمایشی خۆشەویستی و ژیانی خۆشەویستی بەدیار ئەکەوێت، کە رەنگە مەعریفەی زۆر و زەبەندی کۆمەڵگەی مۆدێرن و هاوچەرخیش ناتوانێت یەك زەرە عەشق بکاتە دڵمانەوە لە بارێکدا کە خۆمان ، خۆمان ونکردووە، لە کاتێکی دیکەدا رەنگە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیشدا کە خاوەنی خۆمانین وەك بویێکی عاقڵ و دڵدار و سۆزدار و خەیاڵدار و روحدار و جەستەدار و ، ئەوا با بیٚ مەعریفەش بین لەبارەی خۆشەویستی و دونیاش، بەڵام ئەتوانین ژیانی خۆشەویستی بژین، یەعنی خۆشەویستی بەزانین و نەزانین نیە، ئەگەر وابوایە ، نەدەبوو نەخوێندەوار و تەنبەڵەکان عاشق بن و عەشق بکەن، هەروەها ئەبوایە هەموو خوێندەوارەکانیش عاشقی گەورە بوونایە.

* * * * * *

## رۆژی خۆشەویستی

لەبەشی سێیەمی کتێبەکەدا کە دووتەوەری لە خۆ گرتووە، یەکەمیان ئاوابوونی خۆشەویستی و دووەمیشیان ترس لە خۆشەویستی، مام رێبوار لێرەدا لە ( باری خۆشەویستی ) دا بە ئنجیل دەست پێئەکات و بە باسی گروپی عاشقانی گەنجەکانی زانکۆی سلێمانی و رێپێوانی گەنجانی زانکۆی سەلاحەدین ئەگات، و ئەڵێت ( مەترسی ئاوابوونی خۆشەویستی بەشێکە لە واقیعی ژیانی کوردیشدا ) دواییش لەتەوەری دووەمدا دێتە سەر ترس لە خۆشەویستی و روونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەو ترسە لە کەلتورەکاندا و ترس لە ئافرەت و لە مێینە و دەرخستنی ئاستی هزری و فەلسەفی سەبارەت بە ئافرەت و روونکردنەوەی بەهای ئافرەت لە ئاست کلتورو رۆشنبیری گشتی کۆمەڵایەتیدا، و رەنگدانەوەی ئەم تێگەیشتنانە لەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکاندا.

دوای ئەوەش لەبەشی چوارەمدا مام رێبوار دێتە سەر باسی سەرەتاکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتییانە لە ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لە گوتاری رۆشنبیری کوردیدا، لە گەڕیدە خۆرهەڵاتناسەکانەوە دەست پێئەکات و ئەگاتە مەلا مەحمودی بایەزیدی و پیرەمێرد و کامەران موکری و لە بەشی پێنجەمیشدا باس لە ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردستاندا ئەکات. کەلەم بەشەشدا مام رێبوار بیرمان دێنێتەوە کە باسەکەی زیاتر لەوەی توێژینەوە و شیکارکردن بێت، دەربڕینی هەندیٚ سەرنجی تایبەتە.

سەرنجەکانی مام ڕێبواریش لەم بەشەدا ئەچنە خانەی کەشفکردنی عەقڵییەتی سەلەفی و ڕەخنەگرتن لەو عەقڵییەتە نێر سالار و کۆنخوازەی ڕێ لە نوێبوونەوە و بەها مرۆییەکان و بەختەوەری مرۆڤ ئەگرێ.

دیارە لەم ساڵانەی دواییدا، یان ڕاستتر دوای ڕاپەڕین، وەك مام ڕێبواریش زۆر جوان باسی ئەکات ، کۆمەڵگەی کوردی بە هەموو شێوەیەکەوە نێری کوردی وەها بە ئیمتیاز و گەورە کرد، بەهای هەندە گەورەی پێبەخشی، کە ئیدی بواری نەهێشتەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێی هیچی لێ بگیرێت بە تایبەتی تەماهەکانی جەستەی نێری کورد کە لەدوای ڕاپەڕینەوە وەك بورکانێك بەردەوام لە تەقینەوە و خۆهاوێشتن و گەورەبووندا بوو، لەولاشەوە ئافرەت یان مێ زیاتر و زیاتر ئەبووە تەنیا جەستە و سێکس،

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و بڵاوبوونەوەی زیاتری ئیسلامی سیاسی، دواتریش گۆڕانی باری ئابوری بەرەو باشتر و پەیدابوونی کۆمەڵێك لە دەوڵەمەندانی گەورەو قەبە، ئەمانە و گەلێ هۆکاری دیکەش وایکرد نێری کوردی سوود لە هەموو بەها و عادەت و عورفە دینی و کۆمەڵایەتییەکان ببینێت و گوتاری نێرینەی خۆی زیاتر و زیاتر پەرە پێبدات و سێکسی خۆیشی بە زیاترین و زۆرترین شێوە و لەگەل زیاترین مێ مومارەسە بکات. لێرەدا من نامەوێ سەرنجەکانی مام ڕێبوار دووبارە بکەمەوە، لێ ئەمەوێت ئەوە زیاد بکەم کە لەم دواییانەدا چۆن باس لە کێشەی بە قەیرەبوونی کچان ئەکرێت و هەوادارانی گروپە ئیسلامییەکانیش زیاتر چۆن پێشبەری فرە ژنهێنانی ئەکەن و چۆن تەنزیر بۆ ئەوە ئەکەن و بێ شەرمانەش ئەم داوایەیان تەرح ئەکەن وەك ئەوەی لە بەرژەوەندی کچە قەیرەکاندا بێت، دوای ئەوەش تێبینی ئەوە ئەکەین کە چۆن تەمەنی کچان ئێستاکە تاکە پێوەرە بۆ حسابکردنیان بە قەیرە و گەیشتۆتە رادەیەك کە ڕەنگە هەر لە نزیکەی سەرووی بیست ساڵییەوە کچ بە قەیرە حساب بکەن، ئەگەرچی قەیرە وەك چەمکێك خۆی جێگەی گومانی گەورە و ڕامانی زیاتر و بیری تیژتر و قوڵترە، جێی لەسەر وەستان و ناسین و لێکۆڵینەوەیە ، شایانی ئەوەیە لە ڕەگەکانی ئەم چەمکە بکۆڵدرێتەوە و بزانرێت چۆن دروست بووە و لەسەر دەستی چ ڕۆشنبیرییەك و کەلتورێك ڕۆژ بەرۆژ مەساحەیەکی زیاتر و زیاتری تەمەنی کچان و خوشکانمان داگیر ئەکات و چەندین کاریگەری سلبی لەسەر کۆمەڵ بە گشتی هەیە، بەڵام با ئێمە جارێ واز لەوە بێنین کە خۆی هەر ناوی قەیرە و چەمکی قەیرە ناوێکە پڕ لە بەهای نێرخوازانەی مەرەق بە کچی منداڵ و منداڵتر لە پێناو چێژی سێکسی و تەنیا سێکسدا،لە عەقڵییەتێکی تا سەر ئێسقان بەرژەوەندخواز، تەماع لە جەستەی ئافرەت، بەڵام وەك گووتم با جارێ واز لەم باسە بێنین و تەنیا ئەوەندە بڵێین کا ئەم بچووکردنەوەی مەساحەی تەمەن لەسەر کچدا تەماشایەکە چەند دوورە لە هەستی سۆزداری و پەیوەندییەکی مرۆڤانەدا، چەند تەماشایەکی بێ بایەخ و بێ بەها بۆ کچ و ئافرەت دروست ئەکات؟ دواییش چ تەعبیرێکی روون و ئاشکرایە لەسەر توڕەهاتیی هەندێ لایەنی پەیوەندییەکانی نێر و مێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا؟

خاڵێکی دیکەش ڕەنگە باش بێت لێرەدا سەرنجی بدرێتی ئەویش ئەوەیە دوای ڕووخانی ڕژێمی دکتاتۆری، دیاردەی لێشاوی ئەو کوڕە کوردە جوانانەیە ئەو گەنجانەی کە زادەی بیری کلتوری کۆمەڵی ئێستای کوردین ،وەك ئەوەی من ئاگەدارم کە لە شاری موسڵ بە لێشاو ڕوو لەو ماڵانە ئەکەن کە کچان و ژنانی عەرەب لەشی خۆیانی تێدا ئەفرۆشن و ئەو کوڕو گەنجانە لە پیسترین و نابووتترین بارودۆخدا مومارەسەی سێکس یان بە زمانی خۆیان ( سواربوون ) لەگەل ئەو مێیانە بە پارە ئەکەن و چۆن چۆنی

**ئەو مومارەسانە ئەکەن، چۆن باسی ئەو جووتبوون و مومارەسانە ئەکرێت و چۆن باسی کوڕە گەوادەکان و کچە قەحپەکان و پەیوەندی نێوان ئەوان و ئەوانەوە ئەکرێت ، ئیدی ئەوە گەنجانمان بە لێشاو روو لەو مالأنە ئەکەن و رۆژانە بە دەیان و سەدان گەنج ئەکەونە ناو ئەو پەیوەندییانەی پڕن لە تەماشای ناشیرن و دیتنی ناخۆش بۆ ژن و ئافرەت و مرۆڤ بە گشتی ، بۆ سێکس و جووتبوون و پەیوەندی لەگەل ئەویدیدا،بێگومان ئەو پەیوەندییانە ، ئەو رووکردنە ئەو مالأنە هەروا بە بیٚ کاریگەری سلبی بەسەر هزر و بیری ئەو گەنجانەدا رانابوورێت و هەرواش بە بیٚ کاردانەوەی خراپ بەسەر مالٚی ئەو گەنجانەدا تێپەڕ نابێت، هەرواش نابێت کە کاریگەری خراپ نەکاتە سەر ژیانی هەستەوەری و سۆزداری هەر گەنجێك لەو گەنجانە و لەسەر تەواوی کۆمەلٚی ئێستاماندا، بۆیە پێویست ئەکات زیاتر لەوبارەیە بکۆلٚینەوە و هەست بە مەترسی ئەو دیاردەیە بکەین و بزانین ئەم دیاردەیە چەند ئەتوانێت پەیوەندییەکانمان و روانینمان بۆ ژن و کچان پڕ کات لە گومان و ترس و نەخۆشی و ئاوابوونی خۆشەویستی.**

**چۆن وا ئەکات کار بگاتە ئەوەی ئەو گەنجانە دوایی زۆربەی کچانی ئەم ولأتەش وەك ئەو کچانە تەماشا کەن کە لە ماوەیەکی کورتتدا بەبەر چاوی ئەوان لەبن دەیان کەس رائەکشێن و جووت ئەبن بیٚ ئەوەی نە چێژێك و نە سۆزێك و نە هەستێکی خۆش و ئینسانییانە لەو جووتبوونانە وەرگرن، ئەترسم کار بگاتە ئەوەی کچە نزیکەکان و خوشکانیش بەو تەماشایە گەمارۆ دەن.،**

**دواییش بگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێش ئەوەی رۆژی خۆشەویستی لای گەنجانی کۆمەلٚگەکەمان لەدایك بێت و هەلٚبێت ، ئاوا ببێت؟!**

## بەشی دووەم

## خۆشەویستی لە بەیتە کوردییەکاندا.

### 1. خۆشەویستی لە بەیتی مەم و زیندا.

دیارە قسە کردن لەسەر بەیتە کوردییەکان و ئەدەبی کلاسیکی کوردی و تەنانەت نوێش بە شێوەیەکی گشتی ، بۆ ناسینی رەگی بابەتی خۆشەویستیلە لای کورددا چەند پێویستە هەندەش زەحمەتە، لە کاتێکدا ئەو بەیتانە وەك دەقی پیرۆز تەماشایان ئەکرێت و ستایشی ئەو پێشبەرییانە ئەکرێت کە لەو بەیتانەدا بۆ چەمکەکان بەرهەم هێنراون .. زەحمەتە ئێمە بێین و بە چاوی رەخنەگرتنەوە تەماشایان بکەین و بیانخوێنینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی قسەکانمان بیٚ بەڵگە و نیشانە نەبن باش ئەبێت خۆمان لە قەرەی ئەو بابەتانە بدەین و بە شێنەیی باسیان بکەین.

سەبارەت بە بەیتی مەم و زین، کە رەنگە بەربڵاوترین و بە ناوبانگترین بەیتی خۆشەویستی کوردی بێت و تا ئێستاش چەندین جار نووسراوەتەوە و باسکراوە و نمایشکراوە.

دیارە مەم وزین ئەو دووعاشقەن کە تا ئێستاش وەك رەمزی خۆشەویستی لە ناو ئێمەدا بەردەوام ئەناسرێنەوە،

دیارە ئێمە لە بەشی یەکەمدا پێشبەری خۆمان بۆ خۆشەویستی دیار کردو باسمان لە رەهەندە دینییەکانی عەشق کرد کە چۆن پەرپونەتەوە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا .. لە مەم و زینیشدا ئەم پەرپینەوەیە هەیە ،

سەرەتا کەسایەتی مەم خۆی کەسایەتییەکە پڕ لە رەهەندی دینی و غەیبانی بەوەی هەر رسکانی لە ناو سکی دایکیدا بە شێوەیەکی سروشتی سك پڕبوون دروست نابێت بەڵکو باوکی (براهیم پاشا) شەوی جومعە دەستنوێژ هەڵئەگرێت و ئەو سێوەی کە وەیسەلقەرەنی لە پشت سەری داناوە سێوەکە ئەکاتە دوو لەت و خۆی و ژنەکەی سێوەکە ئەخۆن و ئینجا جیماع ئەکەن و ژنەکەی زگی بە کاکە مەم پڕ دەبیٚ ، بەم شێوەیە کاکە مەم لە سێوی بەهەشتیٚ ئیجاد ئەبێت،

یەعنی مەم کەسێکی ئاسایی نیە ، کوڕی فەقیرێك نیە کە لە جیماعی بن شرەلێفەیەکی پیس و چڵکندا دروست بووبێت ، سەرەڕای ئەوەی کوڕە میرە ، ئەوا نەفحەیەکی یەزدانیش لە رێی سێوی بەهەشتدا مەم ئەپێچێتەوە، ئیدی مەم رەمزی دەسەڵات و خواوەندی و هێزی نێریشە، رەمزی جوانی و دەوڵەمەندی و سەردەستی کۆمەڵگەیە.

دوای ئەوەش چیرۆکی دیتن و بەیەکگەیشتنی مەم و زینیش تەواو بارگاوییە بە غەیبانییەت، لە رێی سیٚ فریشتەوە کە لەسەر بورجی بەلەکی مەم هەڵئەنیشنەوە و بە جوانییەکەی سەرسام ئەبن و بڕیار ئەدەن یایەزینیٚ بێننە لای مەم و یەکدی ببینن.

زین پێی وایە ئەو دیاری خواوەندە بۆ مەم و ئەڵیٚ ( ئەمن هەورێك بووم لە هەورەکانی بەهەشتیٚ خوا منی بۆ مەم هاوێشتە پێدەشتیٚ )237 توحفەی موزەفەریە. مەمیش ئەکەوێتە باسکردنی گەورەیی کۆشکەکەیی کە گوایە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانە و دەنگی مەلایەکەتانی ئەگاتیٚ ، و وەسفی دەسەڵاتی باوکی و وەزیر و گزیر و نۆکەر و میر ئاخوڕ و مەیتەر و کاتیب و حاکم و سەرباز و سوار و چەك و جبەخانەکەی.

ئیدی بەو شەوە مەم و زین ئەبنە عاشق و مەعشوقی یەکدی و لەو شەوەدا سێ پنتی سەرەکی هەن کە پەیوەندی نێوانیان رێك ئەخا ، یەکەمیان دیتنە، دووەمیان قسە کردنە، سێیەمیشیان دەست دە ستۆی یەکدی کردنە.

ئەتوانین هەر سێ پنتەکان یەکەیان کە دیتنە بە سۆز لێکبدەینەوە و دوەمیشیان کە قسە کردنە بە عەقل و سێیەمیشیان بە جەستە کە ئەمەش وەك لە پێشدا زۆرمان گووت پێکهێنەری خۆشەویستین،

دیارە وەك پەرییەکان وەسفی ئەکەن هەم مەم و هەم زین زێدە جوانن، بە تایبەتیش لەو شەوەدا کە فریشتەکان زیاتر زین ئەڕازێننەوە رومەتی نەخشین ئەکەن و بسکانی جوان ئەکەن و برۆی ئەکێشن و تەمیز و مەحبوبی ئەکەن.229 توحفەی موزەفەریە.

دوای ئەوە پەرییەکان بەوەندە ڕاناوەستن و ئەڵێن جگە لە جوانی با بزانین کامەیش قسە زانە (دەبێ لە خەوێیان هەڵبستێنین، کیههیان جوانە، کیههیان قسان چاك دەزانێ ) 229 توحفەی موزەفەریە.

کە بە ئاگا دێن و دەست بە قسان ئەکەن مەم بە جوانی پایە زین سەرسام ئەبێ و بە چا وو ددانی زینیدا هەڵئەڵێ.

و دوایی قسەکان ئەبنە باسی بنەماڵە و تەخت و تاراجیان و هەردوو لایەنی هێزی مادی و مەعنەوی و دینی و دونیایی نیشانی یەکدی ئەدەن.

دوای ئەوە پەیمان بە یەکدی ئەدەن کە نەمەم لە زین زیاتر هیچ کچی دی بێنێت و نەزینیش لەی مەم زیاتر شوو بەکەس بکات.

دوای ئەو شەوە مەم داوا لە باوکی ئەکات ژنی بۆ بخوازێ، و چیرۆکی بەیتەکەش لێرەوە ئەبێتە گەڕان بە دوای زیندا بۆ ئەوەی بیهێنی و ببێتە هاوسەری.لێرەوە چیرۆکی مەم و زین ئەبێتە ململانێیەك لە پێناو بەیەکگەیشتینان وەك ژن و مێردێك نەوەك وەك دووخۆشەویست یان عاشق.

دوای ئەوەی کا بەکر بە درۆ وا ئەکات مەم وا تێبگات کە پایە زین گول بووە، مەم ئەڵێ ( جامن چبکەم ؟ ئەمن چبکەم دەگەل گولی؟) بێگومان ئەمە پرسیاری کابرایەکە کە ژنی ئەوێت نەوەك عەشق. هەر بۆیەشە من ئەمەوێت پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە چیرۆکی مەم و زین ئەو عەشقە گەورەیە نیە تا پیرۆز بکرێت و وەك سیمبولی عاشقان تەماشایان بکرێت. رەنگە رەمزێ بن بۆ ئازار بۆ دەسەلاَت بۆهێز بۆفرت و فێڵ یان بۆ بابەتی دیکە. بەلاَم بۆ عەشق ئەوەیان لای من گومانی لەسەرە.

کاتێکیش میر زینێ پێشکەشی مەم ئەکات ئەڵێ: ( ئەگەر قبولی دەکەم دەڵێن : ناچیزەیە، گولی قبولّ کرد، ئەگەر نامەوێ ئەمن سوێند خۆرم دەگەڵ ئەوی) ئیدی لێرەدا دیارە زین ئەو کیژە جوانە نیە کە مەم خۆشیئەوێت و عاشقییەتی و ئەو هەموو رێگەیەی لە پێناودا بڕیوە و هاتۆتە جزیرێ بەڵکو زین کورت ئەبێتەوە بۆ کیژێکی گولی، و ئەگەر قبولّی بکات ئەوا مەم ناچیزە ئەبێت..؟؟! ئیدی ئەوە کەینێ عەقڵییەتی عاشقە وا هزر ئەکات ( ئەوەی رۆمانی زارای ئەحمەد قازی خوێندبێتەوە ئەزانێت پرسیاری عاشق لەو حەلەدا چیە، لەوێدا قادر کە پاڵەوانی رۆمانەکەیە و عاشقێکی گەورەیە و لای من رەمزی ئاشکرا و روونی عەشق و عاشقانە کاتێك ئەو کیژەی خۆشی ئەوێت، گولی ئەبێت، ئەچێت لە باوەشی ئەگرێت تا ئەویش گولی ببێت و لەگەل ئەودا بە گولی بژیت نەوەك بە ساغی و بێ مەعشوقەکەی ) بەلاَم ئەوەی مەم پێچەوانەی روحی عاشق رەفتار ئەکات تەنانەت زیاتر خەمی ئەوەیەتی کە سوێندی خواردووە نەوەك کە زین بەو دەردە گرفتار بووە، هەموو خەمی مەم ئەوەیە کە چی بکات و چۆن خۆی لەو کێشەیە دەرباز بکات و ناچیزە نەبێت؟!

میر جارێکی دیکەش یایەزینی پێشکەش ئەکات ئەمجارە مەم ئەڵێ قبوڵم کرد، دامەوە بە تۆ! دیسان میر جارێکی دیکە زینی پێشکەش ئەکاتەوە مەمیش دیسان ئەڵێ قبوڵم کرد و دامەوە بە تۆ!

یەعنی مەم زینی نەویست، ئیدی من نزانم بۆچی کا بەکر ئەبێت تا ئێستا ئەوەندە ناچیزە و سووك و ریسوا بێت و مەمیش رەمز و شەهیدی عەشق بێت، کە میر سێ جار زینی ئەداتێ و ئەو قبوڵی ناکات چونکە گوڵی یە؟

دوای ئەوەی کە ئەزانێت گوڵی نیەجارێکی دی زین ئەبێتەوە کێل گەردن و بەلەك چاو و دەمی لە دەمی ئەنێ و لەگەڵی ئەنوێ.

پرسیارەکانی مەم پرسیاری عاشق نین، سیستەمی بیرکردنەوەی هی عاشق نیە و دیتنی دیتنی عاشقێك نیە بۆ زین و بۆ چەمکەکانی وەك ناچیزەیی و سوێند و پیاوەتی و جوانی و ناشیرینی و نەخۆشی و گوڵی بوون.

بەڵکە زیاتر تەعبیر لە پیاوێك ئەکات کە بیرکردنەوەی لە هێزی نێرخوازی وپیاو خوازی و دەسەلأت خوازیدا بەرهەم هاتووە و وەك زۆربەی پیاوەکانمان یایەزین کە رەمزە بۆ کچی جوان و نەشمیلانە و رازیکردنی تەماعەکانی پیاو لە پاوانکردنی و تێرکردنی چاو و جەستە و هزر بەو تەماشایەی کە ئەوپیاوە بۆ کچ و ژنی هەیە.

مەم و زین زیاتر بەیتی کوڕێکی دەوڵەمەند و بە دەسەلأت و کیژێکی جوانکیلەی خانەدانە، پێکەوە تووشی چارەنووسێکی تراژیدی ئەبن ، نەوەك چیرۆکێك کە ببێتە رەمز بۆ عەشق و خۆشەویستی.

بێگومان ئەم بەیتە خاڵی نیە لە شتی جوان و چیرۆکی جوان ، لە قسەی خۆش و بابەتی خۆش، هەروەها زۆر شتیشمان سەبارەت بە دەسەلأت و دین و ئیمان و چەمکی دیکەمان پێئەڵێت، بەلأم لە ئاست خۆشەویستیدا ئەبێت بڵێم کرۆکی خۆشەویستیو جەوهەری ئەو پەیوەندییەمان نیشان نادات، بێگومان کە واش نەبێت ئەمە کەمکردنەوە نیە لە بەهای ئەم بەیتە چونکە من خۆم تا ئێستا هەر لە و بەیتانە و تا شیعرەکانی بابە تاهیر و تا چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن و تا بەختیار عەلی و تا دوا نووسینەکانی مام رێبورایش نەبێت تاك و تەرا نەبێت نەمدیوە چیرۆکی پەیوەندییەکان باسیان لە عەشق کردبێت.

رەنگە ئەم قسەیە گەروە بێت ، بەلأم کەلتور و ئەدبیات و نووسینەکان بە گوێرەی لێکدانەوەکانی من بۆ عەشق، گەواهی قسەکانی منن.

## 2. خۆشەویستی لە بەیتی لاس و خەزاڵدا.

لاسیش وەك مەم لە بنەماڵەیەکی سەردەستی کۆمەڵگەیە و کوڕە ئاغایە، چیرۆکی رسکانی ئەویش لە سکی دایکیدا دیسان بارگاوییە بە غەیبانییەت و شەبەنگێکی نێرخوازانە و پیاوخوازانەدا، دوای ئەوەی باوکی شێرێك ئەکوژێت و سەری ئەبڕێت ماندوو ئەبێت و لەسەر پشتی شێرەکە خەوی لێئەکەوێت. دایکی لاس کە چوار ساڵە ژنی ئەحمەد ئاغای باوکی لاسە هێشتان ئاغا ئیلاقەی نەکردووە، لەو کاتەدا دایکی لاس دۆخینی ئەحمد ئاغا ئەکاتەوە و ئەویش چاو ئەکاتەوە و هەڵدێتە سەری لەسەر پشتی شێری..، ئینجا لاس لەسەر پشتی شێری گوراوە،توحفەی موزەفەریە 335.

یەعنی ئەویش کوڕێکی ئاسایی نیە و لە پشتی کەسێکی ئاساییش نیە و لە شوێنێکی ئاساییش نە رسکاوە. رەمزێکی ئاشکرای هێزی ئاغا و نێرخوازە.

ئەگەر مەم لە ڕێی پەرییان زینی دیت ئەوا لاسیش لە ڕێی پیاوێکەوە کە چۆتە ناو عێڵی مامودینان لەوێ خەزاڵی دیتوە ، دێتەوە بە لاسی ئەڵێ کە خەزاڵی مەلا نەبیانی دیتوە و هەر بۆ تۆ چاکە. 335 توحفەی موزەفەریە.

لاسیش هەڵئەستێ ولاتی باڵەکیان بە جێدێڵێ و ئەچێتە نێو عێڵی مامودینان. ئەچێتە لای مەلا نەبی و لای ئەو ئەبێتە قەننە دار، کە خەزاڵ ئەبینێت ، دیارە دەمێکە عاشقی بووە، و هەروەها خەزاڵیش بە هەمان شێوە عاشقی لاسە و باس لەوە ئەکات کە چۆن پەرچەم و هەنیە و برۆ و چاو و کۆڵم و کپۆ و لێو وددان و گەردن و خاڵی نێوان سینگ و مەمکان و بەژن و شلکەی رانی بۆ لاس پەروەردە کردووە و یەکسەریش ئەڵێتە لاس وەرە ماچانت دەمێ .

دوای ئەوە کرداری ماچ گۆڕینەوە و نووستن لەگەل یەکدی رووئەدا.

لەم بەیتەدا لێرەوە چیرۆکی عەشق و خۆشەویستییەکەی لاس و خەزاڵ رائەوەستێ ، بەو مانایەی ئەو رووداوانەی دوای ئەوە دێن زیاتر شەڕ و پاڵەوانییەتیو (کەڵەگایەتی) لاس نیشان ئەدات نەوەك عەشقەکەی بۆ خەزاڵ، راستە دوایی ئەو هەر بۆ خەزاڵ روو لە عوممان ئەکات تا گوڵی شۆڕانی بۆ بێنێت. لە رێی گەڕانەوەیدا تیرێکی لە رانی ئەدن و دەریناهێنێ تا خەزاڵ دەریبێنێ.دواییش هەر بەو رووداوەوە سەر ئەنێتەوە.

لە ناو ئەو رووداوەشدا زیاتر پاڵەوانییەتی و هێز و وزەی لاس وەك پیاوێك و نێرێك نیشان ئەدرێت نەوەك وەك عاشقێك. بەوەی سێ پاڵەوان ئەکوژێت و گوێچکەی یەکی دیکەیان ئەبڕێ. و دوای ئەوەش هەموو سەرکردەکان دێن و ئیکلام بۆ لاسە شۆڕ ئەکێشن و وەك ئێخسیر لەبەردەستی رائەوەستن و ئەبنە نۆکەری. و خەڵکی عوممانێ هەموویان دەستەو دوعا بۆ لاسی باڵەکی رائەوەستن.

لە گەڕانەوەدا تووشی دوو رێیان ئەبێت یەکیان رێی چوار رۆژان بوو کە ئەمینە ئەویدیکەیان رێی شەوو رۆژێکە بەلاّم بە ترسە. چونکە لاس پاڵەوانە و رێی یەك رۆژییەکە ئەگرێت. هەر چەندە ئەو رێیە ولاّتی چڵکنانە و کەس ناوێرێ بە وێدا تێپەڕێ. لەوێش دیسان کەسێك ئەکوژێت و دواییش ئەو تیرەی بەر رانی ئەکەوێت دەرینایەنێت تا خەزال دەریبێنێ. دیسان ئەمانە هەمووی ئیماژەی هێز و رەمزی پیاو خوازی و نێرخوازی لاسن نەوەك عەشقەکەی. بۆیەشە لاس زیاتر لەوەی بە عاشق بناسرێت زیاتر شێوەی سەرکردەیەکی کەڵەگای بە زەبر و دەستوەشێنی هەیە. نەوەك عاشقێك لە باوەشی یارەکەیدا بتوێتەوە و ببێتە پەڕی گولاّلوکێك بۆ نموونە.

بێگومان ئێمە نامانەوێ خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆ بەسەر بەیتێکدا بسەپێنین کە پێش ئێستا و لە باری تایبەتی خۆیدا بە گوێرەی باری هەموو کایەکانی ئەو سەردەم گووتراوە و دواییش نووسراوەتەوە.

بەلاّم ئێمە قسەمان لەسەر ئەو ناوانەیە کە لەم بەیتانەدا هاتوون و تا ئەمرۆش وەك رەمزێك بۆ عاشقان و چیرۆکەکانیشیان وەك هێمایەك بۆ عەشق پێناسە ئەکرێن.

ئێمە تەنیا ئەو لایەنە وەرئەگرین و ئەیخوێنینەوە و لەوەشدا تەنیا مەبەستمان ئەوەیە باس لە عەشق بکەین.

لە دواییشدا دیارە لاسیش وەك مەم ئەمرێت و لە ناو ئەچێت بۆ ئەوەی دووپاتی کاتەوە کە بەشی عاشقەکان زیاتر مردنە نەوەك ژیان.

## 3. خۆشەویستی لە بەیتی برایمۆکدا.

ئەم بەیتەیان تەینا بە ناوی برایمەوەیە نازانم بۆچ ناوی خاتون پەریخانی لەگەڵدا نیە. لە بەیتەکانی دیکەشدا دیارە ناوی کوڕە عاشقەکان پێش ناوی کچە عاشقەکان کەوتووە، لێرەدا ناوی عاشقی دووەم کە کچەکەیە نەهاتووە و بەیتەکە بە تەنیا بە ناوی عاشقی یەکەمە کە ئەویش برایمە واتە پیاوە عاشقەکە.

ئەم بەیتە وەك چۆن لە ناوەکەی جودایە لە گەل مەم و زین و لاس و خەزال هەروەها ڕووداوەکانی و کۆتاییەکەشی جیایە لەوان، هەرچەندە ئەم بەیتە هەرگیز وەك بەیتی مەم و زین و لاس و خەزال بە ناووبانگ نەبووە و لە لای زۆربەی خەڵکیش نەناسراوە، بەڵام ئەم بەیتە لەوانی تر باشترە ، بە تایبەتیش لە کۆتاییەکەیدا کە هەردوو عاشقەکە برایم و پەریخان ئەبنە بووك و زاوا و چیرۆکەکە بە ئاهەنگی ئەوان کۆتایی دێت.

خۆشەویستیش لەم بەیتەدا، خۆشەویستییەکە هۆکار بۆ ژیانی برایمۆك و چاکبوونەوەی میرشێخ برای پەریخان، چونکە برایمۆك میرحەك زۆر ئەگێڕێ تا چاك ئەبێتەوە و لە پێناویدا زۆر ئازار و ڕەنج ئەدات، ئەمەش بۆ ئەوەیە چونکە حەزی لە پەریخان کردووە، بەڵام چۆن خۆشیویستووە و بۆچی حەزی لێکردووە هۆکارەکان دیارنین و نزانین، تەنیا بەیتەکە ئەڵێ: برایمۆك بە نۆکەری هاتە کن میر شێخی، میر شێخ و میر حەج برا بون. برایمۆك هات، خزمەتی کردن، هەتتا حەوت ساڵان. لە پاشێ میر شێخ گول بو، برایمۆك حەزی لە خاتون پەریخانێ کرد....، خاتون پەریخان گوتی: ( برایم، ئەتو دەس لە میر شێخی هەڵنەگرە. بیبە فەرەنگستانی سەر حەکیمی، ئینشاللا چاکی بکەوە،ئەمن هەر ئی تۆم)توحفەی موزەفەریە ل 369.

دوای ئەوە برایم لەگەل میر شێخ ئەڕوا و تا چاك نەبێتەوە ناگەڕێنەوە، کە گەڕانەوە میر شێخ چاك ببۆوە بڕیار بوو خاتون پەریخانی بداتێ. میر شێخ ئەچێتە کوێستانێ.

برایم ڕۆژەکی لەگەل خاتون پەریخانێ ژوانی ئەبێ دەست لە ستۆی ئەکات و باسکی بۆ ئەکاتە سەرین و دەمی بە دەمیەوە ئەنێت و خەویان لێئەکەوێت.

براکەی پەریخان میر حەج ئەیانبینێت ، ئەمە هۆی دەرکردنی برایم. و خۆی ئەگەیەنێتە میر شێخ.میر شێخیش بەدوای خوشکەکەی ئەنێرێت و بۆ برایمی ئەکاتە بووك.

ئیدی لەم بەیتەدا چ جۆرە پەیوەندییەکی بەهێزی قسەکردن و سۆز گۆڕینەوە و سێکسیسش نابینین. تەنیا ئەوەندە ماچکردن و نووستنە نەبێت کە ئەویش ئاشکرا ئەبێت، کە ئاشکراش ئەبێت ئەوا براکەی پەریخان قبوڵی ناکات و برایم دەرئەکات.

لەکاتی ڕۆیشتنی برایمدا هەڵوێستێکی خۆشەویستیانەی جوان لە نێوان برایم و پەریخاندا ئەبینین ، لێ نازانم بۆچ لەو حەلەدا پەریخان بڕیار نادات کە لەگەل برایمی بڕوا و ڕەدووی کەوێت؟

هەر چۆنێك بێت ئەم بەیتە لە بەیتەکانی تر خۆشەویستی دۆستتر و عەشق دۆستتر و ژیان دۆستترە و ئیماژی جوانی تێدایە بۆ عەشقێك کە زیاتر لە بەیەکگەیشتنی هەردوو عاشقەکە وەك بووك و زاوا هەبوونیان تەواوترو جوانتر و خۆشتر ئەبێت. کە لێرەشدا ئەمە سەرەتایەکە بۆ تێکەڵبوونی ئەو خۆشەویستیە بە هاوسەرداریەتی و دروست بوونی جیاوازی لە پەیوەندییەکەدا، یان لە ڕوودانی گۆڕان لە پەیوەندییەکەدا.

## 4. خۆشەویستی لە بەیتی ناسر و ماڵ ماڵدا.

لەو بەیتەشدا ناوی ناسر و مال مال کە ناوی دوو عاشقە نێرەکەن، ناوی ئەوان بۆتە تایتلی بەیتەکە، ئەوانیش کوڕە ئاغا و چینی سەردەستن، دوای ئەوەی مەزنایەتی لە باوکیان ئەسەنرێتەوە ئەمجارە ئەوان حەز لە کچەکانی ئاغای نوێ یان گەورەی نوێ ئەکەن. خاتون تەوریزی و خاتون ئەسمەر، دوای ئەوەی باوکی کچەکان رازی نابێت کچەکانی بداتە کوڕی ئەو کۆنە ئاغایانەی ئەو دەسەلاتی لێسەندوون، ناسر و ماڵ ماڵ لەسەر پێشنیاری خاتون تەورێزی روو لە بەغدا ئەکەن بۆ ئەوەی مەنسەبێ بستێنن و دوایی بگەڕێنەوە ولاتی کوێستانێ.

دوای ئەوە چیرۆکەکە زیاتر باس لە پاڵەوانییەتی ئەم دوو کەسە ئەکات نەوەك باس لە چیرۆکی عەشقی ئەوان لە دووری یارەکانیان،

تا دێنەوە خاتون تەورێز مێردی بە (کوردی ) ناوێك کردووە، ئەمەش وا ئەکات پاڵەوانەکانی ئێمە زیاتر نمایش دەسەلات و روحییەتی نێراخوازانەی خۆیان بکەن و درێژە بە کرداری شەڕ و کوشتنەکان بدەن، بۆیە دوایی کە لەگەل کوردی بەشەر دێن زۆر دڕندانە ئەیکوژن:

( ناسر رقی هەڵستا زەرگێکی دا لە زاری یە،

لە پشتی سەری دەرچو روی کرد لە عەرزی یە

ماڵ ماڵ زەرگێکی دا لەسەر دڵی ئەویش دەرچو لە پشتی یە

......

قەت مەردی وەك ناسری نیە

دابەزی دەستی دا خەنجەرێ دەسك سپیيە،

سەری کوردی بڕی وەك بەرخییە،

لێوی بڕی گوتی : ( خاتون تەورێزی پێ ماچ کردیيە)

دەستی کوردی بڕی گوتی: ( پێی گرتووە مەمکی خاتون تەورێزی یە).

سیرمە سیرمەی کرد وەك دۆمیيە.)توحفەی موزەفەریە ل 470.

دوای ئەوە عاشقانمان بەوەش ناوەستن و باوکی خاتون ئەسمەر و خاتون تەورێزیش ئەکوژن ، لەمەش زیاتر لە بەیتەکەدا هاتووە :

( ماڵ ماڵ قەت هەڵی نەدەهێنا چاوە،

دەڵێ : ( ئەو کوڕەی دەبینم لە من وایە کوردە ماوە ).

ناسر گووتی:

( خولاکەی، خاتون تەورێزی ئەو کوڕەم بۆ بێنە واوە! )

.......

رمبێکی لەسەر دڵی کوڕی خاتون تەورێزی داوە

ئەویشی کوشت بردیان لە کن بابیان دەخاکێ ناوە،)توحفەی موزەفەریە ل 471.

ئیدی بێ ئەوەی من ئەوە لە بیر بکەم ئەو بەیتانە زادەی عەقڵی ئەو سەردەمەن کە تیایدا کۆمەڵێ هۆکاری بابەتی و خودی هەبوونە بۆ هەبوونی جۆرە رووداوێکی ئەوها و بەم شێوەیە، من تەنیا ئەوە ئەڵێم پرسی ئەو بەیتانە بە باش و بە خراپەوە من قسەم لەسەریان نیە، من تەنها مەبەستم ئەوەیە بڵێم

ئەو بەیتانە خاوەن پرسی عەشق نین، و خاوەن روحی عاشق نین، نە ناسرو نە ماڵ ماڵ عاشق نین و چیرۆکەکانیشیان عەشق نین. ئیدی ئەکرێت خوێندنەوەی دیکە بۆ ئازایەتی و پیاوەتی و شەڕانگێزی و دڕندەیی و بەزەیی و کۆمەڵی چەمکی دیکە بکرێت لەو بەیتانە و کۆمەڵێ شتی جوان و باش و بەهای ئیجابی لێ کەشف کەین، بەڵام وەك عەشق ئەوا ئەم چیرۆکانە تەواو سلبین، کە ئەوەشیان خەمی منە لەو خوێندنەوە و لەو کتابەدا.

## بەشی سێیەم

## درۆی قەیرەیی و رەهەندەکانی.

خۆشەویستانم من نزانم وشەی قەیرەیی لە کوێوە هاتووە ، ناشزانم کە ئەم وشەیە وشەیەکی کوردی رەسەنە یان لە ئەنجامی گۆڕینی وشەیەکی دیکەی زمانێکی دیکەیە بۆ نموونە ( عنوسە ) ی عەرەبی؟ یان لە (spinsterیان oldmaid) ئینگلیزی هاتووە، یان لە سەرچاوەیەکی دیکەوە کەوتۆتە ناو زمان و کلتوری ئێمە،

من پێم وایە سەرچاوەی وشەکە هەر چییەك بێت عەقڵیەتێك لە پشتیەوەیەتی کە ئەکرێت چەند سەرنجێ لێرەدا لەبارەیەوە تۆمار بکەین،

عەقڵیەتێکە کە ئافرەت بە کائینێك ئەبینێت قابیل بە کۆن بوونە، نەوەك پیربوون، چونکە مەفهومی پیر بوون زۆر جیایە لەگەڵ کۆن بوون، و رەهەندی جیاش پەخش ئەکەن، هەر چ نەبێت پیربوون جۆرێك رێز و حورمەت لەگەڵ خۆیدا دروست ئەکات، هەرچی کۆن بوونە بە پێچەوانەوە بەهای مرۆڤانەی ئەو کەسە کەم ئەکاتەوە،و ئەو رێزەی هەشییەتی لێی ئەستێنێتەوە، ئەگەر پەرچەمی سپی پیرەژنێکی بە ساڵاچوو نیشانەی دونیا دیدەیی و زیرەکی بێت ، ئەوە دووداوی سپی پەرچەمی کچێکی شوونەکردوو نیشانەی پیربوون و دابڕانیەتی لە کاروانی عومر و ژیاندا.

عەقڵیەتێکی پیاوانە و نێر سالارانەی وەهایە کە ئافرەت تەنیا بۆ عومر و جەستە و شووکردن کورت ئەکاتەوە، لێرەدا ئەتوانین سیستەمی نێرسالارانە بەرامبەر بە ئافرەت روونکەینەوە :

یەکەم: پیاو یان نێر _ بێگومان لێرەدا من مەبەستم نێری کوردییە_، وا ئەبینێت کە ئافرەت کائینێکە بە تێپەڕینی وەخت کۆن ئەبێت و جوانی و نەشمیلانەیی خۆی لە دەست ئەدات، لێرەدا ئەو نێرە ئافرەتی وا ئەوێت کە هەمیشە جوان و ناسك و تەڕ بێت، هەموو تەرکیزی پیاو لەسەر لایەنی جەستەیی ئافرەتە کە بە تێپەڕینی وەخت زەوق و دیتنی پیاویش بۆ ئەو جەستەیە ئەگۆڕێت و تێگەیشتنێکی سلبی لە لای پیاودا دروست ئەکات، بەوەی ( جوان و خۆش نامێنێت و گەورە ئەبێت ) گەورەبوونی کچ دۆڕاندنی کۆمەڵێ بەهای مرۆڤانەیی خۆیشی لەگەل دێت ، کە تەمەن دێت و کچان گەورە ئەکات ، بەهای ئینسانیانیەی ئەوانیش ئەخاتە مەترسییەوە ، چونکە گۆڕانی ناسنامەی کچ بۆ گەورە کچ یان قەیرە کچ تەنیا گۆڕانی ناوێك نیە ، بەڵکو گۆڕینی تەماشایەکە لە جوانییەوە بۆ ناشیرینی ، لە حەزکردنەوە بۆ بێزاریی، لە خۆشی و گەرم و گوڕییەوە بۆ سارد و سڕی و ناخۆشی، لە کۆمەڵێ بەهای ئیجابی بۆ کۆمەڵێك بەهای سلبی، لە کۆمەڵێ بەهای ژیاندۆستانە بۆ کۆمەڵێ بەهای مەرگدۆستانە، گۆڕانی تەواوی شێوازی ژیانی کەسانێکە کە زەحمەتە تێبگەن چۆن عەقڵییەتی پیاوسالارانەی کۆمەڵگە گاڵتە بە چارەنووسییان ئەکات؟

قەیرە کچ یان گەورە کچ ناوێکە ، هەندەی تەعبیر لە حەز و ویستی پیاو بۆ کچی بچکۆڵە و خڕو خرپن ئەکات تا تەماعەکانی جەستەی پێ تێر بکات ، هەندە تەعبیر لە واقیعی کچانێك ناکات کە تەمەنیان گەیشتۆتە ئاستێکی دیاریکراو،

چونكە هەر سەری پیاوە لەپشت ئەو ناوەڕا دیار ئەكەوێت و هەر خۆیشی بڕیار لەسەر ئەوەئەدات كە ئەویدی ، كچ ، بۆتە قەیرە، ئەگەر نا نزانم چ پێوەرێك هەیە پێم بڵێ كچ لەو تەمەنە دیاریكراوەدا ئەبێتە قەیرە و دوای ئەوەش نیشانەكانی قەیرەیی لە ڕووی فیزیكی و عەقڵی چین و ئەو گۆڕانكارییانە چین كە بەسەر كچ دێن و وای لێئەكەن وەك مرۆڤێكی كۆن و كەم كەڵك تەماشای كەین؟ قەیرە بە چ مانایەك ، چ پێناسەیەك ئەداتە ئەو كچانەی پێ ئەنێنە تەمەنێكی دیاریكراوەوە و شوویان نەكردووە هێشتا؟

لێرەدا ئەو كچانەی زوو شوو ئەكەن و دوای ئەوەش پێ ئەنێنە تەمەنەوە ئەوانە نابنە قەیرە ، چونكە شوویان كردووە و ئەگەنە هەمان تەمەنی ئەو ئافرەتانەی بە كچێنییەوە ئەیگەنێ ، لێرەوە تێئەگەین مەسەلەكە پەیوەندی بەو كچەوە هەیە كە لەتەمەنێكی زوودا _ كە هێشتا دیارنیە تەمەنی قەیرەیی لە نێوان چەند هەتا چەند ساڵی دایە _ بێگومان دیاریشە مەسەلەكە نسبییە و هەر كەسێكە و ڕەنگە تەمەنیك دابنێت چونكە وەك گووتم مەسەلەكە پەیوەندی بە عەقڵییەتی پیاوسالارانەی كۆمەڵگەی خۆمانەوە هەیە نەوەك مەسەلەیەك بێت پەیوەست بێت بە پێشكەوتنی كۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئاستی زانستی لە كۆمەڵگە و زانكۆكانی كوردستاندا، یەعنی دیاریكردنی تەمەنێك بۆ قەیرەیی _ ئەگەر هەبێت _ بەرهەمی عەقڵییەتی پیاوسالارانەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو بارەوە هەیەكە كۆمەڵگەكەمان پیایادا تێپەڕ ئەبێت لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقی و تەقینەوەی وزەی سێكس و بەربلاوی دیاردەی فرە ژنی و زوو بەشووودان و ڕووكردنە ماڵەكانی لەشفرۆشتن و لێشاوی چوون بۆ ئەو جێیانەی سێكسی بە پارە و پوول تیا ئەنجام ئەدرێت، وهتد، ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەو عەقڵییەتە نەوەك ئەنجامی دیراسەیەكی قووڵ و فراوانی دەزگەیەكی زانستی و ئەكادیمی كوردی بێت، یەعنی ئەگەر تەمەنێك بۆ كچ دەستنیشان بكرێت ئەوە ئەبێت ئێمە بیێن لەو عەقڵییەتە نێرخواز و بەرژەوەندخوازە بكۆڵینەوە كە چۆن بەهای مرۆڤانە لە كچانمان ئەستێنێتەوە و وەك هەر شتێكی دیكەی ناو ماڵ و بازاڕ تەماشایان ئەكات و مۆری ئێكسپایەرییان لەسەر ئەنووسێت، ئەبێت بێین لە هۆكارەكانی ئەو عەقڵییەتە و سیستەمەكانی ئەو بیركردنەوەیە بكۆڵینەوە، نەوەك بێین باس لە قەیرەبوون وەك كێشەیەك بكەین كە كێشەی كچانمانە و ڕێگەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە؟ كێشەكە ئەوەندەی كێشەی نێرە ئەوەندە كێشەی مێ نیە، كێشەكە ئەوەندەی پیاو خەلقی ئكردووە ، كچ خەلقی نەكردووە ، ئەوەندەی پیاو دەستی لە دروستكردن و بەردەوامی كێشەكە هەیە كچان نیانە، بەڵام لە هەموو بارەكانیشدا كچانمان و مێیەكانمان قوربانی ئەو عەقڵییەتەن كە چەندین چەمكی بێزاركەری بۆ كچان و ئافرەتان بە گشتی بەرهەم ئەهێنن.

دووەم : كە قەیرەبوون وەك كێشەیەكی كچانمان و بەشێكی كۆمەڵگەكەمان پێشبەر ئەكرێت، بێ بیركردنەوەیەكی قووڵ نێرو مێیەكان باوەڕی پێئەكەن وەك چەمكێكی گومان هەڵنەگر، یەعنی ئەو ناوە یەكسەر لای هەموومان ئەبێتە بەهایەكی كۆمەڵایەتی و تەعبیر لە كۆمەڵە كەسانێك ئەكات كە هیچ جیاوازی خراپیان لەگەڵ كەسانی دیكە نیە و ئەگەر باشتریش نەبن، ئەگەرهاتوو بڕوامان كرد من كچانێكم هەن و خوشكانێكم هەن ، تەمەنیان لە نێوان بیست و پێنج تا سی و پێج یان چل ساڵیدایە ، باوەڕم كرد ئەوانە قەیرە كچن و گەورەبوون ، چەند سەرنجێك

1. چۆن بتوانم بەیەك چاو تەماشای تەمەن چل ساڵییەكە و تەمن بیست و پێنج ساڵییەكە بكەم و لەم ڕووەوە بە هەردووكیان بڵێم قەیرە یان گەورە؟

2. ئەوەی کارمەندی فەرمانگەیەکە و ئەوەی خوێندکارە و ئەوەی ماستەری یان دکتۆرای لە بوارێکدا هەیە و پسپۆرە و ئەوەی نووسەرە و ئەوەی وەزیرە ، ئەو ناسنامانە رەشکەمەوە و بڵێم ئەوانە قەیرەن؟

3. ئەو کچەی بیست کەس هاتۆتە خوازێنی و شووی نەکردووە و ئەوەی چیرۆکێکی خۆشەویستی هەیە و کار بۆ ئەو چیرۆکە ئەکات و ئەوەی نایەوێت ئەسڵەن شوو بکات و ئەوەی شتی گرنگتری هەیە لە شووکردن ئەوەی لە شووکردن ئەترسێت و ئەوەی تا ئێستا کەس نەهاتۆتە خوازبێنی ، چۆن بتوانم چاوپۆشی لە بارودۆخ و ئەزموونی هەر یەك لەوانە بکەم و بڵێم ئەوانە لە باری قەیرەبووندان و تەنیا تەمەن بکەم بە تاکە پێوەری ژیانییان لە هەموو رووەکانییەوە؟

4. ئەو کچانەی تەمەنیان لە نێوان بیست و پێنج تا چلساڵی دایە ئەگەر هاتوو وەك ئەو کچانەی لە بن ئەو تەمەنەن وەك ئەوان لەرووی جەستەییەوە وەك ئەوان بن و کەم وکوڕی فیزیکییان نەبێت و لەوانیش بە ئەزمونتر بن و رادەی وشیاری و تێگەیشتنیشیان ئەگەر بەرزتر نەبێت کەمتر نەبێت، ئیدی قەیرەیی مانای چی و جیاوازییان چیە؟

5. کە قەیرەیی تەعبیر نەبێت لە مرۆڤێکی بێ عەقل و بێ ویژدان و بێ شەرەف و بێ بەهای مرۆڤایەتی، ئیدی بۆچی ناسنامەیەکی بەسەر دا بسەپێنین کە تژی بەهای کۆمەڵایەتی سلبی بێت؟

6. کە قەیرەیی تەنیا سیستەمی دیتنی پیاوسالارانە بەرهەمی هێنابێت بۆ چی مێیە جوانەکانمان پێی دڵتەنگ بن و وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری بکرێت و کچەکانیش وەك نەخۆش تەماشا بکرێن و پێویستییان بە چارەسەر بێت؟

سێیەم: ئەوانەی باس لەو کێشەیە ئەکەن ، چارەسەرەکەی بەوە ئەبینن کە رێژەی قەیرە کچان کەم کەنەوە ئەویش لە رێی بە شوودانییان چونکە ئەسڵی کێشەکە لەوەیە کۆمەڵە کچانێك هەن گەیشتوونەتە تەمەنێك و شوویان نەکردووە، و تەنیا شووکردن ئەتوانێت ئەم ناسنامەیان لەسەر لاببات،یەعنی کێشەکە پەیوەندی بە عەقڵ و کەماڵی ئەو کچانەوە نیە، پەیوەندی بە رادەی تێگەیشتن و کار و چالاکییەکانی ئەو کچانەوە نیە، پەیوەندی بە ئەزموونی خودی کچەکانەوە نیە، پەیوەندی بە باری گوزەران و ئەخلاقی و رۆشنبیری کچەکانەوە نیە، پەیوەندی بەوەوە نیە ئەو کچانە بە خۆشەویستی یان بێ خۆشەویستی ئەیانەوێت شووبکەن یان نەکەن، پەیوەندی بەوەو نیە ئەو کچانە چەند خۆیان پێ گەورەیە یان گچکەیە، پەیوەندی تەنیا بەوە هەیە کۆمەڵگە ، ئەڵێت ئەوانە قەیرەن و نەخۆشن، و ئەبێت چارەیان بۆ بدۆزینەوە، چارەکەش تەنیا شووکردنە،

چوارەم: ئەوەی سەرنج ئەدات ئەزانێت لە بن ئەو چەمکەدا کچ یان ئافرەت ئەبێتە بابەتێکی ئەوەندە گچکە کە تەنیا لە تەمەن و شێوەیدا کورت ئەکرێتەوە ،تەمەن لێرەدا تەعبیرە لە باری جوانی و خۆشی لەشی ئەو کچە، بەوەی کا چەند ئەتوانێت سەرچاوەیەکی چێژبەخشی سێکسی بێت بۆ پیاو، نەوەك بۆ خۆیشی؟ چونکە ئەوەی بەلای پیاوەوە گرنگە ئەو خۆی چەند تام لەو لەشە وەرئەگرێت و ئەو حساب تەنیا بۆخۆی ئەکات بەوەی کچێکی وای دەستکەوێت وەك ئەوەی ئەو لە خەیاڵی خۆیدا و بە تەماشای سێکسیانەی خۆی ئەیەوێت ، و لەگەل زەوق و میزاجی ئەو لە جووتبووندا ئەگونجێت؟ یەعنی لێرەدا ئەو کچەی کە شووش ئەکات تووشی هەمان دیتنەوە ئەبێتەوە کە پیاو بۆ قەیرەی هەیە بۆ ئەویشی

هەبێت بەڵام بە شێوەیەکی دیکە ئەگەرنا بە هەمان ڕەهەندی تەماشاکردنەوەیە ، ئەویش ئەوەیە ئەو کچەی شووش ئەکات و دوای چەندساڵێك ئەگاتە تەمەنی نێوان 25 تا 40 ساڵی ئەویش گەورە ئەبێت و لەشی ئەگۆڕێت و ئەو جوانییەی پیاوەکەی ئەیەوێت نامێنێت ، ئەو ژنە ڕووبەڕووی هەمان ئەو دیتنە ئەبێتەوە کە پیاوەکە پێی وایە کۆن بووە و تامی جارانی نەماوە،بۆنی ئەوسای کچێنی و جوانی و تورتی لەش و سرکی و سرتی مەمکان و بەرۆکی وەك جاران نیە؟ تەمەن جوانییەکەی بردوە و تازە ناشگەڕێتەوە.

پێنجەم:چونکە عەقڵییەتی نێرخوازانە تەنیا کچ تەماشا ئەکات و ئەوەی بەر چاویشی ئەکەوێت لەشی کچە ، هەر خۆیشی بە هۆی ئەوهەستانەی کە تەرکیز ئەکەنە سەر لایەنی فیزیکی کچەوە لە بەژن و باڵاو پرچ و پەرچەم و لار و لەنجە و قسەکردن و هتد، و ئەو ئاماژانە زیاتر ئەگرێت کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاماژەی وروژێنەری حەزی سێکسی و جووتبوونن لەگەڵ ئافرەت و کچدا، بۆیە ئاساییە کە چەمکی جوانیشس بەو ئامازەی سێکسی و زایەندییانەدا لێکبدرێتەوە و لێی بکۆڵدرێتەوە، بەوەی کچی جوان ئەوەیە کە زەوقی سێکسیت بجوڵێنیٚ، ئەو زەوقەش تەنیا بە ئامازە سێکسییەکانی لەشەوە ئەجووڵێت، ئیدی لێرەدا تەنیا وزە سێکسییەکە ئەبێتە بەرهەمهێنەری ئامازەکانی جوانی و تەنیا ئامازەکانی جوانیش ئەبنە جوڵانی وزەی سێکسی، یەعنی هەردوو چەمکەکە دێن لەسەر جەستەی ئافرەتدا خزمەت بەیەك و بە عەقڵی پیاوسالارانە ئەکەن، لێرەدا پیاو ئەیوێت لەگەڵ ئەو کچەدا جووت بێت چونکە جوانە، بێگومان وەك گووتم ئەوەی ئەو کچەی پیٚ جوانە ئەو عەقڵیەتەیە کە کچ و جوانی کچی لە جەستەدا کورت کردۆتەوە و تەنیا بەو تەماشایەوە تەماشای کچ ئەکات و ئەیەوێت و حەزی لێئەکات، تەنیا بەو تەماشایە ئەتوانێت ناسنامەی جوانی بداتە کچ و لەگەڵی تیکەڵ بێت، خۆ ئەگەر ئەو تەماشایە نەیتوانی لە جەستەی کچێکدا ئامازەکانی جوانی ببینێتەوە ئەوا یەکسەر بە ناشیرین وەسفی ئەکات و نەشیرینی ئەکاتە ناسنامەی ئەو کچە و وزەی سێکسی و ژیانی بە گشتی لیٚ دابڕ ئەکات،ئیدی لێرەدا پیاو خۆی سەروەرە لە دروستکردنی چەمکەکانی جوانی و ناشیرینی و بەخشینی بەها بەو چەمکانە و بەخشینی چەمکەکانیش بە بەها باش و خراپەکانیان بە کچان و ئافرەتانی کۆمەڵگەکەمان،

شەشەم: قەیرە ئەو کچەیە پیاوی کۆمەڵ پێی وایە جوانییەکانی جەستەی دۆڕاندووە و گەورە بووە و تەمەنی بەسەر چووە و بەکەڵکی ئەوە نایەت پیاو بیکاتە ژنی خۆی و بیهێنێت، ئامازەکانی جەستەی سێکسی پیاو ناجوڵێنن و پێویستە پیاوی عاقڵ تەماشای کچانی جوانتر و گچکە تر بکات ئەگەر ویستی ژن بێنێت، ئیدی ژن بەو مەفهومە ئەبێت ئەو کچە بێت کە بچووك و جوان و خۆشە ، ئەو کچە بێت کە زوو پیر نەبێت و کۆن نەبێت و جوانییەکانی جەستە و خۆشییەکانی سێکس و وزەی چێژبەخشین لە جووتبووندا زوو لەدەست نەدات، قەیرە ناتوانێت ئەو شتانە بۆ پیاو دابین بکات بۆیە کەس ئافەرینی ئەو کەسە ناکات کە ژنێك ئەهێنێت لە خۆی گەورەتر یان هەندەی خۆی یان بچووکتریش بەڵام بە ساڵانێکی کەم، بۆیە چەند کچی بچووکتر بێنیت ئەوە خۆشییەکی گەرەتر و زۆرتر و ماوەیەکی درێژترت لە رووی جنسییەوە مسۆگەرە؟ هەر بۆیەشە ئەو پیاوەی کچی گچکە ئەهێنێت ئەوا وەك پاڵەوانێك خۆی تەماشا ئەکات؟ زۆرانێکیش حەسوودی بە پاڵەوانییەتییەکەی ئەبەن.؟!

هەفتەم: کە قەیرەبوون زادەی کۆمەڵگەیەکی نێرخوازانەی باڵادەست بێت و عەقڵیەتێکی ئاوا بەرژەوەند خوازی لە پشتەوە بێت و کۆمەڵگە غەرق بێت لە چەمکە مادییەکان و هەموو شتەکان و چەمکەکان بە پێوانەی سەرمایەی مادییەوە لێکبدرێنەوە و بەهایان بدرێتیٚ ئەوا ئاساییە کە بە بچووکی

تەماشـای ئـەو کـچانە بکرێـت دوای ئـەوەی هـەر ئـەو کۆمەڵگەیـە ناسـنامەی قـەیرەییان بەسـەر دا ئەسـەپێنێت، قـەیرە ئەوەنـدە بـچووك ئەکرێتـەوە تـا بێـزی لـە خـۆی ببێتـەوە، دوای ئـەوەی بەهایـەکی مرۆڤانـەی پـێ نابەخـشرێ ، ئـەوا واش وەسـف ئـەکرێت کـە قـەیرە کـچێکە تـەنیا لەخـەمی شـووکردن و مـسۆگەرکردنی سەرچـاوەیەکی مومارەسـەکردنی جنـسە؟ وا نیـشان ئـەدرێت ئەگـەر یـەکێك قەیرەیـەك بخوازێت و بیهێنێت ئەوا خێرێکی بەو کچە کرد و لە گرفتێکی گەورەوە رزگاری کرد،

ئیدی ئەو کۆمەڵگەیە وا وەسفی قەیرە ئەکات کە کچێکە بێ جنس ، وەك ئەوەی لە هەموو رووەکانی دیکەی ژیاندا هەموو پێداویستییەکانی مسۆگەر کراون و تـەنیا لایـەنی سێکسی نـەبێت، هـەروەها واش وێنـا ئـەکرێت کـە کچێکیـشە بـەردەوام لـە خولیـای سێکس و هـەموو خـەم و قـەهرەکانی ئـەوەن کـە بـێ سێکسە، ئەم تێگەیشتنە هەتا لە ئەدەبیشدا رەنگی داوەتەوە و تـەنیا ئـەم لایەنـە زەق کراوەتـەوە، گومـان لەوەدا نیە کە سێکس هەمیشە پێداویستی مرۆڤەکان و بەردەوامیش خولیایـەکی جوانی ئینسانە ، کە بەردەوام خولیاش بێت مانای ئەوەنیە تاوانە و گوناهە، بەلام کێشەکە لێرەدا لەوەدایە کە تۆ ژمارەیـەکی زۆری کچان بەوە تاوانبار ئەکەیت کە هەمیشە لە خولیـای سێکسدان و دواییش کورتیـان ئەکەتیـەوە بـۆ تەنیا لەش و سێکس، خـۆ نـە مـرۆڤ بەتـەنیا جەسـتەیە و نـە سێکسیش بەتـەنیا لەشـە و نەجەسـتەش بـە تەنیا بۆ سێکس و جووتبوونە، ئەکرێت سێکس سەرچاوەی جوانترین خـەیاڵی مـرۆڤیش بێـت ، عـەقڵ و خەیاڵیش لە سێکسدا ئەتوانن خۆشترین مومارەسەی عەشق کامل بکەن و بیگەیەنە بە بەهاترین هەستی مرۆڤایەتی و پەیوەندییە سۆزدارییەکان،

هەشتەم:مەترسی ئـەو بۆچوونانە لێرەدایـە کـە پەیوەنـدی نێـوان دووکـەس ، کـچێك و کـوڕێـك ، ژن و مێـرد ، خوشـك و بـرا. بـاب و کـچ پـڕ ئەکـەن لـە بـەهای نائینـسانی و بەرژەوەنـد خـوازی مادییانـە و بالادەستی عەقڵیەتێکی سەلەفی و دواکەوتوو لە پەیوەندییەکاندا،زۆرن ئەو باوکانەی شەرمەزارن بەوەی کچیان هەیە گەیـشتۆتە سـی سـاڵ و شـووی نـەکردووە ،زۆرن ئـەو دایکانـەی دوودڵـی و ترسـی مانـەوەی کچانییان هەموو رۆژێك ئـەیانکوژێت، زۆرن ئـەو برایانـەی ئەترسـن بڵێن خوشـکی قـەیرەیان هەیـە، زۆرن ئـەو کـچانەی لـە نـاو ئـەو ناسـنامە بـێ رەنـگ و بـۆن و تامـەدا بـێ بـەها ئـەکرێن و خۆیـان وەك قوربـانی و شەهید ئەبیننەوە، و وزەیەکیان نامێنێت بۆ ژیان و هەبوون.،

نۆیەم: لەم سەردەمەشدا بـە ئاشکرا هێڵێك هەیـە لـە کۆمەڵگـەدا بـە پاڵپـشتی سـەرمایەی مـادی و بـە سـوود وەرگـرتن لـە رەوشـت و تیتالـەکانی کۆمـەڵ و کـە زۆربـەی زۆری ئـەو رەوشـتانەش زادەی هـزری نێرخوازی و پیاوسالارین هەروەها هەندێك لەو پیاوانەی لە نـاو گروپـە ئیسلامییەکانیشدا بـە پاڵپـشتی کۆمەڵێ بەهانەی دینی ئیسلامی و تێکەڵ بـە پاڵپـشتی دیـسان سـەرمایەی مـادی بـە ئاشکرا بانگەشـەی فـرە ژنهێنـان و رزگـارکردنی قەیرەکـچان ئەکـەن لـەو دەردەی تێیکـەوتوون ، بێگومـان دیـارە ئەمـەش خراپترین کاردانەوەی لەسەر تەماشای هەم پیاو بۆ ئافرەت و هەم ئافرەت بۆ خۆیی و کۆمەڵگە بە گشتی بۆ نیوەکەی خـۆی ئـەبێت و سـەرەتایەکی نوێـشە بـۆ برەودان بـەو تەماشـا کۆنخواز و بەرژەوەنـدخوازەی هزری پیاو بۆ کچ و ئافرەتان و ژنان ، هەروەها هاندانیشە بۆ بە بچووککردنەوەی ئـافرەت و ، فێرکردنـی لاوەکانیشمانە بە کچ و کوڕانەوە، بەو تاماشایەوە کە جگە لـە گچکەکردنەوە و بـە هەند تەماشانەکردنی ئـافرەت و مرۆڤـە بـە گـشتی و بنەمایـەکی بێزارکەریـشە بـۆ پەیوەنـدی دانـان و دامەزرانـدنی ئـەو پەیوەندییانەی کە پێویستە پڕ بن لە عەشق ، ئەوان تژی ئەکەن لە بچووککردنەوە، لە جیاتی ئـەوەی پڕ بێـت لـە گـەورەیی مـرۆڤ ئـەوان بـە هـەوەس و چـەمکی ناشـیرینەوە ختمـی ئەکـەن و مـرۆڤ لـە قـوژبنێکی

تەسـكەوە گـەمارۆ ئـەدەن، لـە جیـاتی ئـەوەی ئاسـۆییەکی گـەش بکەنـەوە لـە بەرامبـەر مرۆڤەکانـد بـۆ پەیوەندیکردنی جوانتر و قوڵتر و مرۆڤانەتر . زیاتر و زیاتر رامانئەکێشنە ناو تاریکایی و زوڵمـەتی ئـەو پەیوەندییانەی خاڵین ، لە عەقڵ و خاڵین لە سۆزی دڵ ، تەنانەت خاڵین لە لەشی راستەقینە و لـە خـەیاڵ و لە تێفکرین و فڕین،

دەیـەم : قـەیرەیی ناسنامەیەکی ناشیرینە کۆمـەڵ بە کەسانێکی ئەبەخشێت کـە پـڕن لـە جـوانی ، چەمکێکی پیاوانەیە و ئەیدا بەو شۆخە مرۆڤانەی کەرەنگە لە هەموو روێکەوە ئەگەر لە پیاوەکان بە کەڵکتر نەبن ئەوا لەوان بێ بایەختر نین ، قەیرەیی درۆیەکە پیاوان کردوویانە و بە داخەوە ئێمـەش ( بە پیاو و بە ژنـەوە ، بە گـەورە و بچووکەوە ، بـە زیـرەك و تەمبەڵـەوە ، بە خوێنـدەوار و نەخوێندەوارەوە ) بڕوامان بەو درۆیە کردووە؟؟!!

ئەگەر قەیرەبوون کێشە بێت ئەوە من پێم وایە سەرەتا پێش ئەوەی کێشەی هـەر هـەموو کچە جـوان و ژیرەکـان و مرۆڤـەکان بێـت دیـسان کێـشەی پیاوەکانـە، بـەو مانایـەی بـاوەڕ بـە درۆییـەك ئەکـەن کـە پێویــستە بــاوەڕی پێنەکــەن و بــە شــێوەیەکی دیکــە تەماشــای کــچ و ئــافرەت و تەمــەن و بــەها کۆمەڵایەتییەکان بکرێت، و مرۆڤ قوڵتر بڕوانێتە جوانییـەکانی مـرۆڤ و رۆحـی مـرۆڤ و جەستـەی مـرۆڤ و خـەیاڵی مـرۆڤ و هـزری مـرۆڤ و هـەبوونی مـرۆڤ لـەم دونیایـەدا، هـەروەها پێویستیـشە لـەوە بگـەین چەمکەکانی ژیان لە کوێوە سەرچاوە ئـەگرن و ئـەو چەمکانە چەند تـەعبیر لـە داد پـەروەری و جوانی و یەکسانی و ئـازادی مرۆڤـەکان ئەکـەن، چـەند خـاڵین لـە غـەدر و زوڵـم و زۆرداری ، چـەند ئـەتوانن زیـاتر بمانکەنە مرۆڤ و بەهای کۆمەڵایەتی وامـان تێدا بچێنن کە تیایدا بتوانین ئـەو کچانەمان خۆشـبوێن بـێ ئەوەی حیساب بۆ تەمـەن بکـەین، ئـەو کەسانەی خۆشمانئـەوێن چـەند ئازادن و چـەند تێفکرین و وزەی ژیـان و کـار و چـالاکیمان لـە لا دروسـت ئەکـەن؟ ئـەبێت بـزانین ئـەو بەهایانـە کامـەن وامـان لێئەکـەن چەمکەکانی ئازادی و کەرامەت و یەکسانی و گەورەیی مرۆڤەکان بە بایـەختر بن لـە هـەموو ئـەو چەمکە مادییانەی کۆمەڵی نگوو لـە مادییـەت بەرهـەمیان ئـەهێنێ ، پێویـستە کـار بـۆ ئـەوە بکـەین کـە چـۆن ئـەو گەنجـە جـوان و نازدارانـەی ئـەو بەشـەی کوردسـتان بـە کـوڕ و کـچانەوە زیـاتر و زیـاتر بـبن بـە مرۆڤـی ژیاندۆست و هەبووندۆست و جوانیدۆست و ئازادیدۆست و ، دۆستی هەموو بەها ئینسانییەکان، چـۆن ئـەکرێت هەنـدێ شـتیان نیـشان بـدرێت تـا بـزانن مـرۆڤ چـەند گەورەیـە و کۆمەڵگـە و چـەمکەکانی و مومارەسەی رۆژانەی ئینسانەکان لێکبدەیەنەوە و راستی و هەڵەکان لێك هەڵاوێرین و پێکـەوەش کـار بـۆ کۆمەڵگەیەکی ساغتر و تەندروستتر بکـەین؟ کە کۆمـەڵ بـەوەی بـە قـەیرە بیانناسـێنێ، درۆییـەك بکـا بـە شوناسییان و لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات و بچووکیان بکاتەوە لە بەهای ئینسانییان کەمکاتەوە و بەربەستێك لە نێوان ئێمـە و جـوانی ئـەوان دروسـت کـات ، جیاوازییـەك لـە نێـوان کـچانمان دروست کات ، خوشکەکانمان ناشیرین بکات، تەمـەنی مـرۆڤ هـەمووی بەشـی ئـەوە ناکات کە تـۆ کتێبـی تێدا بخوێنیتەوە و تەئەموول لە تەماشای تاقە مرۆڤێك بکەیت ، ئیدی ئـەو چـەند ساڵە کەمە ، چارەگی ئەو تەمەنە کەمە یان نیوەی ئەو تەمەنە کەمە یـان هـەتا هـەموو ئـەو تەمەنـە کورتـە بـە قـەیرەبوون نـاوزەد بکرێت ، چ تاوانێك و چ درۆییـەکی گەورەیـە؟ من ئەگـەر هـەموو تەمـەنم لەگـەڵ تریفـەی خێـزانم دانیـشم ناتوانم هێشتا بڵێم پەییم بە هەموو جوانییـەکانی ئـەو بردووە و تـەواو ئـەزانم ئـەو چـەند جوانـە و چـەند گەورەییە و چەند مرۆڤە، ئەگەر من تا مردن لە گـەڵ هەنـدرێنی هـاوڕێ و خۆشەویـست دانیـشم قسەم لـە

سەر خۆشەویستی و عەشق و خەیاڵی ئینسان تەواو نابێت ، تا مردن ناتوانم لە جوانییەکانی ئەو کچانە بگەم کەرۆژێك لە رۆژان خۆشم ویستوون و تا ئێستاش بەردەوام وەك مرۆڤی هەرە جوان و بە بەها و خۆشەویست لەگەل مندا ئەژین و دێننە خەونمەوە، ئیدی من نازانم تەمەن بەشی چی ئەکات تا مرۆڤانی پیێ پۆلین بکەین و بڵێین ئەوە گچکەیە و ئەوە گەورەیە و ئەوە قەیرە یە و و ئەوە پیرە و هتد، مرۆڤ هەمیشە ئینسانێکە جوان و شایان بە بەهاترین بەهای مرۆڤانەی خۆی، هەمیشە هەژی قوڵترین هەست و گەرمترین سۆز و بالآترین عەشق، کچەکانم کە هەمیشە گەنج و خوشکانم کە هەمیشە جحێڵن ، شایانی دوا تنۆکی خۆشەویستی من و رێزی من و سەرفیرازی منن ، ئەگەر بە خۆشەویستی و عەشقەوە شوویان نەکرد و بنەمای ماڵێکی تازەیان لەسەر ئەو بناغەیە دانەمەزراند، ئەگەر بە پەیوەندییەکی تەواو ئینسانییانە و خۆشەویستانە نەبێت، ئەوا پێم باشترە لە شەرم و لۆمە و گلەیی و رەهەندەکانی قەیرە بوون نەترسن و بوێرانە رووبەرووی ئەو بەها بیێ بەهایانە ببنەوە، ئەگەریش زۆرانێك پێیان بڵێن قەیرە کچ ، ئەوە من پێیان ئەڵێم شۆڕە ژن و شۆخە کچ و جوانە مرۆڤ،

## بەشی چوارەم

## لە دەفتەرەکانی خۆشەویستیدا.

### نامەکانی هەتاو

**نامەی یەکەم**

**دهۆک** 1995/12/11

گشت کەسم،!

گیانەکەم بیر لە هێزی خۆشەویستی بکەوە، تەماشای حەز و خواست و ویست و ئارەزووی خۆت بکە! منت خۆشئەوێ،! شیعرت بۆ نووسیوم شیعر، خۆ ئەزانی شیعر نووسین چیە؟ بڕوات بە خۆشەویستی من کردووە و نامەت داومەتێ ، بەڵێنت داومەتێ ، ئەڤینت پێ بەخشیوم،

منت خۆشئەوێ خۆش.!

ئەزیزم ناتوانی دەستبەرداری ئەو هەموو خۆشەویستی و شیعر و نامە و هەستە پاکانە بیت، ناتوانی ،خۆت گێل مەکە،! پێت ناکرێ ،! چونکە تۆ هەستت بە خۆشەویستی کردوە و بڕوات پێ هێناوە.! لە جیاتی ئەوەی بیر لە وازهێنان بکەیتەوە ، ئەبێ بیر لەو سات و دەمە خۆشبەخت و بەختەوەرانە بکەیتەوە کە پێکەوە تیایدا ژیاوین ، بیر لە نامەکانم ، شیعرەکانم ،وتەکانم بکەوە ، وەکو من،! کە لەگەل وشەو شیعرەکانت ئەکەم.

روحی رەوانم ئێمە پێویستە ئەو چرکە وەختانە توند توند بگرین کە تیایدا خۆشەویستیمان لەگەل یەک گۆڕیوەتەوە،

گیانەکەم خۆشەویستی بەڵێنی پیرۆزی نێوان دوو دڵە کەلەگەل یەک تێکەڵ ئەبن،

خۆشەویستی رێگایەکە، دوو هەناسەی پێکەوە تیا گوزەر ئەکەن،

خۆشەویستی گفتوگۆی نێوان دوو عەقڵە کە هەردووکیان ئەڕوانە یەك سەرچاوە،

خۆشەویستی ئەوەیە دووکەس بۆ یەك ئەژین بۆ یەك ئەمرن، بۆیەك شیعر ئەنووسن و خەون بۆ یەك ئەچنن ، گیان و گوڵ و خوێن و سەریان ئەبەخشنە یەك،

خۆشەویستی شۆڕشە و بڕوایە و بانگی ئەڤین و عیشق بە هەموو شتێك ئەدات،

خۆشەویستی ئەو هەستەیە ، مانا بە ژیان و تەمەن و دونیا و رۆژگار ئەبەخشێ،

خۆشەویستی هۆیەکە بۆ ژیان ، بۆ گوزەرانمان لە ژێر ئەو ئاسمانە بریقەدارەدا،

مرۆڤ کە دڵی پڕبوو لە خۆشەویستی هەموو شتێك ساکار و پیرۆز و بە بەهاو بە نرخ ئەبینێ. خۆشەویست، عاشق ،،شاعیرە هەتا ئەگەر شیعریش نەنووسێ!

شاعیرانە ئەژییَ و خۆشەویستی ئەکا، عاشق وەکو شاعیر گوێی لە ترپەی پێی بارانە ، کە گەڵایەك ئەلەرێتەوە هەست بە ئاسوودەیی ئەو گەڵایە ئەکا و گوێی لە ئاوازی بە سۆزی با یە،

عاشق پێغەمبەرە،! پەیامێکی زۆر سەخت و پیرۆزی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی پێیە،

دڵدارەکان هەموو دەم شادن، ئەوان چێژ لە ئازاریش وەرئەگرن ، بەڵێ هەتاوەکەم ،بۆ ئەوەی بڕوانینە دوا رۆژ و دوارۆژ بە رووناکی ببینین ئەبیَ ئازار بچێژین،و لە ئازارەکانیش گەورەتر بین،

ئازار پێویستە بۆ ئەوەی هەست بە خۆشەویستی بکەین و هێزمان بداتیَ ، ئازار بڕوامان لە لا دروست ئەکات، چێژی دڵداری و خۆشەویستی و ئەڤین و ژیانمان پیَ ئەبەخشیَ ،

من لەسەرەتای خۆشەویستیم بۆ تۆ ،گرفتم هاتنە پێش ، نەمتوانی زوو پێت بڵێم خۆشمئەویَی ، دوورکەوتمەوە و تۆم نەبینییەوە، دەنگم نەدەگەیشتە گوێت، لە دووریت ئەسووتام و ئەتوامەوە، توانەوەی خۆم کۆئەکردەوەو هەمدیسان بۆت ئەسووتامەوە، بەڵام سووتانم نەکردە پیشەم، لە نێو هەموو ئازارەکانمدا بۆ خۆشەویستیت پێئەکەنیم ، هەموو شەوێك کە ئەخەوتم لە ژێر جێگەکەمدا ئەمووت ، ( . ئەمشەو وەرە خەونم! ) بڕوا بکە خەونیشم پێوە نەئەدیتی ، وەك بڵێی خەویش خیانەتی لیَ ئەکردم و تۆی نەئەکردە میوانم،!

نزیکەی شەش مانگی دووریتم رابوارد و بردە سەر ، لەو شەش مانگەدا چەند ئەڕوخام هێندەش کێل ئەبوومەوە ، هەڵئەستامەوە و بیرم لە عیشقی تۆ ئەکردەوە،

، تۆ منت ژیاند تۆ،!! ئەگەر نا ئەو ماوەیە ، سەردەمی هەموو خەم و ئازارە شکۆدارەکان بوو!

چونکە خۆشمئەویستی ، بڕوام بە ژیان هەبوو دڵم پڕبوو لە هیوا ، کتێبی زۆرم خوێندنەوە ، رەنگە زۆر سوودم لیَ نەدیتبن .، بەڵام فێرە یەك شتیان کردم ئەویش ئەوەبوو ، کە خۆشەویستی گوڕ و تینە ، بیرو بڕوایە، مرۆڤ ئەگەر خۆشەویستی لە دڵیا هێلانە بکات ، هەرگیز نابەزیَ ، دۆڕاندنی بۆ نیە، دڵدار گویَ لەو هێزەی ناخی ئەگریَ و کاری بۆ ئەکا ،عاشق لە پێناو ئەو هەستە پیرۆزەدا رێگەی دوور و پڕ زەحمەت ئەگریَ،

ژیان بە بیَ خۆشەویستی دۆزەخە ، بەڵام ئەگەر بێت و قوربانی بە خۆشەویستی بدەی ئەوە دۆزەخترە،!

ئەو کتێبانە فێریان کردم،

ئەگەر تۆم خۆشبویَ ، نابیَ بەجێت بێڵم و ئەبیَ بەدواتدا بگەڕێم و ببمە هاوڕێی تەمەنت !

ئەگەر خۆشمئەوێی و بڕوام بە خۆشەویستیت هێناوە ئەبیَ بەدوای هەنگاوی ئەو خۆشەویستییە بکەوم ، ئەبیَ خۆم و چارەنووسم بدەمە دەست ئەو خۆشەویستییە پیرۆزە،

فێربووم بەختەوەری مرۆڤ لە زۆری و کەمی ،کورتی و درێژی تەمەن دا نیە، رەنگە کەسان هەبن تەمەنیان 90 ساڵ بیَ فریای ئەوە نەکەوتبن تەنانەت لە ژیانی خۆیان گەیشتبن، هەشە چەند ساڵێکی کەمە و خۆشەویستی چێژێکی وەهای پیَ بەخشیوە کە هەموو دەم بە بزە و خەندەوە دەڕوانێتە ژیان.

من هەموو ژیانی خۆم لە خۆشەویستی تۆدا ئەبینمەوە، تۆ هۆی ژیانمی ، خۆشیت ،ئازارت، ترشیت، شیرینیت ، جوانیت، شیعرت، تەمەنت، پەرچەمت، گۆنات ، لێوت ، چاوی رەشت ، حەزت ، پەنچەکانت ، دانیشتنت ، رۆیشتنت ، باڵات ، هەنگاوەکانت، توڕەییت ، خەمت ، تۆ لەدەرەوە ، لەماڵەوە لە مەکتەب ، بە تەنیا ، لەگەل خەڵکی، ئەو شتانەت هەموویان ئەبنە تابلۆی عیشقی من و هۆی ژیان و تەمەنم،

من لە ناو خودی خۆمدا ، لەسەر هەمووشتێ ئەوەستم، هەر مەسەلەیەکم بە بیردا بێت ، عەقڵ ئەکەمە سەروەر و شی ئەکەمەوە، هەق و ئەرکی خۆم بەرامبەر هەموو کەسێك و شتێك دیاری ئەکەم،

من چیم ئەویٚ .؟ راستم یان هەڵە ؟ وا ئەبیٚ یان وا؟ راستی و ناڕاستی شتەکان؟ هەق و ناهەقیم؟ ئەرکو ئیلتیزاماتم ، چەند پێم ئەکرێت و چەند پێم ناکریٚ؟ بۆچ ؟ کەینیٚ .؟ لە کویٚ؟!

هەتاوی من ، مەسەلەی خۆشەویستی تۆش گەورەترین و پیرۆزترین مەسەلەیە ، کە دەمێکی زۆر خستمە دڵمەوە و لەسەری راوەستام، بیرم لێکردییەوە ، .زۆر زۆر ، لە ماڵەوەتان ، لەخۆم ، لە کۆمەڵ ، لە بارودۆخ ، لە هەموو روێکەوە .

کە بڕیارمدا، یان ناخم بڕیاری پێدام ، ئەقڵم ئەو کارەی کرد، خۆشەویستی خۆمت بۆ ئاشکرا بکەم،

کە ئەوەم کرد ئەمزانی رێگرم زۆر ئەبن ، هەر لە تۆوە هەتا ئەوکەسانەی ناشیانناسم،!

حسابی کۆمەڵم هەرگیز فەرامۆش نەکردووە بێباك نەبوومە، کە خۆشمویستی ئەوە مافی خۆم بوو ئەبوایە پەیڕەوی بکەم ، کە خۆشەویستیت لەگەڵ گۆڕیمەوە ، ئیتر خەونە پیرۆزەکەم سەوز بوو،!

لەگەل تۆدا کەوتمە کاروانی ئەو حەزە بیٚ وێنەیە، کە پێم وایە کەم کەس هەیە لەسەرانسەری دونیادا بەم شێوە گەرم و گوڕ و پڕ ئیشق و ئەڤینە، تەنیا لەسەر نامە و ماوەیەکی کورت ئەو هەموو خۆشییە مەزنە و هەستە پاکانە بەیەکتری ببەخشن،

ئێستاش سەبارەت بە خۆم وای دائەنێم کە هیچ رووی نەداوە، هەر ئەو عاشقەم کە بەنامە خۆشەویستیم بۆ درکاندی و بۆ دیتنت ملم لە موو باریکتر بوو ، هەر ئەو عاشقەم لە پێناوتا سەر و دڵ دائەنێم، ئەو عاشقەم ، پڕ بەدڵ ئەتپەرستم و هێز لە خۆشەویستیت وەرئەگرم،

ئەو دڵدارەم هەموو ساتیٚ حەز ئەکەم پێت بڵێم خۆشمئەوێی ، خۆشمئەوێی!

هەر ئەو عاشقەم ، شیعرم لە لا پیرۆزتر ئەبیٚ و ، زیاتریش بە ناخی گۆرانییە سۆزدارەکان شۆڕئەبمەوە،

ئەو کەسەم هێشتانەکە رقم لە گریانە و نازانم لە دووریتا چی بکەم؟!

هەر ئەو کەسەم ، بە هەموو بەرائەتێك و بیٚ گوناهی خۆشمویستی تا سەر ئێسقان خۆشمویستی، ئەو کەسەم کە تۆ ناونیشانمی، خەم و خۆشی و تاڵی و شیرینیم بە تۆوە بەندە،

هەر ئەو کەسەم ، چاوەڕێی شیعر و حەزت لێئەکەم ، چاوەڕێی نووسینی چیرۆکێك و پەخشانێکت لێئەکەم ، چاوەڕێی نامە و خەندەیەکت ئەکەم، گرنگ نیە ، کەینیٚ شتێکم پێشکەش ئەکەی ، هەرچەند دووربی، گرنگ نیە، بەس تەنیا تۆ پێم بڵیٚ چاوەرێبە،! دەپێم بڵیٚ چاوەڕێبە، تا منیش هەموو ژیانم بکەمە وێستگەی چاوەڕوانی!

هەر ئەو کەسەم، تا دوێنێکە بە دزی خۆشت ئەویستم!

ئاخ، ئەی رۆح و دڵ ،!

بڕوا بکە چەندی دڵنیات بکەن بۆ یەکدی نابین ، من دڵنیاترت ئەکەم کە بۆ یەکین،! هەر بۆ یەکین! هەر بۆیەکین!

من لە دوارۆژ ناترسم ، تا کەینیٚ تۆم لێئەگرن؟ هەمووتەمەن؟! گرنگ نیە ، ئەو کاتە ئەمشکێنن ، بەڵام نابەزم،!

من ئەو ژیانەی بیٚ تۆییە درێژەم ناویٚ ، لەگەل تۆدا چرکە وەختێکم بەسە، بۆ ژیان ، ژیانی راستەقینە،

بێ عەشقی تۆ واتە بێ ئیرادە و بێ ورە و هێزی خۆم ئەبم، نامەوێ تۆ کە سەرچاوەی ئەو ئیرادە و ورە و هێزەی لە پێناو هیچ بتدۆڕێنم،!

ناموێ ژیانێك بژیم ، سروودم هەمووی خەم بێ و بۆکروزم لێبێ ، حەز لە بەهەشتە پڕ ئاگرەکە ناکەم، ئەگەر ئاگر هەڵبژێرم ئەوە هی دۆزەخم ئەوێ،! نەك هی ژیان ، بەلاّم بە مەرجێك سەربەرز بم ، بەختەوەر بم، شەرمەزاری خودی خۆم نەبم، پێم لە ئارەزووی دڵ و خواستی مێشك نەنابێ ، مافی مرۆڤایەتی و ژیانی خۆم پێشێل نەکردبێ،!

گیانە، عاشق ئەبێ بە هێز بێت، تەسلیم نەبێ ، لەگەل یەکەم زەنگی مەترسی دڵی نەلەرزێ و ورە بەرنەدا، بە هەڕەشە و ترس خۆشەویستی لە دڵی خەفە نەکرێ،!

عاشق تێنووی سەربەستییە، عەشق خۆی ئازادی و فڕینە،!

نابێ ڕێبدەین تۆڕمان بەسەر دابدەن و بمانخەنە قەفەس و ئێمەش یەکسەر ئالاّی سپی تەسلیم بوون بڵندکەین،!

گیانەکەم نابێ تەسلیم بیت ، نابێ چۆك دابدەی ، نابێ خۆشەویستیم بکەیتە قوربانی خواستی هیچ لایەك،

مرۆڤ کە ئەبێ ئازادە ، و ئەبێ ئەو ئازادییە لەدەست نەدات، ئەگەر چی ماڵ و کۆمەڵ ماوەیەکی زۆر ئازادییەکەی زەوت ئەکەن ، بەلاّم کە بیر لە بوونی خۆم ئەکەمەوە و ئەبینم من لە ناو ژیاندام، لەو قەناعەتەم جەستەم ، عەقڵم ، بیرو بڕوام ، هێزو ئیرادەم ، موڵکی خۆمە، بەلاّم ئەم موڵکە هەقی کەسانی تریشی بەسەروەیە، چونکە لەگەل جەستە و عەقڵ و بیرو بڕوای دیکە ئەژیم،

بەلاّم هەموو کاتێکیش بۆ ئازادی خۆم و عەقڵ و جەستە و بیروڕام ئەگەڕێم،! تاکە سەرچاوەی ئازادیش یان ڕەهابوونی ناخ و خود، خۆشەویستییە ، خۆشەویستی،!

* * * * * *

**نامەی دووەم**

8 و 10 دەقەی شەوی 24 لەسەر 25 ی 12/ 1995 دهۆك

هەتاوەکەم ، حەیاتم ، تەمەنم ،ڕوحم!

نازانی ساتی ئەم نووسینی ئەم وشانەم هەست بە چی ئەکەم؟ نازانی،!!

تازە لە خویچندنەوەی ڕۆمانی ( قصە حب) ی نووسەری ئەمریکی ( ئەریك سیگال ) بوومەوە،

با کەمیچك لەسەر ئەو ڕۆمانەت بۆ بدویچم،

کاتێك ئەریك سیگال ئەم ڕۆمانەی چاپکرد، ڕەخنەگران و شارەزایانی ئەدەب بە گرنگترین نووسەری هەفتاکانی ئەمریکایان دانا. ئەم ڕۆمانە تا ئێستاش یەکیچکە لە چاکترین ڕۆمانەکانی ئەمریکی، یەکەم چاپی گەیشتە (5 ملیۆن ) تیراژ! کە ئەمەش ژمارەیەکی گەورەیە لە مێژووی چاپ و بلاّوکردنەوەدا، ئەم ڕۆمانە بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا وەرگێردراوە و کراوەتە فلیمیش و لە زۆربەی سینەماکانی جیهاندا نیشان دراوە.

رەخنەگران ئەڵێن ئەم رۆمانە عاجباتییەکە لە ئازایەتی و پاکی و بێگەردی ، ئازایەتییەکەی لەوەدایە کە دژی تەوژمەکانی ئێستا دەڕوا، و بێ گەردیەکەیشی لەوەدایە خۆشەویستی دەباتەوە شوێچنی راستەقینەی خۆی و خۆشەویستی لە نۆژەنەوە پیرۆز ئەبێتەوە! ئەم رۆمانە سەرکەوتنە ئەدەبییەکەی وەکو سەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکەیەتی،

رۆمانەکە باسی چیرۆکی کوڕە گەنجیچکی دەوڵەمەند و کچیچکی هەژار ئەکا کە هەردووکیان هەوڵ دەدەن بەسەر بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانیان باز بدەن و لە خۆشەویستیتدا بەیەك بگەن و لە زیان و قازانجدا یەکدیگیر بن.

چیرۆکێکی دڵدارییە لەگەل دڵی نەوەیەکی گەورەی گەنجان دەدوێ، چیرۆکێکی ساکارە وەك ئاو دەخشێ ، غەریب و سەیرە وەك ئەو ژیانەی کە دڵداران رووبەرووی ئەبنەوە بۆ ئەوەی گاڵتەی پێبکەن، وە کاریگەریشە وەك چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی،

گیانەکەم،

ئەگەر بپرسی ئەم چیرۆکە چەند کاری تێکردم، ئەوا ئەڵێم وایلێکردم چیتر خۆم لە نووسینی ناوی خۆت بێبەش نەکەم ، پێت بڵێم هەتاو ، خۆشمئەوێی ، خۆشمئەوێی،!!

هەتاو گیان ئەزانی پاڵەوانانی ئەم چیرۆکە چیمان فێرئەکەن ، فێرە شتی زۆر گەورە کە لەم چەند وشەیەدا کورتیان ئەکەنەوە: ( خۆشەویستی مانای ئەوەیە هەرگیز بۆمان نەبێ بڵێین پەشیمانین ! )

گیان، زۆر شت هەیە پێویستە پێت بڵێم ، بۆیە ئەم شتانەت لەسەر ئەم دەفتەرە بۆ ئەنووسم هیوادارم بتوانم ئەوەی ئەمویێ پێتی بگەیەنم بتوانم تێت بگەیێنم ، ئەو شتانەی من بیری لێئەکەمەوە تۆش ئاگاداری بیت، ئەو رێیەی دەمویێ هەردووکمان لەسەری بڕۆین نیشانتی بدەم!

پێش هەموو شتیش ئەوە ئەڵێم،

(خۆشەویستی مانای ئەوەیە هەرگیز بۆمان نەبێ بڵێین پەشیمانین ! )

* * * * *

4 و 17 دەقە ی سێشەممەی 95/12/26

هەتاو گیان

دوێنێ چیرۆکێکم نووسیوە رەنگە ناوی ( دیواری ) لێبنێم ، بە نووسینی چیرۆکەکە دڵخۆشبووم ، بەڵام نازانم بۆچ ناخی سووك نەکردم!

هەرچۆنێ بێ گیانە ، نامویێ باسی چیرۆکەکەت بۆ بکەم ، رۆژێ هەر دیەخویچنییەوە، نیازی هەندێ قسەی ترم هەیە،

گیان کە لەشەقلاوە بووم (سەوزە ) قسەکانی تۆی پێگەیاندم ئەمزانی تۆش چاوەڕێی وەلامێکی من ئەبی ، من و (سەوزە) زۆر قسەمان کرد، باسمان کردی، باسی جوانیت ،جلە رەشەکانت، ماڵەوەتان، خوێندنت، قسەکانت، گریانت، حەزت، چیت ئەوێ ، بیرت، خواستت ، بەلام من بە سەوزەم گووت تەنیا هێندەی پێبڵێ تا ئەمساڵ تەواو ئەکەی و ئەگەیە کۆلیج ، تا ئەو کاتە فەرامۆشم بکە و دوای ئەوەش ، خوا کەریمە،

وە هێندەشم بە سەوزە گووت ،گووتم ئەگەر گووتی هیچی تری نەووت، پێی بڵێ گووتوومە : ( وەك من بیر بکاتەوە ! )

رەنگە تۆ تا رادەیەك شارەزای بیرم بیت ، بەتایبەتی لەسەر خۆت و خۆشەویستی، بەڵام مرۆڤ ، دەریایە ، سنوور بۆ بیرو خەیاڵی داناندرێ چەندی شارەزام بیت هێشتا زۆر شت دەمێنێ لە مندا نەتدیوە و نایزانی. منیش بە هەمان شێوە ، ئێمە لەم ماوە کورتەی خۆشەویستیماندا تا ئەو وەختەی نامە و شیعرمان بۆ یەکتر ئەنارد ، تا رادەیەکی زۆر چاك باش بوو، بەڵکو ئەتوانم بڵێم شتێکی مەزن و پیرۆزمان ئەنجامداوە،!

گیانەکەی من ، ئێمە هەموومان کۆمەڵەکەمان زۆر گرنگی بە شتی وردو بچووك نادەین ، بەهای تەواو بە شتەکان نابەخشین ، زۆر شتی پڕ بایەخ فەرامۆش ئەکەین و رێزی کات و شوێن و قسە و گۆرانی ناگرین، ئەمویێ بڵێم ئێمە زۆر شت فەرامۆش ئەکەین و خۆمان لە تامو چێژی زۆر شتی ورد ئەکەین، قیمەتی راستەقینەی شتی ورد نازانین،

بۆ نمونە ئێمە کە لە شوێنێك لەگەل یەکێك ئەوەستین با بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ ئەگەر دوو دەقە بێ ، رەنگە لەو ماوەیەدا (20 ) وشە لەگەل یەك بگۆڕینەوە، ئەوە شتیچکی کەم نیە و پیرۆزە و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، کە مرۆڤ لەگەل برادەرێك ،کوڕێك – کچێك پیاسە ئەکا، ئەوەشیان شتێکی کەم نیە و کارێکی بەڕێز و سوود بەخشە، یان کاتێك مرۆڤ گوێ ئەداتە گۆرانییەك ئەوەشیان کاریچکی کەم نیە و خۆشە، یان کە سەیری گوڵێك ئەکەین دیسان ئەوەشیان کاریچکی مەزنە و خۆشی و رێز و پیرۆزی لێ ئەتکێ ،

ئەمەوێ ئەوە بڵێم مرۆڤ ئەبێ لە ژیاندا رێزێکی زۆریشتە بچووکەکان بگرێ ، چونکە فعلەن ئەم شتانە ئەگەر چی بچووکن و وردن بەڵام بەهایەکی تایبەتی و بە نرخیان هەیە بۆ دەروونی مرۆڤ، رەنگە تەنیا راوەستان لەگەل کەسێك خۆشییەکی زۆرمان پێ ببەخشێ ئەگەر بێت و لەو چەند ساتەی وەستانماندا هەست بە زەمەن و شویچن و کەسەکە بکەین، هەست بە نرخی ئەو قسانە بکەین کە لە دڵمان دێنە دەر هەست بەو هەناسەیە بکەین کە لەو وەختەدا ئەیدەین ئەم شتانە کەم نین! هەموو شتێك لە شتی ورد و بچوکەوە دەست پێئەکا، (بەردی گەورە بە بەردی بچووك ئەوەستێ )

ئەگەر چێژ لە شتی بچووك وەرنەگرین ئەوا دڵنیام هەست بە چێژی شتی گەورە ناکەین ، ئەگەر ئێمە قیمەت بۆ خەندە و پێکەنینمان دانەنێین چۆن لە خۆشی ئەگەین؟ ئەگەر بەرامبەر دیمەنی چۆلەکەیەکی سارد و سڕ ئێمەش ناخمان نەتەزێ چۆن بەرامبەر مەرگی مرۆڤێك ، ساوایەك ئەلەرزین؟!

هەموو شتێ لە گچکەوە دەست پێئەکات و گەورە ئەبێ،

گیان ، منیش ئەموێ بڵێم لەو ماوەیەی کە بە نامە یەکتریمان ئەدیت و لەگەل یەك ئەوەستاین و قسەمان ئەکرد،کارێکی زۆر مەزن و پیرۆزمان ئەکرد، ئەو وەختەی نامەیەکی تۆم بەدەست ئەگەیشت ، هەموو دونیام بە جوانی ئەبینی و بەهی خۆم ئەزانی ، ناخم ئەبووە یەك پارچە خۆشبەختی و بەختەوەری! وشەکان ئەڤینێکی زۆر پیرۆزیان ئەدامێ ، ئەو خۆشییەی لە نامەکانی تۆم وەرئەگرت، ئەو پیرۆزییەی لە وشەکانی تۆ هەستم پێ ئەکرد، ئەو چێژ و تامەی شیعرەکانت ئەیاندامێ هیچ شتێك و هیچ کەسێك پێیان نەبەخشیوم!

چەندی بیر لەو نامە نووسینەی نێوانمان ئەکەمەوە، ناتوانم ئەو هەق و رێز و پیرۆزی و خۆشییەی شایانییەتی بیدەمێ ! بۆیە گیان ، ئێستاکە تۆ قەت ناتوانی تەسەوری ئەوە بکەی کە نامەکانم بۆ ناردییەوە چەند ئازارم چێژت و ئێستاکەش ئەیچێژم؟؟!

هەر چۆنێك بێت ئەموێ ئێستا هەست بەو شتە بچووك و ورانە بکەی کە تۆ منت بەخشیوە و منیش بە تۆم بەخشیوە، قەت ئەو شتە پیرۆزانە فەرامۆش مەکە، هێزیان لێوەربگرە ، خۆشیان لێوەربگرە،

نازانم حەیاتم ، کە من لە رێگەی ( یانە ) ئەوەستم و تەماشات ئەکەم تۆ هەست بە چی ئەکەی؟ رق ؟؟ بەزەیی، خۆشەویستی ، سك پێ سووتانەوە . ئازار ، خۆشی؟

بەلأم من لەو وەختەدا ئەو وەستانەم لەوێ شتیچکێ کەم نیە و ناتوانم لەو دەمەدا هەست بە زۆر شت نەکەم و رەنگە هەموو ئەو هەستانەی سەرەوە کە باسمکردن! ئەو چەند دەقیقەیە کە لە خوار تۆوە ئەوەستم ،وەك ئەو کەسە وام کە لە مزگەوتێکدا نوێژ بۆ خودا گەورە و پیرۆزەکەی ئەکا، لەو ساتانەدا نوێژکەرەکە ، لەگەل هەستی خۆشەویستی بۆ خواکەی و ترس و بەزەیی ،بیر لە قیامەت و بەهەشت و ئاگر، لە سووتان و فڕین ئەکاتەوە.

منیشس لەو چەند دەقیقەیەدا کە هەر ماوەی نوێژێکی 4 رکعاتی ئەبێ ! کەلەسەر ریچگەی تۆوە ئەوەستم ، هەستم زۆر لە هەستی ئەو نوێژکەرە بەهێزترە، وا ئەزانم منیش وا لە پەرستگەی عیشقێکی ئەزەلی و جاویدانیم و نوێژ بۆ عەشقی تۆ و رووی تۆ و چاوانی تۆ و حەزی تۆ ئەکەم، تۆی خوام!

بەلێ گیانە من زۆر چێژ لەو راوەستانە ئەکەم، بە هەموو هەستەکانمەوە لەگەل ئەو ساتانەدا ئەژیم، هەست بە هەناسەم ئەکەم ( کێ بیر لە هەناسەی ئەکاتەوە ، ئەو هەناسەیەی ئەگەر دەقەیەك بوەستێ ، ئەمرێ و نامێنێ ،! یان کێ نرخ بۆ دەقەیەك دائەنێ ، کەلەم دەقەیەدا رەنگە لە هەموو دونیادا سەد کەس بمرن و سەدە پەنجا کەسیش لەدایك بن! کێ نرخ بۆ ئەو دەقەیە دائەنێ کە رەنگە لەهەر دەقەیەك لەو دەقانەی تەمەن ، کۆتایی بە ژیانمان بێ، یان شتێکی زۆر گەورەی تیادا روویدا؟! )

هەست بە زەمەن و شوێن ئەکەم ، بیر لە زۆر شت ئەکەمەوە، بە کورتی گولێ هەتاو ، ئەو وەستانەم شایانی ئەوە بوو چیرۆکێکی لەسەر بنووسم بۆیە دوێنێکە نووسیم!

رەنگە گیان تۆ کە بزانی وێنەیەکی تۆ لەلای من هەیە و وێنەیەکی گەورەم لە ژوورەکەم داوە و یەکیان لە دائیرەیە لەسەر مێزەکەم ، رەنگە تەنها بیرت بۆ ئەوە بڕوا بلێی بۆچ ئەم ئیشە بێ سەرو بەرە ئەکە،! رەنگە بە کەرم بزانی ! زۆر لێم توڕە ببی! بەلأم تۆنازانی کە سەیری وێنەکەت ئەکەم هەست بە چ خۆشییەك ئەکەم،! هەست بە خۆشی کردن .؟! بیر لەم هەستە بکەوە ، مرۆڤ لە رۆژێکدا ئەتوانێ خۆشی لە چەند شت وەربگرێ؟!

کە بەیانییان هەلئەستم بە وێنەکەت ئەلێم بەیانی باش!

چێژ لەم بەیانی باشە وەرئەگرم جاری واش هەیە گیانەکەم بیرم ئەچێ پێت بلێم بەیانی باش بڕوابکە کە بیرم دێتەوە هەست بەو پەڕی شەرمەزاری ئەکەم بەرامبەر تۆ،! ئەوە شتێکی کەم نیە بەیانیان چاو بکەمەوە و سۆمام بکەوێتە سەر وێنەکەت، یان کە گوێم لە گۆرانییەك ئەبێ و لەگەل گۆرانییەکە سەیری وێنەکەت ئەکەم لە ناخەوە ئەبزوێم! ئەجوولێم و دلم خۆش ئەبێ !

ئەزانم رەنگە ئەگەر باسی ئەم شتانە بۆ زۆر کەس بکەم لێم تێنەگەن یان گرنگی و پیرۆزی ئەم کارەم نەزانن، هەست بەو خۆشی و چێژە نەکەن کە من لەو رەفتارەم وەری ئەگرم ، یان رەنگە قەشمەریشم پێ بکەن، پێکەنینیان بە عەقڵم بێ بەڵام بڕوا بکە من لەو ساتانەدا هەست بە خۆشییەکی بێ سنوور ئەکەم ، کەهیچ شتێك ناتوانێ ئەم خۆشی و پیرۆزییەم پێ ببەخشێ و ئاوا بەختەوەرم بکا!

رەنگە تۆش تێم نەگەی ،تۆش هەست بەو بەختەوەرییەم نەکەی ، نەزانیت من چەند گرنگی بەم کارەم ئەدەم، بە چ رێز و سۆزێکەوە ئەم کارەم ئەکەم، چ پایەیەك بۆ وێنەکەت دا ئەنێم، چ نرخێك ئەدەمە ئەو بەیانی باشەی لێتی ئەکەم! لەو ساتانەی کە تەماشای ویچنەت ئەکەم تۆ نازانی ویچنەی چەند جوان لە مێشکم لەسەر تۆ و ژیان و چرکەوەختیچکی خۆشبەختی مرۆڤ و بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی ، دروست ئەبن،

کە سەیری وێنەکەت ئەکەم ، تەنها بۆ دامرکاندنەوەی کەفوکوڵی دووری نیە، تەنها تەنها بۆ هێنانەوەت بۆ سەر شاشەی چاوم نیە ، بۆ چەند ساتێکی بیرکردنەوەت نیە ، گەلێ دەلالاتی پیرۆزتر و مەزنتر لەپشت ئەو تەماشاکردنەم هەن، گەلێ هەستی پاك و بێگەرد لەو دیوی تەماشاکردنی وێنەکەت لە مێشکمدا دروست ئەبن و ئەجوڵێچن و لەسەر روخسارتدا بەرجەستە ئەبن، ( بەیانی باشەکەشم ) هەر سەرزارەکی نیە و تەقلیدێکی سواوی سڵاو و مەرحەبای مرۆڤێك نیە بۆ مرۆڤێکی دیکە، تەنیا ئەرکێك نیە و بەجێی ئەگەیێنم، بیری لێ بکەوە (بەیانیت باش ) دیقەت لەم وشانە بدە،کەم نین،! سنووری سڵاو و مەرحەبا ئەشکێنن، ئەچنە نێو خۆزگە و هیواو ئومێدی مرۆڤ ، (بەیانیت باش ) هەر لە ئاواتێکی پیرۆز و خۆزگەیەکی خۆشبەختانە و جوانییەکی زۆر و رەوشتێکی بەرز ئەکا!

ئێمە زۆر قسە ئەکەین و نرخی قسەکانمان نازانین، گرنگییان پێ نادەین ، بەها و قیمەتیان فەرامۆش ئەکەین، بۆیەشە چێژ لە قسەکردن وەرناگرین،! من نازانم ئەگەر هەست نەکەم تۆ گیانمی چۆن بۆت بنووسم گیان ! ئەگەر بە وێنەی هەتاو نەتبینم چۆن ناوت ئەنێچم هەتاو ! ئەگەر لە گیانم خۆشتر نەویێ ، ئەگەر لە چاوانم پیرۆزتر نەبی ، ئەگەر ئامادەنەبم سەرم لە پیچناوتا ببەخشم، رۆحم فیدات کەم، چۆن بتوانم پێت بڵێم حەیاتم ، گشت کەسم . چاوەکەم ،

رۆحەکەم!

نازانم هەرگیز حەزناکەم وشە لە شوێنی خۆی و بەمانای خۆی بەکار نەهێنم ، کە پێت ئەڵێم حەیاتم، واتە حەیاتمی، ( حەیات ) واتە ئەبێ هەمووشتێکی خۆشت پێشکەش بکەم ، خەندەم ، شیعرم ، قسەم ، وشەم، پێکەنینم، گریانم ،تد، و دەبێ هەموو شتیشت بۆ بکەم ، ماندووبم، ئەزیەت بکێشم ، راستگۆبم ، هەوڵت بۆ بدەم ، دڵسۆز بم، گاڵتەت پێ نەکەم، تێت بگەم ، بتگەمێ ، پێت بگەم، تد،

هەتاو گیان ، رۆحم ، گشت کەسم،!

بیر لە نامەکانمان بکەوە ، هی خۆم و خۆت ، وشەکانم ، وشەکانت ، ( ئەو سیفەتانەی بە ناوی یەکتریمانەوە ئەلکاندن،وەك گیان ، رۆح، ژیان، تەمەن، گشت کەس، ئەو مرۆڤەی هەست ئەکەم ساتێك لە مێشکم جودا نابیتەوە ، حەیاتم ، مەملەکەتی عیشق، وڵاتی حەز،تد،)

بیر لەم ئاوەڵنا وو سیفەتانە بکەوە و لەسەریان بوەستە، بیانخەرە دڵ و مێشکتەوە، سەرنجیان بدیٚ ، بیریان لێبکەوە، لێیان ورد بەوە ، وەك دایکێکی دڵسۆز دەستیان بەسەر دابێنە، بیانلاوێنەوە ، هەستیان پێبکە، تەماشایان بکە ، بۆنیان بکە، پەنجەیان لێدە،! دوای ئەو شتانە بزانە ئەو وشانە بەمانای راستەقینەی خۆیان بەکار هاتوون لە شوێن و جێی شیاوی خۆیان داندراون ، ئەم وشانە بە مانای وشە پڕ بە پێستی وشەی پیرۆز بەکار هاتوون؟!

یان ئەم وشانە هەر سەر زارەکی بوونە و تەنیا بۆ رازاندنەوەی نامەکان وناوەکان بووە؟ ئەم وشانە کە وتراون و نووسراون مانای راستەقینەی خۆیان ئەگەیەنن ، یان تەنیا بۆ پفدان و قەڵەوکردنی حەزێکی پووچ بووە؟!!

گیان ،حەیاتم! رۆحم! هۆ دەسگیرانەکەم،

دایکەکەم ! خوشکەکەم! ژنەکەم! باوك و برا و گشت کەسم!!

دڵگیر مەبە کە داوای ئەوەت لێئەکەم بەم وشانە دا بچییەوە و خۆت لە مانای راستەقینەی هەموو وشەکان دڵنیا بکەی!

ئەمویٚ دڵنیابی لەوەی کە پێم وتی گیانەکەم واتە تۆ گیانمی، و ئەمویٚ دڵنیاتریش بی کە پێت وتووم گیانەکەم، کە من گیانتم،!

دڵنیابە ، خۆت دڵنیا بکە، هەرچی وشەیەکی بۆت نووسیوم ، بچووکترین وشە، سادەترین وشە، ساکارترین وشە، دڵنیابە لە هەموویان دڵنیابە، کە پێت وتووم مەبەستت مانای راستەقینە و پیرۆزی وشەکان بووە ، وشەکانت بە مانای خۆی ، لە شوێنی خۆی بەکارت هێناون!

کە پێم ئەڵێی ( لە پێناوت رۆحم فیدا ئەکەم ) فعلەن تۆ مەبەستت ئەوەیە؟! مەبەستت روح فیداکردن و مردنە لە پێناوم؟! مەبەستت سڕینەوەی خۆتە لە ژیان بۆ من؟! مەبەستت کۆتایی هێنانە بە ( 18) ساڵ تەمەن و کۆمەڵیٚ خەون و گیانێکی فریشتەیی و دڵێکی میهرەبان و چاوانی رەشت و هەر بیست پەنجەی دەست و قاچەکانت ، هەزارەها تاڵە داوی قژە جوانەکەت و دەیان و سەدان شتی تر، کە پەیوەندییان بە جەستە و ژیان و تەمەنی تۆوە هەیە؟!

ئایا مەبەستت هەموو ئەوانەیە؟! ئەوانە فیدای من بکەی؟

کە پێم ئەڵێی ( تۆ هەمیشە خۆشەویستمی ) ئایا مەبەستت ئەوەیە من ، من وەك کەسێك و مرۆڤێك و سلوك و کەسایەتی و مواسەفات و نەفسییەت و بەکورتی من بە هەموو شتێکمەوە، هەمیشە و هەموو کاتیٚ ، خۆشەویستتم؟ مەبەستت ئەوەیە خۆشەویستیت هەرگیز بۆمن کۆتایی نایەٚ و منیش لە تۆدا دانابڕێم و بەردەوام خۆشەویستتم؟ (خۆشەویستی ) ئەم وشە پیرۆز و پڕ پاکیزەیی و پاکی و بێگەردی و بەختەوەری و خۆشبەختییە، ئەم وشە مەزن و بە شکۆییەت بە من بەخشیوە، کە ئەمەت پیٚ وتووم ، مەبەستت تەواوی وشەکە بووە؟ هەموو پیرۆزی و شکۆو شکۆمەندی و سام و ترس و مەزنی و ئەو هەموو هەڵچون و داچوون و جوانی و ویژدان و کەرامەت و زەبر و بۆن و بەرامە و خۆشی و شیرینی و پێچ و سەرکەوتن و خەبات و شۆڕش و خەون و خەیاڵ و ئەندێشە و چاوەڕوانی و دەیان و سەدان مانای پیرۆزی و شتی شکۆمەندتریش ، تۆ مەبەستت هەموو ئەوانە بووە ، هەموو ئەو شتانەت لەو وشەیە هەست پێکردوون؟؟! ئێستاکە پێت ئەڵێم و لێت ئەپرسم ( من هەمیشە خۆشەویستتم ؟؟! )

**که پێم ئەڵێی ( خۆشی و ناخۆشیم بە تۆوە بەندە، بەڵێ خۆشی و ناخۆشیم بە تۆوە بەندە! ) کە ئەم وشانەت بۆ نووسیوم ، خۆشی و ناخۆشی ، ئەم دوو وشانە ، کەهێندەی دێوێکی سامناك بە هێزن! هیچندەی ئەستێرەیەکیش گەورەو بە جریوەن! هێندەی مانگیش پڕ تریفە و جوانین،!**

**( خۆشی و ناخۆشی ) ئەم دوو وشەیە ئەتوانین بیانکەینە پێناسەی ملیۆنەها ، ملیارەها ساڵی مرۆڤایەتی،!! خۆشی و ناخۆشی ، ئەم دوو وشەیە چی بە خۆوە هەڵناگرن؟! هەموو شتێك هەڵئەگرن، خەون، گوڵ،بزمار ، پێلاو، رۆژ، مرۆڤ، چێژ ، شەهوەت، غەریزە، شیعر ، ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، دەروون، ناخ ، مێشك ، خوێن، شەڕ ، جوانی ، سروشت ، بە هەموو شکۆمەندی و خیانەتەکانییەوە، رەش ، سپی ، سوور، سێبەر، تارمایی، گوڵەگەنم، تفەنگ، تریفە، ساوا، تاوان، کەللە سەر، دڵ ، بێستان، کێڵگەی مین، نووستن، مردن، فرمێسك، خەنین، کەرنەڤال، پرسە ، ئاهەنگ، ماتەم، گۆرانی، قاسپەی کەو، زەڕەی کەر، چەپڵە ، چەقەنە، ئاگر، ئاو ، هەوا ، هەناسە ، رووتی، کتێب ، بەڕەڵلایی ، بەرگە گرتن، زیان ، قازانج ، شانۆ، راستی ، سیاسەت ، رابواردن، خوێندنەوە، خوناو ،کازێوە ، بەفر ، پیری ، تەڕ ، وشك ، ساغی ، ئیفلیجی، حەیاچوون، ناموس، وەهمی شەڕەف،! ماڵ ، دەرەوە، هتد، تێکڕای ژیان ، سەراپای هەناسە و ترپەی دڵ و جوولەی لەش،**

**ئەڵێی و بۆ دڵنیابوونیش دووبارەی ئەکەیەوە، ( بە تۆوە بەندە ، بەڵێ بەتۆوە بەندە! )**

**ئەپرسم سەرەڕای تەئکیدکردن و دڵنیابوونیشت ئەپرسم ( خۆشی و ناخۆشیت بە منەوە بەندە ؟!!)**

**گیانەکەم لە پرسیار و وشەکانم دڵتەنگ مەبە، چونکە من لەبەر نەبوونی وشە و زاراوەیەکی مەزنتر لە خۆشەویستی پێت ئەڵێم (خۆشەویستم ) ، نازانم کێشەم زۆرە لەگەل وشەی (خۆشەویستی ) هەست ئەکەم ئەم وشەیە تەعبیر لەو هەستەم ناکا کە من بۆ تۆم هەیە ، ئەزانم جاری تریش پێناسەی خۆم سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ کردووی ، بەڵام ئەبێ بگەڕێمەوە سەری و بڵێم ، من خۆشی تۆم ئەوێ ، خۆشی خوشك و براکانیشم ئەوێ ، خۆشەویستی هاوڕێ و خزم و کەس و هەموومرۆڤێکم ئەوێ ! بەڵام بەرامبەر بە هەمووشیان یەکسان نیم،!**

**ئەوەی لە چاوی تۆی ئەبینم ، لە چاوی خوشکم نایبینم، ئەو شیعرەی بۆ تۆی ئەنووسم ، ناتوانم پێم ناکرێ بۆ براکەم یان هاوڕێیەکم کچ بێت یان کوڕ بۆی بنووسم،**

**ئەو خەمەی بۆ تۆی ئەیچێژم ،بۆ ئەو برایەم ناچێژم کە لە ساڵی (87) ەوەو نەمدیوە، ئەو ئازارەی بۆ تۆی هەست پێئەکەم (بۆ دایك و باوکم و کەژاڵ و نەبەز ) هەستیان پێناکەم، ئەو خۆشییەی لە چاوانی تۆ ئەیبینمەوە ، لە مناڵێکی ئێسك سووکی خوشکم یان برام نایبینمەوە ، من تەنها خۆشی تۆم ناوێ ، شتی زۆر لەوە گەورەترم ئەوێ ،!**

**شتی پیرۆزتر،! شکۆمەند تر،! بلیمەتتر! بە هیبەتتر! لەسەرووی خۆشەویستی و پیرۆزی،! پاکتر لە پاکیزەیی و بە سۆزتر لە شیعر و گریان،! زۆر لە وشەی خۆشەویستی و حەز و عیشق و ئەڤین و دڵداری بەزەبر تر!**

**ئەو شتانەی بۆ تۆم ئەوێ لەگەل تۆم ئەوێ ، لێتم ئەوێ ، نایێنە سەر زمانم، وشە نیە بتوانێ باسیان بکە، ! نازانم ئەموێ بە هەموو هەست و بیر و مێشکم لەگەل یەك یەکدیگیر بین،! ببینە**

**پێکهاتەیەکی یەك هەناسە و یەك گیان و دڵ،! بڕوابکە هەموو وشەکانم لە جێی خۆیان و بە مانای خۆیان بەکار ئەهێنم**

**، تۆ تەنیا کچێك نی موعجب بووبم بە هەموو شتە جوانەکانت ،تەنیا کچێك نیت جوانی و شیعر و کەسایەتیت سەرنجی راکێشابم ، تۆ تەنیا هێندە نیت ، زۆر زۆر لەوە زیاتر و گەورەتر و پیرۆزتریت، تۆ تەنیا بەژنێکی بڵند و دوو چاوی رەش و قژێکی جوان و تەمەنێکی ناسك و رەوشت و ئەخلاق و ژیری و کچ و شۆخێك نیت، تۆ تەنیا هێندە نیت تا داوام لێ بکەی ، سەربەست بم لە ژنهێنان؟؟!! تۆ تەنیا هیندە نیت بتوانم بێجگە لە تۆ بیر لە کچێکی دیکە بکەمەوە! تۆ تەنیا هێندە نیت بیر لەوە بکەمەوە کچێکی دیکە هەبێت شایانی شیعر و خەندە و گریان و فرمێسك و وشە و پێکەنین و خەم و خۆشی و هەست و بیر و دڵ و خوێن و سەری من بێت!**

**تۆ تەنیا هێندە نیت زۆر لەوە بە شکۆ و پیرۆزتری!! کە پێت ئەڵێم ( تۆ هەمووشتێکی پیرۆزیت!! ) واتا پڕ بە مانای پیرۆزی تۆ هەموو شتێکی پیرۆزی!!**

**تۆ خۆتیت ،کەسی دیکە نیت، حەزت ، خۆشەویستیت، عیشقت ، پەرستنت ، تۆ خۆت بە هەمو شتێکتەوە ، بە سووتان و گڕتەوە ، بە باران و تەڕیتەوە ، بە سۆز و دڵڕەقیتەوە ، بە شیرینی و تاڵیتەوە، بە دکتاتۆرییەت و ئەنانیەتتەوە،! بە گوناه و بێ گوناهیتەوە، بە گریان و خەندەتەوە ، بە شیعر و وشە بەردینەکانتەوە، بە گەورەیی و بچوکیتەوە ، بەسەروەری و ساویلکەییتەوە، بە سروەیی و لافاوتەوە، بە ساردی و گەرمیتەوە ، بە پشکۆ و خۆڵەمێشتەوە، بە منداڵی و ترستەوە ، بە هەموو شتێکتەوە، تۆ هێندە نیت ، تا وەك خوشك تەماشات کەم و خۆم بە برایەکی دڵسۆزت دابنێم!!**

**نەء ، نەخێر هەزار جار نەخێر نابیە خوشکم و ،نابمە برات.!**

**خۆشەویستم ! بیر لە وشەکانت بکەوە و دڵنیابە و دڵنیام بکە، بە مانای خۆت بەکارت هێناون! دڵنیام بکە هەرچی وتووتە ، هەرچی نووسیوتە، پووچترین وشە، گەورەترین وشە، پڕ بە مانای وشە بەکارت بردوون،! دڵنیام بکە وشەکانت تەنها رازاندنەوەی ناو و نازناو نەبوونە ،! دڵنیام بکە وشەکانت تەنها پفدانی حەزێك نەبوونە ،! دڵنیام بکە ، لە حەزت ، لە عیشقت ، لە شیعرەکانت! وشەکانت ، چی هەیە لە وشە بەزەبرتر ؟! چ لە شعر کاریگەرترە؟! نیە،!**

**خۆشەویستم دڵنیام بکە ،! گومان ترس و دڵەڕاوکێم بڕەوێنەوە،! خەمی قورسم ، ئازاری قوڵم ، ئێشە شکۆدارەکانم ،بورکانی دوودڵیم دابمرکێنەوە ، چرای گومانم خەفە بکە،!**

**منیش لەگەڵ سوکرات هاوار ئەکەم، ئەو خۆشەویستییەی رۆژێ لە رۆژان کۆتایی بێت ، بە هیچ شێوەیەك خۆشەویستی نەبووە! )**

**دڵنیام بکە گیان دڵنیام بکە، ، بەلام پێش من خۆت دڵنیابە، خۆت دڵنیا بکە!**

**ئەگەر رۆژێ لە رۆژان خۆشت ویستبم ئەوا هەمیشە خۆشەویستتم ، خۆشەویستیم کۆتایی نایێ ،!**

**ئەگەر رۆژێ لە رۆژان هەستت کردبێ خۆشی و ناخۆشیت بە منەوە بەند بووبێ ، ئەوا ئێستا ناتوانی جیای بکەیتەوە!**

**ئەگەر بڵێی ناتوانم خۆشەویستیت لەگەڵ بکەم ئەوە مانای کۆتایی خۆشەویستیت نیە ، بەڵکو مانای ئەوەیە هەر لە بنچینەوە تەنانەت چرکە وەختێکیش خۆشت نەویستووم،!!**

ئەگەر ئێستا نەتوانی گیانی خۆتم نەك پێ ببەخشی بەڵکو ئازاریشی بدەی ، ئەوا دیارە قەت ئامادەنەبووی گیانی خۆتم پێشکەش بکەی و درۆیەکی گەورەت پێش ئەوەی لەگەل منت کردبێ لە خۆت کردووە!

ئەگەر ئێستا خۆشی و ناخۆشیت لە من جودابێ و واهەست بکەی بە منەوە بەند نیە ، ئەوا لە هیچ ساتێك و وەختێك بە منەوە بەند نەبووە ، بەڵێ بە منەوە بەند نەبووە!!

ئەگەر و ئەگەر و دەیان ئەگەری دیکەش!

خۆشەویستم ، گشت کەسم!

هەتاوی گیان و دڵ و رۆح و خوێن و سەر!

دڵتەنگ مەبە لە وشەکانم، هەموویانم بە مانای خۆی و لە شوێنی راستەقینەی خۆیانم بەکار هێناون ، تۆش ئازابە و بە دڵێکی فراوان و بیرێکی بنیاتنەرانە و بە راستگۆیی وەڵامی پرسیارەکان و گومانەکانم بدەرەوە،! خۆت دڵنیا بکە و منیش دڵنیا بکە تا دڵنیا نەبی ئاسوودە نابی،! منیش ئاسوودە نابم ، ئەگەر دڵنیا بین ، ئەوا زۆر بە ئاسوودەیی ئەتوانین درێژە بە خۆشەویستیمان بدەین، بێ ئەوەی هەڕەشەی کەس کارمان تێبکا،

بڕوا بکە گیان ، ئەگەر لەوە دڵنیا بی تۆ منت خۆشویستوە ، پڕ بەمانای خۆشەویستی ، بەقەد پیرۆزی و شکۆمەندییەکەی خۆشەویستی، خۆشت ویستووم،

ئەگەر دڵنیا بی لەوەی تا دوا هەناسەی مەرگ لە گەڵم دابیت ، ئەوا بە ئاسوودەیی لەگەڵم ئەبیت،

ئەگەر دڵنیابی لەوەی تا دوا هەناسەی مەرگ لەگەڵم نابیت و نەبووی! ئەوا دیسان ئاسوودە ئەبی و لەگەڵم نەبووی و ناشبیت!!

، جوان ، ئەگەر دڵنیابی لەوەی لە ئەساسەوە خۆشت نەویستووم، ئەوا بە ئاسوودەییەوە خۆت لەو خۆش نەویستنە ! دەرباز ئەکەیت و زۆر ئاسایی و بە ویژدان ئاسوودەییەوە ئەژی!

بەڵام ئەگەر خۆشت ویستبم ئەوا هەر خۆشت ئەوێم، ئەگەر بڕیارت دابێ ، بە دڵ و مێشك ، لەگەڵم دا بیت ئەوا هەر لەگەڵم ئەبیت، خۆشت ئەوێم و لەگەڵم ئەبیت ئەگەر بزانی ئەشتکوژن،!!

بەڵێ گیان ، تۆ کە هەواڵم بۆ ئەنێری و ئەڵێی با وازم لێبێنێ و ئەوەی لە نێوانمان بوو تەواو بڕایەوە، خەلاس،! هەزار نەء و نەء و نەئم بۆ ئەنێری، دیتن نەء، نامە نەو، دیارییەك نەء! هەمووی هەر نەء !!

ئێ چون بڕیاری وازهێنانت بدەم ، چۆن لە خۆشەویستیت پەشیمان ببمەوە، ئەگەر بڵێم وازت لێ دێنم خۆشەویستیت تەواو خەلاس ، ئەوا ئەبمە گەورەترین درۆزن! درۆزنێکی شاخدار ،! درۆزنێکی بێ دەسەلات و هیچ ، هیچ، وەك تارمایی و سەراب!! هیچ وەك خاکێکی زڕ،!

ئەگەر بڵێم وازت لێدێنم واتە لە ئەساسەوە تۆم وەك خۆشەویست و هاوسەری خەم و خۆشی و هاوڕێی وشە و شیعر و تەمەن ، تۆم نەگرتووە!

ئەگەر بڵێم خۆشەویستیت تەواو ، واتە لە بنچینەوە خۆشم نەویستووی،!! واتە لە سەرەتاوە دڵی خۆمم نەداویەتێ ، تا لێتی وەرگرمەوە،

کچێ ئەگەر دڵم دایێ ، چما شیعرە یان دیارییەکە یان پارەیە بەقەرز پێمدابی و لێتی وەرگرمەوە،! من خۆشم ویستی و دڵم دایێ ، کچێ دڵ،دڵ ،.

ئۆه گەر ئەزانی چەندم خۆشئەوێی .؟!!!

دڵنیا بەو دڵنیام کە ،

لـە خۆشەویـستیت ، لـە وشـەکانت ، نامـەکانت، شـعرەکانت، پەخـشانەکانت، فرمێـسکەکانت . ئاهـەکانت، هـەر شـتێکت، پـێ بەخـشیوم ، هـەموو شـتێك بخـە دڵتـەو و لەسـەری بوەسـتە، هەسـتی پێبکە، بەراستگۆیی و درۆزنی شتەکان هەست بکە! کە هەستت پێکردن و بە چاوی خۆتـەوە چاکە و خراپە ، خێـر و شـەڕ ، پاکیزەیی و پیسی، پیرۆزی و نـەفرەت، گوڵ و دڕك ، جوانی و ناشـیرینی شتەکان، وتەکان، هەست و مەشاعرەکان، هەموویان بخەرە سەر حەقیقەتی خۆیان و بەماناو هێما و رەنگ و روخساری خۆیان بیانبینە،

چاو بـە خـۆت دابخشێنەوە، هەوڵدە تەماشـای منیش بکـەی ، مـن لـە کـلآو رۆژنـەی وشـەکانم ، قسەکانم هەستەکانم، بیرو بڕوام، لـە مانـای هـەموو شتێك بگـە، خۆشەویـستی بـە پیرۆزی و تـرس و سام و شکۆ و جوانییـەوە، جودابوونـەوە و دەسـت لێکبـەردان، بە هـەموو مەرگەسـات و کارەسـات و ئازادی و بەرەڵلآییەوە!

تەماشـای ئـەو رێیـە بکـە کـە لەسـەری ئـەڕۆین بەزەحمـەتی و کۆسـپ و تەگـەرە و وێـستگەی حەسانەوە و هیوا و ئومێد و ئاواتی پیرۆز، تاریکی و روناکییەکەی ، چـی ئـەوێ و چیمان ئـەداتێ ؟! چی بۆ بکەین و چیمان پێ ئەبەخشێ ؟! سـەروەری یـان هیچ؟! خۆشبەختی یـان چارەنووسـێکی نادیار ؟! بڕۆین ، نەڕۆین ؟ هەنگاو بنێین یان بچەقین ، یان بکشێینەوە؟!

تەسلیم بین یان شەهید؟!

لە خۆشەویستیدا ، بۆمان هەیە بڵێین پەشیمانین؟!

خۆشەویستی کۆتایی دێ ؟! کەدەستی پێکرد ، ئەبڕێتەوە؟!

لە نێوان تەسلیم بوون و شەهید بووندا، نێوەندێك نیە؟!

ئەگـەر هـەبێ چـۆن بیدۆزینـەوە ؟! چـۆن بـە دوایـدا بگـەڕێین ؟! وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە لـە کـوێ دەستگیر ئەکەین؟!

تەنیا وتەنیا خۆشەویستی و عیشق و ئەڤین . وەڵامەکانمان ئەدەنەوە دەست ،!!

( هەموو تاریکایی دونیا ناتوانێ تروسکەی مۆمێك بشارێتەوە!! )

ئەگەر ئەو تروسکەیە لە دڵمان هەڵکرابێ ئەوا گاڵتە بە تاریکایی هەموو دونیا ئەکەین و هـەنگاو ئەنێین ، چونکە روناکیمان ، خۆشەویستیمان پێیە، و نە تاریکایی و دونیا و نە هی کۆمـەڵ نـاتوانن تروسکەمان بشارنەوە.!

هەموو شت بەرەشی و سپییەوە، بە جوانی و ناشیرینییەوە، بەبەزین و سەرکەوتنەوە، بـە دۆڕان و بردنـەوە، بـە پیرۆزکـردن و نەفرەتکردنـەوە ، بـە درۆ و راسـتییەوە بـە تـاریکی و روناکییـەوە ، بـە خۆشەویـستی و رقـەوە، بـە ئـەڤین و خۆدزینـەوە ، هـەموو شـت بـە دەسـت خۆمانـە و لەسـەر خۆمـان ئەوەستێ ، شتەکان چۆن ئـەبینین ، ئەسڵی شتەکانیش چۆنن؟! هـەق و مـاف و حـەزمان چیە و چ نیە؟! ئەرکمان فرمانمان ، چین؟

هـەموو شـت بـە پلـەی یەکـەم لـە دەسـت خۆمانـە ، لەسـەر هـزر و بیر و ئازایـەتی و جورئـەتی خۆمانەوە ئەوەستێ ،

گیانەکەم ، هەموو شت بەدەستی خۆمانە،

دروستکردن و رووخاندن، فەنابوون و خەنینەوە ، هەلاّتن و هەنگاو نان، کشانەوە و پێشەوە چوون ، نەکەس و ، نەکۆمەڵ نەداب و نەریت ناتوانن وات لێبکەن بکشێیتەوە و هەڵبێی ،

ئەتوانن تێکت بشکێنن ، بەلاّم ناتوانن بتبەزێنن! لە نێوان تێکشکان و بەزینیش ئاسمان وریسمان هەیە،!!

ئەگەر چی ئەگەر مرۆڤ ، هەمیشە لە ململانێ دابێ ، کێشمە کێش بکات ئەوا نەك هەر نابەزێ ، بەڵکو تێکیش ناشکێنرێ !

چونکە ئەگەر مرۆڤ کەوت و هەڵسایەوە ئەوە ململانێی کرد ، کە ململانێی کرد و هەڵسایەوە واتە نەشکا! کە مرۆڤ لێی ئەدرێ و ئەکەوێ و هەڵستایەوە ئەوە کارێکی زۆر مەزن و پڕ بایەخە،

( ئەو لێدانەی نەمکوژێ ، بەهێزترم ئەکا! )

تۆ ، من ، هەردوکمان لێماندرا و نەکوژراین . دەکەواتە بەهێزترین،! من تەواو قەناعەتم بەوە هەیە بەهێزترم،

تۆش گیانەکەم دوور لە کۆمەڵ و روانینە گورگاوییەکان، تەماشای خۆت بکە، خۆت بناسە وەك عەقڵ و ناخ و دەروون و کەسایەتی و، کچێکی چۆنیت؟!

لەسەر ئەم مەسەلەیە بوەستە و بیخەرە دڵتەوە،! کە لەناخەوە خۆت ناسی کە بڕوات بە پاکیزەیی و پیرۆزی بیر و بڕوا و صاکی و بێگەردی حەز و ئامانجەکانی خۆت کرد ، بڕوا و متمانەت لە لا دروست بوو، ئەو ئازایەتییەت هەست پێکرد کە لە ناختەوە هەیە و بڕوات بە خۆت لە لا دروست ئەکا، ئەو کاتە ئەزانی نرخ و بەهای خۆت چەندە ، نرخ ئەدەیە هەموو خەندە و خۆشی و فرمێسك و وشە و چرکە وەختەکانی تەمەنت!

ئەو کاتە خۆت ئەناسی ، حەیا و نامووس ئەناسی ، میهرەبانی و خۆشەویستی و بەخشندەیی دڵە گەورەکەت ئەبینی، دڵە پاك و فریشتەیەکەت لە گەڵت دێتە گۆ، باسی خەون و شیعر و وشە و گوڵ و ئاواتە وەنەوشەییەکانت بۆ ئەکا،

تەنیا بۆ چەند ساتێك دوور لە کۆمەڵ بیر بکەوە لەو شتانەی موڵکی خۆتن ، بیرکردنەوەت، خەونەکانت ، حەزەکانت، جەستەت، چاوەکانت لەسەر چ رابگری، بە پەنجەکانت چ بگری، هەنگا و بۆ کوێ بهاوێژی؟

ئەو وەختە ئەوێری بڵێی من مرۆڤێکم ئەژیم و کۆمەڵێ خەونم هەن، بە قەد سەفین سەربەرزم ، سەرفیرازم بەو خۆشەویستییەی بە مرۆڤێکم ئەبەستێتەوە، ئەو خۆشەویستییەی ئازادی و سەربەستیم ئەداتێ ! ئەو خۆشەویستییەی شعری بۆ ئەنووسم و ، گۆرانی بۆ ئەڵێم،

ئەوکاتە ئەتوانی لە دڵتەوە گاڵتە بە کۆمەڵ بکەیت، پێی پێبکەنی ! بیشکێنی و بیبەزێنی و ،ململانێی لەگەڵ بکەی ، لە رێی ئەو خۆشەویستییەدا هەنگاو باوێی و نەکشێیتەوە ، ورە بەرز بیت و ئازا بیت و نەترسێی ، لە کەس نەترسێی، ئەو کاتە لە خۆت و لە من و ژیان بێزار نابیت.؟!

هەموو کاتێك بیر لە شتی جوان ئەکەیتەوە! ئەو کاتە ئەزانی خۆشەویستی مانای ئەوەیە هەرگیز بۆمان نەبێ بڵێین پەشیمانین!

ئەگەر لە حەقیقەتی خۆمان بگەین ، ئەگەر لە راستی خۆشەویستی و ژیان و شتە بچووکەکان بگەین، هەمیشە بیر لە شتی جوان ئەکەینەوە، قەت لە دوای خۆشەویستی هەست بە پەشیمانی

ناکەین، چونکە خۆشەویستی هەموو ساتێك جوانییە، پاکییە، مافی مرۆڤە، ئامانجێکی پیرۆزە، هەموو بەختەوەری ژیان ئەگرێتە خۆ،!

قوربان ئێستا لای من سەعات (1) ی شەوی 26 لەسەر 27 ی 95/12 ) ە، لە ئێوارەوە شتت بۆ ئەنووسم رەنگە 3000 هەزار وشەم بۆت نووسیبێ ، ئەمەش شتێکی کەم نیە ، وەك خەندەیەك ، وەك تریقەی پێکەنینێك پیرۆز و کارێکی بەرێزە،!

بە دڵ و مێشك بیانخوێنەوە ، گیانەکەم هەرچیم نووسیبێ ، خۆشەویستیت پێی نووسیوم و بۆ خۆشەویستیت نووسیومە، لەم نامەیەشمدا وەك هەموو نامەکانی دیکەم هەوڵمداوە نامەکەم پەیامێکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی پێبێ ، شتی لێوەربگری و شتی لێ فێرببی!

هەمیشە خۆشەویستمی،

* * * * *

نامەی سێیەم

قەسیدەیەکی چاو رەش

رێبەندانی 96

لەم رۆژهەڵاتە کوێمان هەیە؟ نەشەقامێك ، نە باخچەیەك ، نەکەنارێك، نە چایخانەیەك، نە هۆڵێك ،نەکتێبخانەیەك، نەرێگایەك.

تەنیا رێگەی خوێندنگا نەبێت کە ئەتوانین تیایدا بۆ چەند ساتێك کە هەر هێندەی نوێژێکی چوار رکعاتی دەبێ دەسگیرانەکانمان ببینین و لەو چەند ساتەش فریای چی ئەکەوین؟

لە رۆژێکی تەمەن کورتی رێبەنداندا لە وێستگەی چاوەڕوانیتدام، بەبەرچاوما رائەبووری و ناوێری تەماشام بکەی، بێ ئاوڕێك ، بێ سەرنجێك، بێ خەندەیەك لەدوای خۆتدا بە جێم دێڵی،

لە چاوەڕێی پاسدا لەگەل دەستە خوشکەکانت ئەوەستی، منیش وەکو شیعر لە میحرابی عیشقێکی جاویدانی لە چاوەڕێی ئاوڕێکتدا دائەگیرسێم ،

ئەوەی خەڵکی لەسەر ئەم رێگەیە ئەیبینن عاشقێکی رەشپۆشە،

ئەوەی منیش ئەیبینم ئەم رێگەیە پەرستگەیە و دەیان وشەی تەڕ و خۆزگەی سوور و ئاهو نزاو نوێژی لاوە پاکیزە بێگوناهەکانی رۆژهەڵاتی تیادا وەك هەناسەیەکی گەرم،

بە وێنەی بخورێکی بۆن وەنەوشەیی ئەسووتێن!

ئا لەو وەختەدا سەرەتای قەسیدەیەکی چاو رەش دەست پێئەکا،

رەنگت ، لە بۆرەتارێکی ئێوارانەی
سەر کێڵگەی گەنم ئەکا
بۆرەتاری ئێوارانەی رۆژهەلات،
رۆژهەڵاتی کانگای نەوت و

**مەنفا و ئافات!**

**ئێوارەیە ، یا سەرەتای شەوێکی بێ ئامان؟**
**ئێوارەیە، یا سەرەتای شەوێکی دیکەی غوربەت و سووتان؟**
**سەرەتای شەوێکی دیکەی حەژمەتی گریان؟**

**ئەمشەو ساهی بە ئاسمانی سۆمامەوە نامۆ ئەبێ و**
**پەنجەرەی دڵم ئەکەوێتە بەر زریانی گومان**
**ئەمشەو، وشە ئەسپە شێنە و**
**شیعر حیلەی بێ دەنگیمە!**
**ئەمشەو، خەیاڵ پاسارییە و**
**خەون پەڕ و باڵی بێ رەنگیمە!**

**ئەی پیرۆزیی کاولە وڵات،!**
**گوڵە گەنمی وێرانە خاك،!**
**ئەی پاکیزەی سەدەی گوناه و تاوان!**
**ئەی سڵاوی بەختەوەری لە بەیانیانی بەد بەختی**

**تۆ لە وەختی قیژەی فەوتانی کچێنی**
**هاژەی رووبار و**
**قاسپەی کە و و**
**تاڤە تاڤی تاڤگە و**
**وژەوژی با و**
**گمەی کۆتر و**
**ئۆخژنی شەپۆڵ و**
**جریوەی ئەستێرە**
**زایەڵەی چرپەی شیرینی،**

**ئەی شکۆی سەردەمی چەمانەوەی لووتکە و**
**باڵای گەنم و**
**بەژنی شۆڕەبی و**
**شکانی قەدی دار بەڕوو!**

**ئەی چرای سەروەختی ، ئاوابوونی تریفە و گزنگ!**
**تۆ لەدەمی رمانی بەهەشت**

**دوورگەیەکی وەنەوشەییت!**
**تۆ لە ساتی فەنابوونی ئاواز و**
**ڕۆچوونی حەیران و**
**فەوتی بەستە**
**قیامەتی گۆرانیت!**

**ئەی نەورۆزی زەمەنی خۆرنشین و بۆرەتار**
**ئەی ئاگایی تەمەنی خەوالّووی پاش باوێشك و بۆرژان**
**تۆ لەسەردەمی سەردولکە و شینگێڕیدا**
**خەنین و تریقەی**
**تۆ لە ساتەوەختی هەڵدێرانی قەسیدە و**
**دەمیٚ شیعر ئەبیٚ بە خۆڵەمێش**
**بخوری داگیرساوی وشەی**

**هاوڕێم ، هاوڕێی وشە و شیعر و تەمەن!**
**ئاوڕدەوە**
**با لەسەر ئەم ڕێگەیە**
**وەك پەڕەسێلکەیەکی بیٚ باڵ**
**ڕەق نەبمەوە**
**سەرنجێکم پیٚ ببەخشە**
**با وەك پەنجەی جوتیارێك**
**لە وەرزی درویٚنەدا نەقەڵشم و**
**وەك گەڵایەکی خەزەڵوەر بەرنەبمەوە**
**ئەی بارانی ساڵی قاتی**
**ئاوڕدەوە،و**
**هەر چ نەبیٚ بە خاکێکی بیٚ فەڕی تێنووم بزانە و**
**بە فرمێسکی وشەیەکتم تەڕمکەوە،**
**هەر چ نەبیٚ**
**چاوانم بە دوو پەڕۆی سەوزی پیاوچاکێکی شارەکەت بژمێرە و**
**بۆ چاوو زار**
**یەکیان بخە مەچێکت و**
**ئەوی کەشیان لە گەردنت بئاڵێنە،**
**هەر چ نەبیٚ وابزانە**
**بخورێکم و لە پەرستگەی خەندەیەکتا دامگیرسێنە،**

ئاوڕ دەوە
بەم ئێوارە ڕەنگ زیوینە
لەم سەرەتای شەوە بێ دینە
بەبێ ئاوڕ ، بێ تەماشا ، بێ ماڵئاوا
بەجێم مێڵە !

بە جێم مێڵە و با زریانی گومان
مەسیحی مێشکم لە خاچ نەدا
بەجێم مێڵە و ، با تەنیایی و ترس و گومڕایی
مناڵییێتی تەمەنم بە با نەدا

تۆ کە ئەتوانی پاکیزەییشم پێ ببەخشی
بۆچ سڵ لە ئاوڕێك ئەکەیتەوە؟

ئاوڕدەوە ئەی سەروەری سەروەرییەکان!
ئاوڕ دەوە ترسی خوێن بارانت نەبێ ،
هانێ ئەوە ساماڵی چاوم ،
بیکە چەتر بەسەرتەوە

ئاوڕ دەوە ترسی هەڵکردنی ڕێبەندانت نەبێ
هانێ ئەوە ،
تولە ڕێی شیعرێکم
پیایدا بەرەو ماڵ بەرەوە،!

ئاوڕ دەوە ترسی بێداریت نەبێ
هانێ ئەوە لایلایەم و چەپکێ خەونیش بەسەریەوە،

ئاوڕدەوە ،ترسی هاواری گومانت نەبێ
هانێ ئەو گۆرانیم و
بیکە گوارە بە گوێتەوە

ئاوڕدەوە ،ترسی پیریی گولآنت نەبێ
هانێ ئەوە گەنجیەتی پەخشانێکی ڕەنگاو ڕەنگم
ئاوڕ دەوە و ترسی کۆچی باڵندانت نەبێ
هانێ ئەوە سەمای مشتێ تاڵی وشەی گەنم ڕەنگم

**ئاوڕ دەوە ، ترسی بە بەرد بوونی بەفرت نەبیٚ**
**هانیٚ ئەوە بەفرانباری سینەم و**
**هەناسەی کلو کلوم**

**ئاوڕ دەوە ، ترسی رەقبوونەوەی پەپوولەکانت نەبیٚ**
**هانیٚ ئەوە گولاٚنی**
**گیانی شیعریٚکم و فڕین**

**ئاوڕدەوە ، ترسی کوشت وبڕ و قەتلو عامی**
**من و خوٚت نەبیٚ**
**هانیٚ ئەوە ،**
**روٚمانی ولاٚتی قەرەج و**
**شیعری شاری کوٚچەر و**
**پەخشانی مەملەکەتی رەوەند و**
**نەخشەی دوو عاشقی سەرهەلگرتوو!**
**هانیٚ ئەوە**
**شوناسنامەی رەهاییەکی پیروٚزەیی و**
**هەیوانی بەر سامالی سەروەری**

**ئاوڕدەوە،**
**هەرچ نەبیٚ ئاوڕیٚکی تورەیی!**
**هەر چ نەبیٚ ئاوڕیٚکی مالئاوایی!**

**وا ریٚگای خویٚندنگا وردە وردە چوٚلٚ ئەبیٚ ،**
**بوٚرەتارەکەش خەستتر، سەرەتای شەویٚکی هارو هاجیش**
**بە ئاسمانیٚ ئاهو، بەولاٚتیٚ خەم و بە گەردوونیٚ ئازار نزیک ئەبیٚتەوە،**
**منیش بەم ئیٚوارە**
**بەم سەرەتای شەوە هارە**
**لە چاوەڕیٚی ئاوڕیٚکتدا دروودیٚکی چوار رکعاتیت**
**بوٚ دائەگرم!**

*** رکعەی یەکەم ***

**دلٚم چەند خوٚشە**

بەو گوڵانەی ، لە سەفەری بەهەشتدا
لەدەربەندی خیانەتدا دانەبەزین!
دڵم چەند خۆشە
بەو باڵندانەی لە گەشتی ساڵی خۆشەویستیدا
بەوەرزی بێ وەفاییدا تێنەپەڕین!

بەو پەپولانەی لە سەیرانی ئەڤیندا
بە باخچەی یاخیبوون هەڵنەفڕین!
بەو تاڵی تریفانەی لەسەفەری دارستانی ئاودا
بەسەر بیابانی غەدرا هەڵنەوەرین
بەو دڵۆپە بارانانەی لە ژوانی گوڵە گەنمدا
بەسەر کێڵگەکانی نغرۆبووندا نەبارین

دڵم چەند خۆشە بەو تولە ڕێیانەی
لە کاروانی لووتکەدا
بە ئیغرای خەرەندان هەڵنەخەڵەتان و
لە ڕێی خۆیان لان نەدا!

بەو خوناوانەی
لەسەفەری رۆژ و شەوی ماچی گیادا
بەشەمەندەفەری وێستگەی زیزبوون ناگەڕێنەوە!

* * * *

* رکعەی دووەم *

کە ئاوڕ نادەیتەوە ترسێکی زۆر ئەمگرێ،
ترس لە نووسینی چیرۆکی کۆچی کۆتری مناڵییەتی و
سەفەری بێ گەڕانەوەی پاساری بێ گوناهیی

ترس لە شەوی بێ گوڵە ئەستێرەی تەمەن و
وەنەوزی جریوەی گۆرانی عومر

ترس لە پیربوونی چرای چاوەڕوانی و

**سووتانی باڵی پەپوولەی ئومێد**

**ترس لە بێ وەفایی وەرزی بارانی راستگۆیی و**
**وشك هەڵاتنی رەوەزی حەقیقەت**

**ترس لە فەوتانی نازدارییەتی گوڵە رووسوورەکانی بەهەشتی عشق و**
**نەمانی تریسکەی بارانە چاورەشەکانی دوورگەی خۆشبەختی**

**ئەترسم لە بەفرانباری خەونەکانماندا لە تێنوویەتیدا بخنکێین!**
**ئەترسم لە گوڵانی خۆزگەکانماندا بە رووتەڵەیی هەڵوەرێین!**
**ئەترسم لە جۆزەردانی هیواماندا بۆ گوڵە گەنمێك بگرین و**
**لە رەزبەری وەرزی نزاکانیشماندا،**
**بە کۆڵێ گوناهەوە بمرین!**

*** رکعەی سێیەم ***

**بێ عیشقی تۆ ، بوونێکی نیم**
**وەرزی نەهات ، عومری حەسرەت ، ساڵی قاتیم**
**بەدبەختێکی ژێر هەرەسم**
**لە سێبەری سەرابێك و**
**خاکێکی هیچ زیاتر نیم**
**ئاسمانێکی بێ سەروەری و**
**لووتکەیەکی بە بێ شکۆم**
**مشتێ خۆڵێ پشکۆیەکی کوژاوەش نیم**
**گڕدانێکی سەرمابردووی**
**ژێر بارانی کۆست و نسکۆم**

*** * * ***

*** رکعەی چوارەم ***

**تۆ بۆت هەیە**
**ئاسۆی چاوم بکەیە**
**ساماڵی کۆترە شینکە و**

بۆ ئەڤین بگمێنم
بۆشت هەیە بیکەیە هەورێکی بەهاری و
بۆ ریژنەی باران بگرمێنم!

ئەوە ماڵی لمینی سەرکەنارەکانی خەیاڵم،
ئەیاندەیتە دەست شەپۆڵە خوێنگەرمەکانی دەریا
یان کەعبەی رەشی چاوەکانت؟

ئەوە نووکی سووری کوکوختییە وشەیەکم و
ئەوە پاکیزەیی کلوی شیعرێکم و
ئەوەش شنەی رۆشنایی قەسیدەیەکی چاو رەش

تۆ بۆت هەیە بیانکەیتە
خونچە و
بەفرو
چرا
بۆشت هەیە بیانکەیتە
فرمێسك و
شەختە و
رەژوو!

ئەوە پاسەکە هات ، دەستە خوشکەکانت یەکە یەکە سەر ئەکەون ، تۆش ئەتویێ بێ خەندەیەك ، بێ سەرنجێك ، بێ ئاوڕێك بە جێم بێڵی
منیش سڵاوی درووەکەم ئەدەمەوە و ئەڵێم:
تاڵی پرچی تەمەنم
ئەدەمە دەست خەنەی خۆشەویستیت و
باڵای شیعری ماڵەکەشم
بەناوی تۆوە ئەسپێرم

ئەوا تۆش بە بێ ئاوڕ سەر ئەکەویت، تەنانەت دوا ئاوڕی ماڵئاواییش نادەیتەوە!
پاسەکە پەیتا پەیتا باڵای رێگای خوێندنگا بەجێدێڵێ ، منیش سەرەتای شەوێکی پڕ لە ئازاری سەوز و خەمی خۆش
بەم دێرانە دەست پێئەکەم:

من درووەدم ، سروودێکی کۆچەرییە و

قەسیدەشم ، چامەیەکی قەرەچە و
نزاشم ،گۆرانییەکی رەوەندە
من بۆ خۆشم شاعیرێکی بیێ دەوارم
بەدوای عیشقت،
هەوار هەوار
سەر هەڵئەگرم،!!

* * * * * *

ئـەی چـاو رەشـی رەشـتر لـە قەسـیدەی چـاورەش! قەسـیدەکە چـۆن بـوو؟ هـەموو هیـوام ئەوەیـە جێگەی رەزامەندیت بیێ ،

گیانەکەم ، رەنگە ساتی نووسینی ئەم نامەیە تۆ نووستبی یان خەریکی خوێندن بیت ، چونکە بەیانی تاقیکردنەوەت هەیە ، ئەگەر خەوت لێکەوتبێت هیـوادارم خـەوێکی شـیرین بێـت و خـەونێکی زێدە خۆش ببینیت،

ئەریێ گیانە قەت خەونت پێوە دیوم.؟

من نزیکەی چوار جار خەونم پێوە دیوی ، زۆر جاران کە ئەچمە ژێر جێگا چاوەکانم دائەخـەم و ئەڵێم ،.ئەمشەو وەرە خەونم،

زۆر حەز ئەکەم خەونت پێوە ببینم بەلأم نازانم بۆچ کەم دێیتە خەونم،

تۆو دایکم ئەو دوو کەسەن ، کەزیاتر لە هەموو کەسێك زیاتر حـەز ئەکـەم خـەونتان پێـوە ببیـنم، بەلأم بە داخەوە ، تۆ کەم دێیت ، دایکیشم تەقریبەن هەر نایێت ،نازانم بۆچ؟

جارێکیـان نـەبیێ دایکـم هاتـە خـەونم ، ئەوکاتـە مـن لـە مەعهـەد بـووم ، یەکـەم سـاڵ بـوو دایکـم مردبوو،

لە ماڵی برایەکم بووم ،

من لە خەونمدا دایکم بانگی ئەکردم ، ئەیووت کوڕم هۆشەنگ هەڵسە!

هەر لەو ساتەشدا براژنەکەم بانگی ئەکردم و ئـەیووت هەڵسـە، کـە بـە ئاگـا هـاتم ، وامزانـی ئـەوە دایکمە لە خەوی هەڵساندووم، گووتم ( باشە دایە ) کەچی دایکم نەبوو ، براژنەکەم بوو،!

ئەم خەونەم قەت لە یاد ناچیێ ، کە هەتا بە ئاگاش هاتم بۆ چەند چرکە وەختێك وامزانـی دایکـم نەمردووە و هەرماوە،! چی بکەم بۆ خەونێکی دیکەی ئاوەها؟!

بە هیوای خەوێکی خۆش ، ئەم ژوانە نەدیدەییە هەڵئـەگرم بـۆ کـاتێکی دیکـە، شـەوت شـاد ، بـە ئاواتی خەونێکی شیرین،

دوو و سی و سیێ دەقیقە، هەولێر

* * * * *

**نامەی چوارەم**

10 و 39 دەقەی شەوی 28 لەسەر 29 /1996/1 بەرامبەر، 8 لە سەر 9 ڕێبەندان ، سلێمانی.

سلاوی شەوێکی پڕ لە تریفە لە دەسگیرانە شیرینەکەم!

ئەوا دیسان لە ئوتێلێکی شارەکەی نالی لەگەل تۆی گشت کەس ئەکەومە ژوانێکی نەدیدەیی،

بە تەنیا لە ژوورێکم و کارەباش نیە، چرایەکی بچکۆلە لەسەر مێزەکەمدا بە لەنجەوە دەڕژێتە سەر ئەم کاغەزانەی کە ئەموێ بۆ تۆی گولالە پڕیکەمەوە،

شەوێکی دیکەش ، رەنگە خەلکی شار هەموویان یان زۆربەیان ئێستاکە خەریکی شیعری خەوتن بن، رەنگە هەندێك لە باوەشی گەرمی ژنەکانییان دابن، هەندێك دەستیان خستبێتە ژێر ملی دەسگیرانەکانییان ، رەنگە ئێستا سەدان ، هەزاران کچ و کوڕ ،ژن و مێرد ، لە نووسینی چیرۆکی راموسان و هەناسە گۆڕینەوە بن، خەریکی رۆمانی تێکئالان و جووتبوون بن!

خۆ زۆر کەسیش هەن رەنگە ئێستاکە لە حەژمەتی گریانێکی گەرم بدەن، هەر کەسێکە و بۆ خەمە خوێن گەرمەکانی خۆی بگریێ ،

ئێستا بەم شەوە رەنگە زۆر کەس هەبن بێ جێگە و رێ ، بێ مەنزل و هەوارێك ، لەسەر شەقامێك ، لە پەنای دیواری بالاخانەیەك، مزگەوتێك ، دوکانێك ، لە سەرماندا هەلتروشکا بن و مالێ نەبێ ، بیانگرێتە خۆ،

ئێستا بیرم بۆ لای شێت و پەککەوتە و سوالکەرە بێ پەناگەکان دەچێ ، دەپرسم ئاخۆ بەم شەوە چی ئەکەن و چۆن ئەم شەوە سەختە لە رۆژ گرێئەدەنەوە؟!

ئێستاکە بیر لەو مالانەوە ئەکەمەوە، کە ئاگریان نیە خۆیان پێ گەرم بکەنەوە ، ئەبێ بەدەم هەناسەی ساردییانەوە چی بلێن و چ گۆرانییەکی خەمناك بچڕن؟!

گیانە لەم ساتەدا (سعات دەو پەنجاو شەش دەقە ) کارەبا هاتەوە، لەگەل کارەبا هاتنەوەدا ، رەنگە ئێستاکە جموجۆلێ بکەوێتەوە زۆربەی مالەکانی شار،

ئەوانەی لە خەوێکی شیرین بوون ، رەنگە بە بێزاری هەلسنەوە بۆ ئەوەی گلۆپەکان بکوژێننەوە ،

ئەوانەی خەریکی ماچ و هەناسە و ئاه گۆڕینەوە بوون، رەنگە رادەچلەکێن و سەیری خۆیان بکەن بە رووتی!

مالە بێ ئاگرەکانیش دلیان خۆش ببێ و لە هیتەرەکانیان نزیك ببنەوە،

رەنگە زۆر کەسیش ئێستاکە میلی رادیۆکەی با بدا و بەدوای هەوالێك بگەڕێ بۆ ئەوەی بزانێ بەیانی نرخی دۆلار دەبێتە چەند؟!

بەلام بێ پەناگە و دالدەو مالەکان ، ئەوان هەست بە چی ئەکەن؟

رەنگە بۆ ئەوان کارەبا هەبێ یان نەبێ ، چراکان داگیرسابن یان خەفە بن ، بۆ ئەوان وەکو یەك بێت ، چونکە ئەوان سەراپای تەمەن و ژینیان تاریك و نووتەکییە!

هەتاوەکەم!

ئەوا منیش ، منی کۆچەر و هەر رۆژەی لە شارێك و شوێنێك ، وا بەم شەوە چرای قەلەمەکم و چاوەکانم بۆت داگیرساون،

تۆ چی ئەکەیت و بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

ڕەنگە لای تۆش کارەبا نەبێت ، لە ماڵیت ، ئەورۆکە پێم وایە تاقیکردنەوەت تەواو بوونە ،

ڕەنگیشە بەیانی بۆ هەولێر سەفەر بکەیت،

تۆ نازانی ، چەند حەز ئەکەم ئێستا بیر لەوە بکەیتەوە بەیانی بێیتە هەولێر.

،،،، ئەوە جگەرەیەکم داگیرساند و لەگەڵ بەرەڵلاکردنی دوکەڵەکەیدا خۆزگەی سەفەرکردنیشت بۆ هەولێر لە دڵمدا وەك پاسارییەك لەگەڵ ئاهێکی سەوزدا لە دەروونم هەڵئەفڕن،

چەند خۆشە بێیتە هەولێرو دەفتەرەکان ببینی و بیانخوێنییەوە، نازانم ئەو کاتە هەست بە چی ئەکەی ؟ چەند پرسیار لە دەرگەی دڵت ئەدەن؟

هەر چۆنێك بێت ، زۆر خۆشحاڵ ئەبم ئەگەر دەفتەرەکان بخوێنییەوە ، بۆماوەیەك هەست بکەی کە قسەت لەگەڵدا ئەکەم و شتت پێ ئەڵێم و باسی تۆ و عیشق و خۆشەویستی و خۆم و ژیان و تەمەنت بۆ ئەکەم،

من زۆر جار بیر لە گرفتی خۆم و خۆتدا ئەکەمەوە،

بەلاّم کە بیر لە گرفت و ژیانی خەڵکانی دیکەش ئەکەمەوە ، من پێم وایە ئێمە لە ئاست خەڵکی هەر گرفتمان نیە، زۆر کەس هەن ڕەنگە کوێر بن، باشە ئەم کوێرە بەستەزمانانە چۆن تەمەن و ژیان بەڕێئەکەن؟

هەیە ڕەنگە هەردوو قاچی پەڕیبێ ، کەچی ئەشژیێ و بەردەوامە لە ژیان ،

هەیە ڕەنگە بە ملیۆن دینار پارە قەرزار بێ و درهەمێکیشی نەبێ ، کەچی ئەشژیێ و بەردەوامە لە بەڕێکردنی تەمەن!

هەیە هەموو شوێن و ماڵ و موڵکی دونیای بن دیوارێکە کە شەو و ڕۆژ لە بن ئەو دیوارەوە تەمەن بەڕێئەکا ، کەچی هەر ئەشژیێ،!

هەیە کەسی نیە و ماڵی نیە و سواڵکەرە، ڕەنگە ڕۆژێ ژەمە نانێکیش تێر نەخوات کەچی هەر ئەشژیێ ،

هەیە کرێچییە و بێکارەبا و بێ پارە و کۆمەڵێ منالیشی هەن کەچی هەر ئەشژیێ !

هەیە دینارێکی لە گیرفان نیە بۆ ئەوەی بیداتە هەقی ڕافێك و کەچی هەر ئەشژیێ !

زۆر کەسی دیکەش هەن خەمی هێندە گەورە و قورسیان هەن کەچی بەرگەی خەمەکان دەگرن و دەژێین!

گیانە ئەگەر بیر لە ژیانی خەڵکی بکەیتەوە ، ژیانیان زۆر زەحمەتە زۆر! تەنیاو تەنیا خەم و ناخۆشی و ئازار دەچێژن،! بەلاّم هەر ئەشژیێن و بەردەوامن لە ژیاندا، خۆ زۆر کەس هەن ، بەرگە ناگرن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن و ، ژیانیان بە مەرگێکی ئاسوودەی هەڵبژاردە ئەگۆڕنەوە،!

بەلاّم ئەو کەسانە کەمن، یان هەتا کرداری خۆکوشتنەکەشیان کارێکی دوورە لە عەقڵ و مەنتیق و تێگەیشتن!

ڕەنگە بپرسی جا خۆکوشتن عەقڵ و مەنتیق و تێگەیشتنی دەوێ ؟!

منیش ئەڵێم بەڵێ ! چونکە خۆکوشتن زۆر جار لە یەئسەوە دێ ، بەلاّم ( یەئس ) لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە ئەگۆڕێ ،

گیانە من بەم دواییە ڕۆمانێکم خوێندەوە کە هی نووسەری ئەڵمانی ( گۆتە ) یە، بە ناوی ئازارەکانی ڤارتەر.

ڤارتەر پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، حەز لە کچێك ئەکات کە بە دەسگیرانە، دەیویٚ بەسەر ئەم عیشقەی دا زاڵ بێت و وەك برادەرێك لەگەڵ کچەکە و مێردەکەی ڕەفتار بکات، ، بەڵام ناتوانیٚ و لە دوا جاریشدا خۆی ئەکوژیٚ، ئەوەی ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە ، بە تایبەتی گەنج و ئەوانەی گرفتی سۆزداری و خۆشەویستیان هەبیٚ، ڕەنگە بیرۆکەی خۆکوشتن قبوڵ بکەن زۆر بە ئاسانی، بەڵام ئەو کەسانە ، لە ڤارتەر و ئازارەکانی ناگەن،! چونکە گۆتە شێوە و سیماو ناخ و عەقڵێکی ئەوتۆی بە پاڵەوانەکەی، ڤارتەر بەخشیوە، کە لە کەم لەوکەسانەدا هەیە کە بەناو خۆشەویستی ئەکەن،

گۆتە باسی ڤارتەرێك ئەکات کە ڕەسامە، هەستی ناسکە ، لەگەل منالاٚندا هەستی ئەجولیٚ و وێنەیان دەکێشیٚ، بەردەوام خێر بە ڕەش و ڕووت و هەژاران ئەکات، دارو بار و سروشت ئەپەرستیٚ کە دەبینیٚ دوو داریان لە کەنیسەیەکدا بڕیونەتەوە دەداتە گریان،!

کە دەسگیرانەکەی لە بەرامبەر تاڤگەی ئاوێك و لە ژێر تریفەی مانگێکدا ئەبینیٚ پێی وایە سحرە، هێندە کاری تێدەکا،!

ڤارتەر ، بەهەموو هێزو توانای بەرگری لە جووتیارێك دەکا کە جووتیارێکی دیکە ئەکوژیٚ ، چونکە دەسگیرانەکەی ئەوی خۆشویستووە و کچەکەش خۆشیویستووە و پێکەوە دەسبازییان کردووە،

ڤارتەر بە هەموو توانای دەیویٚ کابرا لە مەحکەمە دەرباز بکا،، بەڵام پێی ناکریٚ ، چونکە قانون حسێب بۆ هەستی خۆشەویستی جوتیارەکە ناکا بۆ کچەکە ، بەڵکو لە کوشتنی کەسێك دەکۆڵێتەوە،

ڤارتەر دەیان جار سەفەر ئەکا بۆ ئەوەی کچەکەی لە یاد بچیٚ و لە بیر خۆی بباتەوە کەچی پێی ناکریٚ ،

هەوڵ ئەدا چەندین کار بکات بۆ ئەوەی پێی سەرقاڵ بیٚ و کچەکەی لە بیر بچیٚ ،کەچی پێی ناکریٚ ،

هەوڵ دەدا ، بتوانیٚ سەردانی نەکا و نەیبینیٚ و نەچێتە لای ، کەچی پێی ناکریٚ،

ڤارتەرێك ، کە تێدەگا ئەم خۆشەویستییە چارەنووسە و لە تەوێڵیدا نووسراوە و ناتوانیٚ خۆی لیٚ دەرباز بکات ناچار دوا جار لە چرکە وەختێکدا ئەو خۆشەویستییە وای لێئەکات کچەکە کە بۆتە ژنیش و مێردەکەشی برادەرییەتی ، ماچی بکا و وەك ساوا لەبەر پێیانیدا بگرێیت و بۆی بدرکێنیٚ کە خۆشی دەویٚ و ناتوانیٚ دەستی لیٚ هەڵبگریٚ!

ڤارتەرێك کە بەم شێوەیە خۆشەویستی بکا، بەم شێوەیە ڕەفتار بکا و ، لەسەر ئەساسی خۆشەویستی چوارچێوەی بۆ ژیان بکێشیٚ و زۆر ئاساییە ، لەو حاڵەتەی ئەودا لە عیشقێکی ئاوا مەزن و پیرۆزدا ، کاتێك لە عیشقێکیٚ ئاوا (یائس ) ئەبیٚ و یەئس دەیگریٚ ، ئیدی ئاساییشە خۆی بکوژیٚ ، ؟!

بەڵام لەگەل ئەوەشدا ، لەسەردەمی ڤارتەردا من ئەڵێم کەسانی تر هەبوونە ڕەنگە ئازارەکانییان لە ڤارتەریش مەزنترین، کەچی خۆشیان نەکوشتوە، چونکە لە ئازارەکانییان بە هێزتر بوونە، ڕەنگیشە هەر لەسەر دەمی ڤارتەردا گەڵیٚ کەسانی دیکە هەبووبن نە ئازارەکانیان وەك ئازارەکانی

ڤارتەر مەزن بووە ، نە تێگەیشتنی ئەویشیان هەبووە بۆ خۆشەویستی و ژیان، کەچی خۆشیان کوشتبێ ،! لێرە من خۆکوشتنی ڤارتەر بە یەئسێك ئەزانم کە یەئسێکی تا رادەیەك جیایە لە کەسانی دی .

لێ لەگەل ئەوەشدا من بیرۆکەی خۆکوشتنی هەر کەسێك بێت، بە رەوای نزانم و تاوانە دەرهەق گیانی کەسێك ، ئەبێت هەموو مرۆڤێك هێز لە یادگارییەکانی وەربگرێ ، لە یادگارە شیرن و تاڵەکان ، لە خۆش و ناخۆشەکان، هێز لە ئازار و لەززەت وەربگرێ ، گرفتی دونیا گەلێ زۆرن، ئەگەر ئاوڕ لە گرفتی خەڵکی بدەینەوە ئەگەلیاندا بژین، ئاسۆمان نووتەك نابێت . ئەگەر بیر لە هێز و ئیرادەی خەڵکی بکەینەوە ، ئەگەر تەماشای ئەو کەسانە بکەین کە هەمیشە بە هیوان و بەردەوام لە هەوڵدان بۆ سەوزکردنی خەونە پاك و بێگەردەکانیان ئەوا ئێمەش، من و تۆش یائس نابین و بەدەم ژیانەوە ، بەدەم ئازارەکانیشەوە هەر پێدەکەنین، تەنانەت ئەتوانین چارەنووسمان بە دەستی خۆمان دیاری بکەین،

هێزمان دەوێ ، دەبێ بزانین ئەم هێزە چۆن دەدۆزینەوە ، چونکە هەموو مرۆڤێك هێزی هەیە، ئەوەی بێ هێزیشە ئەوا نەیتوانیوە سەرچاوەی هێزو ئیرادەی خۆی بدۆزێتەوە، چەندی بەهێزبین ئەتوانین بیر لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیشمان بکەینەوە،

گرفتەکانی ئێمە لای خۆمانن بەومانایەی حەزی ئێمە کۆمەڵ وماڵەوەتان قبوڵیان نیە و رەفزی ئەکەنەوە، تۆ پێت وایە گرفتەکەی ئێمە لە کوێیە؟ لە بارودۆخ و کۆمەڵ و ماڵەوەتان ؟

من ئەڵێم نەو، ئەگەر واتەماشای بکەین ئەوا رەنگە هەرگیز بە حەل نەگەین، چونکە نەزروف و نەکۆمەڵ و نەماڵەوەتان رەنگە تا سەد ساڵی دیکەش ئەم شتەی ئێمەیان قبوڵ نەبێت و نەیکەن ،

بەڵام پێویستە ئێمە بابەتەکانی خۆمان لە چنگی کۆمەڵ و خەڵك دەربێنین، و بیخەینەوە ناو عەقڵ و دڵ و روحی خۆمانەوە، عەشقی ئێمە موڵکی ئێمەیە نەوەك هی خەڵکی ، پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیان و روح و دڵ و سەری ئێمەوە هەیە نەوەك کەسانی دی، بۆیە ئەبێت ئێمە پرسیارەکانی عەشق لە خۆمان بکەین نەوەك لە خەڵکی، ئەگەر ئەزانین ئەو حەزەی ئێمە رەوایە ، تایبەتە بە ژیانی خۆمانەوە ، ئەوا پێویستە لەگەل ئەو گرفتانەی دێنە پێشمان عاقڵانە سەودا بکەین و تەسلیم نەبین ، گرفتەکانمان بە عەقڵی کۆمەڵ و زروفەکان نەسپێرین ، چونکە هەمیشە کۆمەڵ و زروف لەبەرامبەر عەشق و خۆشەویستیدا، ناعاقڵانەن.؟!

شەوت شاد

12و 44 دەقە. ئوتێلی شیرین

## نامەکانی تریفە

نامەکانی هەتاو ، چەند نامەیەك بوون کە تەنیا لە لای منەوە بۆ ئەویدیکە نووسرابوون و نێردرابوون ، هەرچی ئەوانەی ئێستا ئەیخوێنییەوە ئەوانە بەشێکن لەو نامانەی کە من و تریفە خان پێکەوە بەشێوەی نووسین و وەڵامی بەردەوام بۆ ماوەی زیاد لە دوو ساڵ بۆ یەکدیمان نووسیوە .، لەبەر ئەوەی ژمارەی لاپەڕەکانمان رەنگە لە هەزار بوریبێ بۆیە لێرەدا تەنیا چەند نامەیەکی دەفتەرێکم هەڵبژارد بەو ئومێدەی رۆژێك لە رۆژان بتوانین من و تریفە ، نامەکان پاکنووس کەینەوە و وەریانگێڕینە

سەر زمانی کوردی ، چونکە بە عەرەبی نووسروان، و دواییش لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ و بڵاویان بکەینەوە،

ئەو نووسینانەش بە عەرەبی نووسرابوون، لێ پێم باش بوو بیانکەمە کوردی ، هەرچەندە وەرگێڕانەکە زۆر کاری کردۆتە سەر نووسینەکان هەست ئەکەم هەندێ گۆڕانی بەسەر شێوازی نووسینەکاندا هێناوە، لێ چبکەم ئەبوایە لەبەرامبەر وەرگێڕانەکەدا بەرگەی ئەو کەم و کوڕیانە بگرم کە کەوتنە ناو نووسینەکان،

هەر چۆنێك بێت فەرموون لەگەڵ نامەکانی من و تریفە،،

38 و 7 دەقەی ئێوارەی 1998/3/20

بۆ کچێکی جوان ، خوشکێکی بەڕێز ، برادەرێکی دڵسۆز

بۆ تۆ ئەی ئەو کەسەی لە وەنەوشە و تریفەی مانگ ئەچیت،

چۆنیت ؟

نازانم لێم توڕەیت یان نە؟ رەنگە لێم توڕە بیت، ، بەم دواییە زۆر مژویل بووم بەکاری باخچەکەی گەلی دهۆك و رۆژی چوارشەمەش چوومە هەولێر ، و شەوەکەی لای رێزان بووم.

دەفتەر و وشەکانم بۆ هێنای ،

کە هاتمەوە کرێکارێکی هوتێلەکە پێی گووتم کە کچێك هاتۆتە ئوتێل و پرسیاری کردووم ، زانیم کە تۆیت ، و خۆزگە ئەو کاتە لەوێ ئەبووم.

تریفەکەم ، بۆ مەسەلەی هەتاو ، ئێستا ئەو شتەی زیاتر لە مێشکمدایە ئەوەیە کە بۆچی ئەوەی لە نێوانماندا بوو عەشق نەبوو؟ بەڵێ عەشق نەبوو، ! باشە ئەی عەشق چیە؟ ئایا دیاردەیەکە قولبوونەوەیەکی زیاتری ئەوێت ؟. یان عەشق وەهمە و حەقیقەتی بۆ نیە؟!

من نازانم عەشق چیە و بەڵام ئەزانم ئەوەی لەگەڵ هەتاوم ئەکرد عەشق نەبوو، ئەمەش ئازارم ئەدا.

ئێستا من زیاتر بیر لەو وتەیەی ئەرشتۆ ئەکەمەوە کە ئەڵێ ( ئەو خۆشەویستییەی رۆژێ لە رۆژان لە ئەساسەوە کۆتایی پێ بێت ئەوە خۆشەویستی نەبووە ) منیش پرسیار ئەکەم ، ئایا ئەمە راستە؟ ئێستا گومانم لەو وتەیە هەیە دوای ئەوەی ماوەی دوو ساڵ و زیاتر باوەڕم پێی بوو، بۆچ کۆتایی نایێ ؟

با بپرسین ئایا رقیش بە هەمان شێوەیە؟ واتە ئەو رقەی رۆژێ لە رۆژان کۆتایی پی بێت لە ئەساسەوە رق نەبووە؟ یان هەر هەستێکی دیکە ئەگەر کۆتایی هات .ز ئمە وائەگەیەنێ کە ئەو هەستە نەبووە؟ باوەڕ ناکەم ،،

پێش چەند رۆژێك لە هەفتەنامەی پەیمان بووم لەگەڵ هەندێ کارمەندانی ئەوێ دانیشتبووم یەکێکیان چەند کاغەزێکی دەرهێنا و بینیم یەکیان بە خەتی تۆوە نووسرابوو، گووتی ئەوانە شیعری تریفەن ، و بەم زووانەش بڵاو ئەبنەوە، هەروەها زانیم کە موکافەئەیەکت بۆ سەرف کراوە، بزانە نیوەییم ئەوێ؟!

نووسینەکانت پیرۆز بن و بنووسە زیاتر و زیاتر بنووسە، و من دڵنیام لە ماوەیەکی کەمدا ئەبیە جوانترین دەنگی ژنانە لە دهۆك و لە کوردستاندا،

ئەزیزەکەم تۆ چ جار ئێشەکانی منت زیاد نەکردوون ، نەخێر بە پێچەوانەوە تۆ هەمیشە و هەردەم گوڵ و وەنەوشە بوویت بۆ برینەکانم و بە پێکەنین و نووسین و وشەکانیشت ئێشەکانمت چارە کردوون،

و ئاساییشە کە ئەتەویٚ ئیمتلاکم کەیت چونکە هەمووکچان ئەوەیان لێم ئەوێت ؟!ززئەزانم ئەڵێیت بە خۆت مەنازە، بەلاچمك ئەوەیان حەقیقەتە،

بە هەموو هێزم هەوڵ ئەدەم میهرەبانی و سۆز و هزر و جەستە و شعر و وشەکانی خۆمت بۆ ئەبەد بدەمیٚ ،

ئاه، تریفەکەم تۆ هەموو میهرەبانییەکم پیٚ ئەبەخشیت ، هەمووخۆشەویستیتم ئەدەیتیٚ ، کچیٚمن گێلم ،من کەرم ، شایانی ئەو هەموو میهرەبانی و خۆشەویستییە نیم،!

باوەڕ بکە من کەرم ، نزانم چیت بۆ بکەم؟ ئێستامن داوات لێئەکەم تۆ بڕیار بدەیت، تۆ خاوەن بڕیار بیت، ئاراستەم بکە، میهرەبان بە لەگەل گێلی و نەزانینم ، بە خۆشەویستیت شەڕم لەگەل بکە و لێمدە، لە گەڵمدا سادی بە،

رەنگە من شێت بم و سوود لە تۆ نەبینم و کەسێکی دیکە سوودت لیٚ ببینیٚ ، کەسێکی عاقڵ ، شایانی ئەو هەموو خۆشەویستی و سۆزە بێت، باوەڕ بکە من کەرم، منداڵم و گێلم، هیچ نازانم ، من خەشیمم،

* * * * * *

1998/3/27 ، 3 و 50 دەقە

ئێوارە باش

ئێستا من لە باخچەی نووسەران دانیشتووم و بایەکی بەهاری خۆش نەرم و نیان دێت و خۆی لە روو و ئەم کاغەزانە هەڵئەسوێت،

ئەزیزەکەم، دوێنیٚ نامەکەم وەرگرتی ، کەس نەیکردبووەوە ، خوێندمەوە و لەگەل وشە بەریئو خەمگینەکانت کە لە قولاییەوە نووسیوتن زۆر پێکەنیم،

ئاه خۆشەویستەکەم سوپاست ئەکەم بۆ خەباتەی لە پێناو مندا ئەیکەیت، بەلاّم بزانە من نامەوێت لەسایەی سەری مندا هیچ ئەزیەتێکت پیٚ بگات،

ئوتێل شوێنێکی باش نیە بۆ دیدار و قسەکردن، جێگەیەکی شیاو نیە، جۆرەها کەسی تێدایە نایانناسم و نازانم چین و چۆنن، هیوادارم بتوانم زوو جێگەیەکی گونجاو ببینمەوە و لێرە بڕۆم،

لە کار کردندا ماندووم ، نزیکەی هەشت ونیو ئوتێل جێئەهێڵم و ئەچمە باخچەی گەلی، تا سعات دوازدە لەویٚ کار ئەکەم، دوای ئەوە ئەچمە دائیرە فراوین ئەخۆم و ئەگەڕێمەوە گەلی، تا سعات پێنج و پێنج ونیو لەویٚ ئەمێنمەوە، دوای ئەوەش ئەگەڕێمەوە دائیرە هەندێجار تا سعات هەفت یان زیاتر لەویٚ ئەمێنمەوە، ئینجا بەماندوویی ئەگەڕێمەوە ئوتێل ، شیو ئەخۆم و کەمیٚ ئیسراحەت ئەکەم،

کاتی نووسینم نیە هەتا نووسینی نامەش ، پێویستە چەند نامەیەك بۆ برادەران بنووسم ،دوێنیٚ نامەیەکم بۆ راوێژ نووسی و یەکێکیش بۆ ئازا، هەروەها پێویستە نامەیەکی درێژ بۆ برازاکەم قوباد

بنووسم ، بیرۆکەیەکم لەسەر نووسینی چیرۆك هەیە بەلاّم پێم ناکرێ . . هەتا خوێندنەوەشم پێناکرێ ، لە خوێندنەوە و نووسین دابڕاوم ئەوەشیانم بە دڵ نیە ،

لە هەمووشیان خەمگینتر دووریمە لە تۆ، ئەمویّ بتبینم و قسان بکەین و بفڕین ، و زۆر شتی دیکەی جوان بکەین، هیوادارم ئەمڕۆ یەکدی ببینین و لە دووری و نەدیتنم بووری،

* * * * * *

9 و 45 دەقە 1998/3/28

سپێدە باش

ئەزیزم دانیشتنی دوێنێمان بەس نەبوو ، چونکە زۆر پەرۆشت بووم،

دوێنیّ دوو دەفتەرەکانم ئەخوێندنەوە و تێبینی ئەوەم کرد کو رۆژان زۆر شتیان گۆڕیوە، بە هەندیّ پێکەنیم و لە هەندیّ لە نووسینەکانیشم پەشیمان بووم چونکە زۆر منداڵانە دیار بوون،

زۆر شتمان بەرەو خراپی رۆیشتوون وەك مەسەلەی هەتاو ، هەندیّ مەسەلەی دیکەش بەرەو باشتر رۆیشتوون،

برادەرایەتیمان بەردەوام بوو سەرەڕای دووری و زەحمەتییەکان ، نووسین و بلاّوکردنەوەمان بەردەوام بووە و سەرباری خەم و کەبت و فیراق،

هەتاو مەسەلەی سەرەکی دەفتەرەکانە ، ئایا بەراست ئەوەی نێوانتان عەشق نەبوو؟!

رەنگە وەلاچمی ئەم پرسیارە پێویستی بە قسە و روونکردنەوەی زۆر لایەن هەبێت ،

تۆ لە تەنگانەدا ، لە ماوەیەکی گرژ و رەوشێکی سیاسی کە تۆی بەند کردبوو و نەتئەتوانی لێی دەرچی خۆشت ویست، ئەگەر هاتبا و باشتر بتناسیبا و شارەزای خودی ئەو بایت رەنگە تەنانەت موسارەحەشت نەکردبا، من پێم وایە مەسەلەکە زیاتر ئیعجابێك بووە بە کچێك کە هزری ئەدەبی هەبووە و نووسینی کردووە،

من نازانم ئایا ئەو باوەڕ ی بەو شتانە هەبووە کە نووسیویەتی؟ چونکە وەك من لە نووسین ئەگەم ، نووسین هزر بەرە و پێشەوە ئەبات و جوانتری ئەکات، ؟ ئایا ئەوەی ئەو بەرەو کوێی برد؟

رەنگە کچ، هەر کچێك کە چیرۆکێکیّ خۆشەویستی ئەکا لەتەمەنی هەرزەییدا ، و پێش ئەوەی لە لایەنی هزرییەوە گەیشتبێت ، رەنگە لەم ماوەیەدا کچان ئینکاری خۆشەویستییان بۆ هەر کەسێك بکەن، هەتا ئەگەر تا رادەی پەرستنیش خۆشیان بوێن، و کەسەکەش چەندی جوان و رۆشنبیر و هتد.بێت،

هەورەها دووریش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەیوەندییەکە ، راستە خۆشەویستی نامرێت ، بەلاّم لە لای مرۆڤی پێنەگەیشتوو دوور نیە خۆشەویستییەکە هەندە لاواز بێت تا نەمێنێت،

ئەو کەسایەتییەکەی بە هێز نەبوو،،،

ئێستا من لای دایکم دانیشتووم و گلەییم لێئەکات کە قسانی لەگەل ناکەم و بە نووسینەوە مەشغوڵم ، ئەویش هەقییەتی ، هەستیش ئەکەم منیش دەستم بەوەکردووە کە حەزم لە تەنیایی بێت،

قبولٚ ناکەم تۆ خۆت بە خەشیم وەسف بکەیت، پەیوەندی ئێمە داوای ئەوە ئەکات کە سۆزت بدەمێ ، چونکە سۆز سەرچاوەی هەموو پەیوەندییەکی سەرکەوتووە جا لە هاوژینیدا بێت یان برادەرایەتی یان کارکردن ، سەرچاوەی پەیوەندییە سەرکەوتووەکان ناخە راشکاوەکانن ،

بۆ مەسەلەی سوود لە من کردن بۆ ئەوەیان پێویستە بڵێچم کەس سوود لە من نابینێت چونکە منیش ئەوا موعەقەد بوویمە و ئەگەر وابڕوات ناتوانم شوو بکەم،! و کەسیش سوودم لێ نابینێ، زەحمەتە لە ناو ئەو قوڕاوەدا بناغەی خێزان و ماڵ و منداڵ دامەزرێنم ، مەحاڵە،!

ئەگەر منیش بێ قوڵبوونەوەو دیراسەکردنی ئەوکەسە بکەم کە دێتە خوازبێنیم لە لایەنی هزر و را و ئازادی و دەروونییەوە نەیناسم ، ئەوە ئەکاتی شکستی من لە ژیان و تەنازول کردنم لەو شتانەی لە کتێبەکانەوە فێریان بووم ،

من بڕیارێکم داوە موجازەفە بە ژیانی خۆم ناکەم ،

من و تۆ باش یەکدی ئەناسین بەڵام هەندێجاریش هەندێ شەپۆڵ لەدەرەوەی ئیرادەی من دێن و تورەم ئەکەن و وائەکەن شتێ سەبارەت بە پەیوەندی خۆمانەوە بڵێم و کە شایانی ئەوە نەبێت ، پەیوەندی ئێمە زۆر پاك و بێگەردە، من ئەمویێ زیاتر لە ژیانت قوڵ ببیەوە، لە بیرو بۆچوونەکانت، هەروەها لە خۆشەویستیمدا گێل و نەزان نیت،!

گێلاتی لە خۆشەویستیدا نیە، جاری تۆ نەفسیەن ئامادە نیت خۆشت بویێم وەك ژن ، یان وەك حەبیبە، و من گلەیی ئەوەشت لێناکەم،هەرگیز، چونکەخۆشەویستی بە زۆر نایەت ،

رەنگە کەسان هەبن حەز بن ئیمتلاکی من یان تۆ بکەن، بەڵام ئایا ئیچمەش ئەمانەویێ ئیمتلاکی ئەوان بکەین؟ بیر لەو رۆژانە ئەکەینەوە لەگەل ئەوان کا خۆش ئەبن یان نە؟

من ئەڵم تەمەننا ئەکەم منت خۆشبویێ ، بەڵام خۆشەویستی بەزەییی نا، یان وەك خوشکێك ، یان وەك دایکێك تەماشام کەیت، لەگەل رێزم بۆ دایکت ، چونکە دایکە منیشە،

بەڵام ئەگەر تۆش سەیری دەفتەرەکانمان بکەیت ، تێبینی ئەکەیت کە من لە پەراوێزم و لە زۆر شت ئاگەدار نەبووم، بەشێوەیەکی عەقڵانیانە تەماشای دەفتەرەکانم کردن و دوور لە سۆزەکان گەیشتمە هەندێ سەرنج،

1. سەرباری قووڵبوونەوە و پێناسەکردن باسکردنی دەیان بابەت وەك برادەرایەتی و کار و زایەند و ئەدەب و شعر و ژیان ،، هتد، هەست ئەکەم من لە دۆڵێك بووم وتۆش لە دۆڵێکی دیکە؟! ژونکە من تەنیا بە چاوی خۆشەویستی تەماشام ئەکردی.!
2. تۆ منت خۆشویست ،خۆشت ئەویێم ، خۆشەویستییەك بێ هیچ ئامانجێك ، خۆشەویستییەکی عەفەوی، ئەمەشیان پیرۆزترین خۆشەویستییە، تۆ لە شوێنیکیشدا ئەڵێی پەیوەندی ئێمە زۆر سەرکەوتووترە لە پەیوەندی ئەو خۆشەویستانەی بە هەڵە خۆشەویستی ئەکەن)

ئەگەر ئێستا تەماشای دیتنی من بکەیت بۆ خۆشەویستی ، ئەوا دیتنێکی جیاواز ئەبینی، ئەوەی منیش خۆشەویستییە، بەڵام بە قوڵی ، بە فەلسەفە، ، من نامەوێ لەبەر کەسایەتیم یان بەژن و باڵام یان چونکە وێنەی دایك لەمن ئەبینییەوە خۆشت بویێم، ئەزانم تۆ وێنەی لە منت خۆشئەوێ بەڵگەشم ئەو هۆگریەتە بۆ سینگی من و دەستلێدانی، چونکە ئەزانم بێبەش بوویت دوای ئەوەی کە لە جەویچکی زۆر میهرەبان و سزاویدا بوویت و دوایش دوورکەوتنەوە لە دایك و خوشکەکان و

تووشی نامۆبوون و غوربەتیان کردی، ئێستا ش ئەتەوێ من ئەوسۆز و میهرەبانییەت بدەمێ ، بەڵگەی ئاشکراش ، ئەوناوە زۆرانەی (دایکم ، خوشکم ) ن، کە لەوشەکانی ( خۆشەویستم و برادەرم ) زیاترن،! ئەمە مانای وایە پێویستە زیاتر بیر بکەمەوە نامەوێ لەو پەیوەندییە بریندار بم،
ئێمە مومارەسەی پەیوەندییەك ئەکەین هەر یەکەمان بە شێوازی تایبەتی خۆی تێیئەگات،
من ئەمەوێ ئەگەر رۆژێ خۆشت ویستم، منت بۆ خودی من خۆشبوێ ،منی مێیە ، مەشاعر و سۆزەکانم نەوەك بۆ شتی دی،
ئێستا پەیوەندی ئێمە لە لای منەوە برادەریەتییەکێ ئاوێتە بە خۆشەویستییە،تۆش شایانی ئەو خۆشەویستی و میهرەبانییەی ، بەردەوامیش ئەتدەمێ، بەڵام ئایا بیرت لەو قوربیدانە کردۆتەوە کە پێویستە لە دواییدا لە بۆ یەکتری بدەین؟ رەنگە تۆ بتوانی من بکەیتە قوربانی کچێکی دیکە، ، بەڵام من ناتوانم رەنگە دوای دە ساڵی دیکەش ناتوانم،
لە سەراحەتم تورە مەبە ، چونکە سەڕاحەت دروشمی هەردوولامانە هەر لە سەرەتاوە،
گەشبین بە، سەرابی نەخۆشییەکانیش ژیان جوانە،! گرنگ ئەوەیە ئێمە بە خودی خۆمانەوە خۆشحاڵین ،
دڵۆپە خوناوێك لەسەر پەڕی گوڵێك هیوای بەیانێکی پڕشنگم ئەداتێ ،
بیر لە هەتاو مەکەوە، باوەڕ بکە خۆشەویستیت بۆ ئەو لە برادەرایەتییەك زیاتر نەبوو ، ئەگەر گەشەی کردبا و زیاتر یەکدیتان دیتبا خۆت ئەم راستییەت ئەزانی، لە لای تۆوەببوە خۆشەویستی , لای ئەویش شنەبای عەشقێکی بەهاری بوو و بای گەنجییێتی و هەرزەیی هێنابووی،
ئێستاش رێز و ماچەکانم بۆ تۆ
هیوادارم نەستەلە و وێنەکانت بە دەست گەیشتبن،

تریفە
1998/3/30

* * * * *

ئێوارە باش و سلاوێکی وەنەوشەیی
ئێستا سعات 9 و 20 دەقەیە و باران بە خوڕ ئەبارێ ، , بیر لە دەفتەرەکان ئەکەمەوە، بەراستی شایانی ئەوەن بکرێنە رۆمانێك؟! بۆ نایکەیتێ .؟
بۆیە زیاترم نووسی چونکە کەس نەبوو دەفتەرەکەی پێ بنێرم،
ئێستا ئەمەوێ بە کەسایەتی خۆمدا بچمەوە، ئەمەوێ هەندێ گۆڕانکاری بکەم، ئیندیفاعی خۆم کەم بکەمەوە ، پێش وشەکان بدرکێنم زیاتر هەڵیانسەنگێنم.؟ ئەمەوێ قولایی خۆم بژیم لەگەل ئەم واقیعەدا ، هەوڵ ئەدەم زیاتر خۆم بناسم چونکە من سوورم لەسەر گۆڕانی ناوەڕۆکم بەرەو باشتر، و هیوادرام سەرکەوتوو بم،
ئەو ئەزموونەی لەسەر ئەو دەفتەرانە ئیکەم بناغەی سەرکەوتنی کەسایەتی منن لە داهاتوودائەم دەفتەرانە وەك کێلگەیەك وان هزرەکانمی تێدا ئەچێنم، و زیاتریش هەرسیان ئەکەم و ئەزموونیان ئەکەم،

شەنگە ، ئەو هەستەم لە لا پەیدا بووە کە من کەمتەرخەمم لەوەی وێنەی دایکت بدەمێ، بۆچی زۆر جار پێم ئەڵێی دایکم؟ ئایا ئەسمەرییەکەم پەیوەندی بە ڕەنگی دایکی ڕەحمەتیتەوە هەیە؟ ئەمەوێ ناوەڕۆکی ئەو سۆزدارییەم خۆم لە لای تۆوە بزانم کا چەند لە میهرەبانی دایکت ئەچێت؟؟ , و ئایا لەگەل هەتاویش هەستت ئەکرد کە ئەویش لە شەوق و خۆشەویستی دایکت ئەچێ؟

واتە لە من و هەتاودا شتێك هەیە لە میهرەبانی دایکت ئەچێ، و هەتاو بەدیلی دایکت بوو ، منیش قەرەبووی ئەوم لە غوربەتتدا، ئایا لە مەبەستم گەیشتی؟

لە دەفتەرەکاندا سوود ئەبینم بۆ نووسینی بابەتێك لەسەر تێگەیشتن لە خود .ز یان تیچگەیشتنمام لە پەیوەندییەکان،

کە بۆت نووسیم زۆرم بۆ بنووسە،

ئەمڕۆ دوای تێپەرینی 12 ڕۆژ بەسەر ڕۆژی لە دایکبوونم بە ماچێك سزات ئەدەم،! ئەزانم ئەڵێی کارم هەبوو و سەفەرم کرد ، و دوایی هاتمەوە سەرکار و بیرم نەماو ،هتد،

بەلآم تۆ بوراویت و لێتناگرم ، چونکە من ئەزانم لای تۆ چیم،

بێجگە لە تۆ برادەرانیشم بیریان چووبوو بۆیە ئەمڕۆ بیریان هاتەوە و بۆماوەی پێنج دەقە ئاهەنگمان کرد، لەبەر باران کردمان ، ماچ و دیاری و داوای لێبوردنمان لەگەل یەك گۆڕییەوە،

لە ماڵیشەوە براکەم ئەیگووت بەیانی ئەبێتە عوتلەی ڕەسمی، چونکە ڕۆژی لە دایکبوونی سەید بەکرە؟!

لە ماڵەوە پێم ئەڵێن سەید بەکر ، چونکە بەردەوام ئەنووسم، سەید بەکر کابرایەك بوو ، بەردەوام نووشتە ی بۆ خەڵکی ئەنووسین، تا لە چاو و زار بیانپارێزێ ،

تا دیدار

تریفە

1998/4/1 ڕۆژی درۆی جیهانی

* * * * *

2و 18 دەقە 1998/4/1

کاتێکی وەنەوشەیی ، جوانکیلە

تازە دەفتەرەکەم خوێندەوە، زۆر پێی خۆشحاڵ بووم، لەبەر هۆیەکی ساکار ئەویش ئەوەیە تۆ ناخ و بیری منت نووسیوەتەوە، ئەوە یەکەم جارە هەست ئەکەم ئێستا لەگەل یەك ڕێ ئەکەین، واتە بەیەك ئاستی هزری، تۆ تەعبیر لە من ئەکەیت،لەسەر هەموو ئەو شتانە رازیم کە نووسیوتن ، سەبارەت بە هەستت بەرامبەرم ، بە تەفسیرات و راڤەکانت،

بۆ مەسەلەی هەتاو ، لەبیرکردن، ئەوەیان ناتوانم ، بەلآم مانای وانیە کە لەگەلی ناگۆڕێم، ئێستا ئەو هەر چییەك بکات ، پەیوەندی خۆشەوسیتی ئێمە بە کۆتا گەیشت، ناشتوانم پەیوەندییەکی دیکەی لەگەل ببەستم لەسەر بناغەی خۆشەویستی، ڕەنگە بتوانم هاوکاری بکەم و یارمەتی بدەم ، بەلآم من لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو مەسئول نیم، شوو بکا ، خۆشەویستی بکات، سەفەر بکات ، نەیکات، ئەو خاوەن بڕیاری خۆیەتی و کار لە ژیانی من ناکات،

ئەو ئازادە، خۆشیشی نەویستووم ، بۆیە بۆچی زیاتر زەغت لە خۆم و ئەو بکەم؟

من لەم ئەزموونەدا بە کۆمەڵێ وانەی گرنگەوە دەرچووم ، ئەو ڕۆژانە زۆر گۆڕاوم، دەستم کردووە بە بیرکردنەوە لەهەندێ شت کە باوەڕم نەئەکرد لە مێشك و هزرمدا شوێنێك بۆ خۆیان ببیننەوە ، بەڵام من ئێستاهەست بە ئازادییەکی ڕەها ئەکەم بەرامبەر بە هەتاو ، و ئەتوانمبڕیارەکان بە ئاسانی بدەم، بەهۆی وشیاری و هزر ڕوونیم بێ دوودڵی و دڵەراوکێ و پەشیمانی،

هــەتاو ،بــووە یــادەوەری و ئــەزموون و زەمــەن و خــەون و خوێندنگەیــەك و، بــە شکــستخواردن و سەرکەوتنەوە ، بە قەهر و خۆشییەوە بە پێکەنین و گریانەوە ، بە قەناعەت و ڕازیبوونەوە لێی دەرچووم، من خەشیم نیم ، خۆزگە ئەخوازم وابم؟!

ئەزیزەکەم، ڕاڤەکەری دەروونەکان،

ڕاست ئەکەی کە سۆزەکان سەرچاوەی سەرکەوتنی پەیوەندییەکانن و منیش نامەوێ حەرفێکیش لەسەر سۆزی تۆ بنووسم ، چونکە هەرچەند بنووسم و باسی بکەم ناتوانم مافی سۆزەکانت بدەم،

بەڵام چۆن کەس سوودت لێنابینێ ؟ و ئەوەندەش موعەقەدی تا شوو نەکەیت؟!

ئەزیزەکەم ، بەسەڕاحەت ، و هەموو سەڕاحەتیشەوە ، بیرم لە هێنانی تۆ کردۆتەوە،لە گەل خۆم و ،لەگەل برادەرانیش باسم کردووە،!

بۆیە ئەڵێم ڕۆژێ کەسێ ئەبینی وەك من لە بیرکردنەوەدا و خۆشت ئەوێت و لەگەڵیدا قووڵ ئەبیەوە، ، بەڵام ئەو کەسە کێیە.؟

وابزانم ئەو کەسە ( هۆشەنگە ) بەڵێ ، ئا ، ئا ، منم.!

من زیاتر بیر لە خۆم و ژیان و بیرو باوەڕم ئەکەمەوە ، بیر لە خۆشەویستی و عەشقی تۆ،

وەك گووتم بیر لە هێنانت ئەکەمەوە، بەراستمە و پێویستیم بە تۆ و وەخت هەیە تا بڕیار بدەم ، یان بڕیار بدەین،

تۆ خاوەنی عەشق و خۆشەویستی ، تۆ تەواو ئامادەیت ، بەڵام من پۆیستیم بە تۆ و وەخت هەیە، بەڵێ ئەتوانم خۆشم بوێی و بتهێنم،!

سەبارەت بە مەسەلەی دایك ، فرۆید بیردۆزەیەکی هەیە ئەڵێ خۆشەویستی لە ئەساسدا بۆ دایکە،کەسەکەی دیش واتە کەسی خۆشەویست بەدیلی دایکە، ڕەنگە تۆ بەدیلی دایکم بیت بەڵام بەدیلی هەتاو نیت،

پێموایە کەس ناتوانێ بەدیلی کەس بێت، هەر چۆنێك بێت و کێ بێت ، هەر کەسێك خۆشەویستی وکاریگەری خۆی هەیە،

دایکم دایکمە ، هەتاو هەتاوە ،و تۆش هەروا بێ بەدیلی، هەموومرۆڤەکان بێ بەدیلن،

ئەزیزەکەم، من ئاسوودەم بە گۆڕانەکانت ، پێموایە نەگۆڕاوی بەڵکو بیرکردنەوەکانت گەورەتر و قوڵتر بوونە، تەنیا ئەوەندە ئەڵێم بەردەوام بە، ئاسۆیەکی نوێ و جوان و فراوان لەبەردەمی خۆت و من ئەکەیتەوە ، من دڵنیام لەو شتە،

تریفەکەم بۆ سزای جەژنی لە دایکبوونت ، حەز ئەکەم زۆر گەورە بێت ،!!

* * * * *

**بۆ غیلافی دواوە**

**من ئەزانم شاعیرمان هەیە بە شێوەیەکی زۆر مرۆڤانە باس لە عەشق ئەکات،تەنانەت رەنگە شاعیر هەیە مرۆڤی گەیاندۆتە رادەی خودا لە گەورەیی و بەخشینی بەها پێی، بەو مانایە نا کە عەشقەکە بە غەیبانی بارگاوی بکات ، یان مرۆڤ بکاتە رەمزی خودا، بەڵکو وەك مرۆڤێکی گەورە و بەدەسەڵات و بە توانا و پڕ لە وزەی عەشق و ژیان، شاعیرمان هەیە بەو جۆرە ئەگەر کەمیش بێت،بەڵێ کەمن ، بەڵام هەن عەشق بۆ مرۆڤ ئەگەڕێننەوە،یەعنی لە خودادا مرۆڤ ئەبینێتەوە،**

**ئەشزانم زۆر نووسەری دی زۆر جار کچی بێ دەسەڵاتی کوردییان کردۆتە خواوەند و لە جیاتی ئەوەی عەشقەکەیان بە گەورەیی و پڕ بەهای مرۆڤایەتییانە نیشان بدەن، نووسینەکانییان پڕبوون لە غەیبانییەت و هەتا خورافاتیش، بێ ئەوەی چ بۆ عاشقی مرۆڤ بهێڵنەوە عەشقیان کردۆتە پارچەیەك لە غەیب و عاشقیش هەمیشە چاوی لە ئاسمان بێت و کەس نەبینێت تەنانەت مەعشوقەش لە نێو وەسفەکانی خواوەند و رەمزەکانیدا بزر ئەبێت،یەعنی لە مرۆڤیشدا خودا ئەبیننەوە،**